
# گزینگ

١

گۆڤارێکی وەرزانەی ئەدەبی - فەرهەنگی یە

پاییزی ـ ١٩٩٣



، ماموستا هێمن ،

## ڕێبوارنە

تۆ بەڵێنێکیم پێ بدە تا من بەردەوام ژوان ببمەوە
بمدەیە ماچێکی تەڕ لەو لێوە با جوان ببمەوە

دەستی لەرزۆکم هەتا تێیدایە هێزی بەی کۆششێ
لێم گەڕێ تاوێ لە باخی سینە میوان ببمەوە

شەتەکەبێژی بسردوە فرمێسکی بۆ شوانی ئیتر
ڕەتەکە هێشتا لەو جیا و زۆرانە بۆ شوان ببمەوە

من گوڵی سەر گۆڕی ئاواتی لەمێژینەم بەلام
ڕێبوارنەبێنێکم لێ بدا پێم وایە بۆ ژوان ببمەوە

شێخی سەنعان بۆ کچی کافر لە ئیسلام وەرگەڕا
من حەزیکم بۆ کچە شێخێ پەژیوان ببمەوە.

ISSN 1104-3473

# گزینگ ژمارە ١

پاییزی ـ ١٩٩٣


بەرکار و بەرپرسی نووسین :

س .ج . هێرش

ناو و نیشان : Gzing
Box. 327
82427 Hudiksvall

بەرپرسی ماڵی و فرۆش :

Kitab Arzan
B.Jarls g 9b
55463 Jönköping
Tel:036 - 148031
Fax/tel:036 -110999
پۆستگیرۆ: Postgiro:587353 - 4


* گزینگ خـۆی بە نوێنەری فکری هیچ نووسـەرێک نازانێ و ئەرکی بەرپرسیـتی هیچ نووسراوەیێک وەئەستـۆ ناگـرێ . دیارە هەر نووسـراوەیێک نێـوی لە سـەر نەبێ ، ئۆباڵی وەملی گزینگە .

* گزینگ بە گوێرەی پێویست بۆی هەیە نووسراوەکان کـورت یان لەباری رێزمـان و رێنووسـەوە ڕاست وڕیسـیـان کـاتەوە ، دیارە هەق بە خـۆی نادا کـاکڵ و نێـوەرۆکی بەرهەمەکان ، قەڵەم ئاژن کا.

* گزینگ ئەو شێوەڕێنووسە ڕەچاو دەکا کە لە زۆربەی کتێب و گۆڤارە سۆرانییەکاندا باوە وپەسند کراوە .

* ئەگەربەرهەمەکەتان ، وەرگێڕدراو و تێهەڵنووس کراون ، تکایە دەقی ماکەکەش لە تەک نووسراوەکاندا بنێرن .

* داوا دەکەین نووسراوەکان بە خەتی خۆش و شاش و هێڵی مەودادارین .

گۆڤارێکی وەرزانەی فەرهەنگی ئەدەبی یە

## نێوەرۆک


| | | | |
|---|---|---|---|
| سەروتار | | | |
| | ڕێبازی گزینگ | هێرش | ٤ |
| | ڕێزگرتن لە ناخەوە | پێتر لودرسۆن | ٥ |
| وتووێژ | | | |
| | زمانەوانی و ئەدەب | دکتۆر حەسەنپوور | ٦ |
| بیرەوەری | | | |
| | گەشتێک بە کۆماری مەهاباد دا | عەقید حەوێزی | ١٧ |
| دیدار | | | |
| | پیاوکوژەکانیش مافی... | دکتۆر عێزەدین | ٢٤ |
| مێژوو | | | |
| | کارەساتی کوژرانی جەعفەراغا | ئەحمەد کەسرەوی | ٢٦ |
| زمانناسی | | | |
| | هیندوئوروپییەکان کێ بوون | | ٢٨ |
| کولتور | | | |
| | زنجیرە باسێکی کولتوری | ئەنداز حەوێزی | ٣٠ |
| ئەدەب | | | |
| | گفتوگۆ | ئۆکتاڤیۆ پاز | ٣٤ |
| شێعر | | | |
| | شێعر | پاز ، شاملو ، فروغ ، | ٤٠ |
| چیرۆک | | | |
| | دەروێش داود | کوردان | ٤٤ |
| | قەرقەش | سیامەند | ٤٩ |
| سوێدی | | | |
| | زێنەب و گوڵنار | | ٥١ |
| خۆماڵی | | | |
| | حەمەد | مامەند | ٥٣ |
| کتێب | سێڵاو هەستاوە | ر ـ ئازاد | ٥٣ |
| | کتێب بە سەر کردنەوە | هێرش | |



وێنەی ڕوو بەرگ + لەوحەکان

هونەرمەند: سەتار


چاپی سوێد: نەڤامبری ١٩٩٣

سەر وتار

# ڕێبازی «گزینگ»



هەر گۆڤارێک کە بۆ جاری یەکەم بڵاودەبێتەوە، خوێنەرەوە پێی خۆشە بزانێ کە ئەوگۆڤارە لە لایەن چ کەسێکەوە بەڕێوە دەچێ ، مەبەست و هەڵوێست و ڕێبازی چیە و بۆچی دەردەچێ . هەقیش وایە بزانێ . جا خوێنەرەوەی بەڕێز ئەگەر پەلەم لێ نەکەی و ددانی « لاییە بابە!» م لێ دەچیـــڕەوە نەبەی و چاوی » بەکـــارنایە»م لێ خـێس نەکەیەوە ، موکریانی گوتەنی بۆت دەکەمە دوو پێشتمەنی . بەڵام بەر لەوەی بمهەوێ بە خۆ شیرن کردن و قسەی قەڵەمی ، دڵت نەرم کەم و بتکەمە موشتەری بازاڕی وشەفرۆشی خۆم ، پێم خۆشە ئەو ڕاستیەم لێ بزانی کـە نە دەمـەوێ بە نیـازی خـۆڕانان جەواڵی خۆخـوازی بناخنمەوە و نە بە نامانجی قازانج ، خۆرجێنی گوڵینگداری فێڵ و تەڵەکەبازی . هەر چەند بە ناشوکریش نەبێ لە کۆمەڵگای ئێمە دا کەس بۆی نەلواوە بەو کـارانە بەرەی خۆی لە ئاوێ دەربێنێـتەوە ، کە هیچ ! لە وانەشە پیتەی لاپرەسەنی ڕۆژگار، بە محانج بمان خیچێنێ و جگە لە تانە و توانج ، چیـمان بۆ نەهێڵـێتـەوە . هاتوو بە خـاتری سمێڵان ئەوەشت لێ سـەلماندم ، ئەدی ئالێی گۆڤارێکی فەرهەنگی ئەدەبی کـە بتـوانێ ڕەنگدەرەوەی نیـاز و خـوازی کـۆمـەڵی ئەوڕۆی کـوردەواری بێ بە تایبـەت لە دەرەوەی وڵات ، چۆن لە لایەن تاکـە کەسێکەوە بەڕێوەدەچێ ؟

ئەگـەر ڕاسـتت دەوێ منیش لەگـەڵتم ، منیش پێم خـۆش بوو لە تەک چەند کـەسی خاوەن زەوقی هونەرنەواز و ئەهلی قـەڵـەمی ئەدەب خـواز ، هاودڵ و هاوڕاز ، لە دەوری یەک کـۆبـباینەوە . بەڵام داخی گرانم ئەو کـارە سەری نەگرت ، هەرچەند بەش بەحاڵی خۆم زۆرم حەول دا و گوێچکەی تەلەفونی گەلێک کەسانم وەئامان هێنا . لە سەر ئەو حـاڵەش ڕا، هەقی گلەییم لە هیـچکەس نیـە و بگرە لە ناخی دڵیش مەمنوون و ملکەجی ئەو کەسانەم کە بە هەڵوێستی دڵسۆزانە هانیان دام و دڵسـاردیان نەکـردمـەوە . بەهەرحـاڵ سـەرەڕای زۆر چەنگ و چەڵـەمـە ، دڵەخـورپە و ڕاڕایی ، گـا دڵسـارد بوونەوە و گـا تێهەڵچوونەوە ، ئاخر سەر خۆری ئاواتی لەمێژینەم لە شەوەزەنگی غـەریبی دا ، هەڵات و بوو بەو « گـزینگ » ەی کە ئێـسـتـا بە چاوی خەواڵوو ڕۆژباشتان لێ دەکات .

خـوێنەرەوەی خۆشـەویست ، جـا ئەگـەر زۆر قـوڵی دانەگـرین ، مەبەستی سەرەکی لە دەرچوون و بڵاوکردنەوەی ئەو گۆڤارە، وەڕێخستن و وەگـەڕهێنانی ڕەوڕەوەی ئامـاڵ خـەباتێکی فـەرهەنگی و ئەدەبی و ڕوشنگەری یە کە بە هەوڵ و تێکۆشانی نووسەران و قەڵەم بەدەستانی کورد ، بتوانێ لایەنە نادیار و شاراوەکانی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ڕوون بێتـەوە و جـۆرە هاوسـانیـەکی لۆژیکی لەتەک ڕەوتی شـۆڕشـە کۆمەڵایەتییەکان بەدی بێت . خوێنەرەوەی کورد لێم بسەلمێنێ کە بە بارتەقای ئەو هەمـوو خەبات و ڕاپەڕینانەی کە گەلی کورد، بە تایبەت ئەو بەشەی کە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئێران ، بۆ پاراستن و مانەوەی فـیـزیکی خـۆی کـردویەتی ، خـەباتی قـەڵـەمی و چالاکی فـەرهەنگی و ڕۆشنگەری نەکراوە . ئەوەی تا ئەو ساڵانەش کرابێ لە مێژوو و ئەدەب و لیکۆڵینەوەڕا بگرە، تا دەگاتە تەنانەت بەیت و فۆلکلۆری خۆماڵیش هەر بێگانە بۆیان کردووین، جا چ بە نیازی ئینسان ئەوازی بێت یان بە لانی بەرژەوەند خوازی .

بە درێژایی مـێـژوو ، ئەتەوە مـیـوانەکـانی لە هەندەران هاتووی حازرخۆری بەر سێبەر، هەمیشە کەڵکیان لێ وەرگرتووین و پاشان لە کەلکیان خستووین . ڕەنگە بەشێکی کەم لە خەڵکی کورد، گەیشتبنە ئەو قەناعەتە ، کە ئەو مـەیزەرە زل و مـەندیلە قەف دەرقـەفـەی کە بە نێـوی دین و مـەزهـەب ، لە مـاوەی چەندین سـەدە بە تۆقی سـەریانەوە ڕۆنابووین ؛ بە ئەدەب دابینێن و لەسـەری ئەنێنەوە. بەڵام بە داخـەوە هێشتا ئەو کڵاوە ڕەنگاوڕەنگەی کە دەسەڵاتدارە بەرژەوەندخوازەکانی ناوچەیی و جیهانی ، بە نێوی جۆرەها قەست ومەبەستی ڕێکەشێوێن و گـەل هەڵخەڵەتێن ، لەسەریان ناوین و لە سـەرمـان دەنێن ، حـازرنین توڕی هەڵدەین . هەرگـیـز بیـرمـان لە سـەرکـڵاوە خـورپە مـەرەزە خۆماڵییەکەی خۆمان نەکردەوە؛ دەمێ بە پەپاخی سوور گۆڕیمانەوە و دەمێ بە شەپکەی ڕەش و دەمێکیش بە شاپۆی سپی. بە پێچەوانەی

ئەو پەندە خۆماڵییەی کە دەڵێ:«کڵاوی خۆم هەڵداوێم و نایگرمەوە» ؛ دەمێکە وەختی ئەوە هاتوە کە کڵاوەکەی خۆمان هەڵگرینەوە...

هەر وەک ئاشکرایە ئەو گـۆڤـارە خـاوەن ڕێبـازێکی گـشـتی سەربەخۆیە ، هەر چەشنە بیر و بۆچوون و نووسراوەیێک وەخۆ دەگرێ کە لە مافی مرۆڤ بە تێکڕایی و لە بەرژەوەندی گەلی کورد بە تایبەتی داکۆکی بکات. بەڵام خۆ لە باسی زۆر زەقی سیاسی و وتاری چاو بە مـۆلەق وەسـتـاوی یەکـلاخـوازی دەبوێرێ . لە گـەڵ ئەوەیشـدا بەربەرەکانی و دمەلاسکەی هیچ حیزب ورێکخراوەیەکی سیاسی ناکا کـە بۆمـافی ڕەوای گـەلی کـورد لە گـۆڕەپانی خـەباتدا تێـدەکـۆشێ . بەکـورتی گـۆڤـاری گـزینـگ دەبێ سـەنگەری پێکانی بیـروبۆچوونی ئینسان ئەوازانە بێ و سەکۆی وەرگرتنی ئەزموونی پێشکەوتنخوازانە . لەبەرئەوە بە شـەرمـەزاری یەوە دەڵێین کـە بیـر و باوەڕی تێکەڵاو بە ڕقەبەری و پشووسواری ، جەختیگەری و زارخواری لەوگۆڤارەدا جێی نابێتەوەو بڵاوناکرێتەوە .

لێـرەدا نابێ ئەوەیش لەبیـر بکەین کـە بەردەوام بوونی چالاکی ئەوگـۆڤـارە لە پلەی یەکـەمـدا ، بەسـتـراوەتەوە بە هاودڵـی وهاری و هاوکـاری تەواوی ئەوکـەسـانەی کـە دڵیـان بۆ خـاک و نەتەوەکـەیان لێدەدا. بۆیە لە هەمـوو نووسـەران و شـاعـیـران ، قـەڵەم بەدەسـتـان و هونەرمـەندان ، لایەنگران و دۆسـتـدارانی کولتـور و ئەدەبی کوردەواری دەخـوازین کـە بە ناردنی نووسـراوەی مـێـژوویی ـ کـۆمـەڵایەتی ، فەرهەنگی ـ زانیاری ، ئەدەبی ـ هونەری کە پەرەپێدەری فەرهەنگ و زمانی ستاندارد و هونەری خۆماڵی بێ ، ئەو گۆڤارە بە سەرکەنەوە و بە هانایەوە بێن .

ئەو ڕاستیەش نابێ فەرامۆش بکرێ کە هیچ گۆڤارێک لەسەرەتادا ، بێ کەم وکوڕی نابێ و گۆڤـاری گزینگیش لەو تایبەتمەندییە ئاوارتە ناکرێ . بۆیە بەو پەڕی خـۆشـحـاڵیـەوە ڕادەگـەیێندرێ کـە دەرگـای ئەم گـۆڤـارە بۆ هەر چەشنە پێـشنیـارێکی چاکـخوازانە ئاواڵەیە و دەستی ڕەزامەندی لەحاند هیچ جۆرە تێبینییێکی دڵسۆزانە ، ناگێڕێتەوە .

لە کـۆتاییـدا پێـویسـتـە چەند مـەرج و خـاڵی گـرینگ سـەبارەت بە نووسین و شێوەی ڕێنووس و هەروەها پێوەندی گرتن ، بۆ هاریکاران و خوێنەرەوانی خۆشەویست ڕوون بێتەوە :

* گزینگ خۆی بە نوێنەری فکری هیچ نووسەرێک نازانێ و ئەرکی بەرپرسـیـتـی هیچ نووسـراوەیێک وەئەسـتـۆ ناگـرێ . دیارە هەر نووسراوەیێک نێوی لە سەر نەبێ ، ئۆباڵی وەملی گزینگە .

* گزینگ بە گوێرەی پێویست بۆی هەیە نووسراوەکان کورت یان لەباری ڕێزمـان و ڕێنووسـەوە ڕاست وڕیسـیـان کـاتەوە ، دیارە هەق بە خۆی نادا کاکڵ و نێوەرۆکی بەرهەمەکان ، قەڵەم ئاژن کا .

* گـزینگ ئەو شـێـوەڕێنووسـە ڕەچاو دەکا کـە لە زۆربەی کـتـێب و گۆڤارە سۆرانییەکاندا باوە وپەسند کراوە .

* ئەگەربەرهەمـەکەتان ، وەرگێڕدراو و تێهەڵنووس کراون ، تکایە دەقی ماکەکەش لە تەک نووسراوەکاندا بنێرن .

* داوا دەکـەین نووسـراوەکـان بە خـەتی خـۆش و شـاش و هێـڵی مەوداداربن .

■



# « ڕێزگرتن لە ناخـــەوە » سیـاسـەتێکی دروست لە ئاست ئافـرەتێکی ڕەش

Peter Ludersson

وەرگێڕانەوە: ڕزگار ڕەسووڵ

● تونی مـۆریـسـۆن (Toni Morrison) وەرگری خەڵاتی ساڵانەی نۆبێل لە ئەدەب دا، لە یەکەم چاوپێکەوتنی ڕۆژنامـەگەری دا ووتی: شتێکی زۆر باشی ئەو خەڵاتە بۆ کەسایەتی وی ئەوەیە کە ژنێکی ئەفریقی ـ ئەمریکی ئەو خەڵاتەی وەرگرت. هەروەها ووتی کە ئەوەندە خۆشحاڵە لە پێستی خۆیدا ناگونجێت.

تۆنی مـۆریسـۆن یەکێکە لەو هەشت ئەمریکاییـەی کە خەڵاتی نۆبێلیـان وەرگرتوە و یەکەم ئافرەتی ڕەشە کە ئەو خەڵاتەی پێ ڕەوابینرابێت.

ـ ئەم بەیانیە زوو هاوکارەکەم لە زانکۆی پرینستۆن (Princeton) پێی ڕاگەیاندم کە خەڵاتی نۆبێل دەدرێ بە من، دیارە منیش هەستم کرد لە ناخەوە ڕێزم لێ گیراوە، ئەمەی لە وێژراوەیێک دەربڕی.

ـ بەڵام لە هەمووی سەیر و خۆشتر بۆ شەخسی خۆم ئەوەیە کە ئەو خەڵاتە ئاخر سەر بە ئەفریقی ـ ئەمریکاییـەک درا. ئەمن شوکری خوای دەکەم کەوا دایکم ئێسـتـە لە ژیان دایە و ئەمـەی بە چاوی خـۆی بینی ، ئەو لە ڕێگەی بڵاوکەرەوەکەی خۆی سڵاوی ڕاگەیاند.


● مقۆمقۆیێکی زۆر خۆناسایی هەبوو سەبارەت بە وە ئاخۆ ئەو کەسەی کە بۆ خەڵاتی نۆبێل لە ئەدەب دا، دەستنیشان دەکرێ، دەبێ کێ بێ. دەیانگوت لە وانەیە ئەدیبی ژاپۆنی (یابان) کەنزابورۆ ئۆێ (Kenzaburo Oë) ، یان ئەدیبی ئیرلەندی سیمـوس هێنی(Seamus Heaney) ، وەیان ئـەدیـبی لوبنانی ئەدۆنیس ؟

نەخێر، بوو بە ئامریکاییـەک تۆنی مۆریسۆن . هێندێک تێڕوانینی ڕاشکاو و یەکـلاکـەرەوە لە ئاست ئەو بڕیارە زۆر زەحـمـەتە بۆ باس و لێکۆڵینەوە. لە هەمـان کـاتدا، دەبێ ئەوە لەبەر چاوبگێـرێ کـە خـاترخـوازی منیش سنوورێکی هەیە. زۆر زەحـمـەتە خۆ دەربازکـردن لەو فکرە کـە ئاکـادێمی بۆ هەڵبـژاردن لە نێوان گەلێک کاندیدای سەلاحیەتداری لوتکەی ئەدەبی ، خۆی بە سیاسەتێکی زۆر دروست بەسـتـۆتەوە، واتە ژنێکی ڕەش کـە ڕۆمـانی زۆر بە نێـو بانگی مـەردمی دەنووسـێت . ڕەخنە لە ئاست بڕیاری ئاکـادێمی زۆر توندوتیـژ بوو لە پێـوەندی لەگـەڵ فـتـوای ئێـران بۆ کـوشـتنی سـەلمان ڕوشدی . فـەزای ئاڵۆزی لێژنەکە هەم وشیارییێکی زیادەلەحەدی پێش هێنا وهەم ئەختێک تێمان.

ئێستا وا دەردەکەوێ کە ئەندامانی ئاکادێمی بە باشترین وەسیلە ،لە پشت بڕیارەکـانیـان ڕاوەسـتـاون وەک لێـژنەیێک لە هەڵبـژێرانی خـەڵات وەرگـر، وە پێـشـانی بدەن تا چ ڕادەیێک تێگەیشـتـوون کـە بە ڕاشکاوی دژ بەو هێـزانە بێنەوە کە دەیانەوێت لە ئاست کەمایەتیە قەومییەکان دوژمنی پەرە پێ بدەن.

لە مەڕ ئەمانەوە دەبێ لە باری یەکەم دا، ئاکادێمی بێ سی و دوو تاوانبار بکرێت و لە باری دووهەم دا بۆ ئەو گـوژمـە تێکۆشانەیان. بەڵام ئەگـەرمـرۆڤ دەست بە لێدوان بکات لە بارەی چۆنێتی ئەدەبی یەوە و بێ توانایی تێـبـینی سیاسی گرینگ ئەوا زەحمەتە چاو ئەنوقێنی. ئایا تۆنی مۆریسۆن نووسەرێکە لە ڕیزی هەرە پێشەوەی نووسە ران ؟ «SUD»

■



# وتووێژێک سەبارەت بە زمانەوانی و ئەدەبی کوردەواری

## لە گەڵ دکتۆر ئەمیری حەسەنپوور

○ دکتور ئەمیری حەسەنپوور لە ساڵی ١٩٤٦ لە شاری مەهاباد لە دایک بوە و هەر لەوێ، مەدرەسەی سەرەتایی و ناوەندی خوێندووە، پاشان لە زانستگەی تاران زمان و ئەدەبییاتی ئینگلیسی و زمانناسی تەواوکردوە. دوای تەواوکردنی زانستگا، ماوەیەک لە مەهاباد مامۆستای دەبیرستان بوە و زۆر بە دڵسۆزی دەرسی گوتۆتەوە تائەوەی کە دەیگرن بە ئیجباری. چەند ساڵ دوای ئەوە بە نیازی خوێندنی باڵا، ئێران بە جێ دێڵێ ولە ساڵی ١٩٨٩ لە ئەمریکا دکتۆرای Communication وەردەگرێ. ماوەی چەندساڵان لە کانادا لە زانستگای ویندسور دەرسی گوتۆتەوە. ئێستە لە سوئێد بۆ لیکۆڵینەوەیێک وەک زانای میوان ( Gästforskare ) بۆ ماوەی نۆ مانگان دەمێنێتەوە. کاک ئەمیر، زۆربەی لێکۆڵینەوە و بڵاوکراوەکانی سەبارەت بە زمان و فۆلکلۆر و مێژووی کوردستانە. لە دائیرەتولمەعاریفی ئیرانیکا(*Encyclopaedia Iranica*) دا سەبارەت بە مێژوو و ئەدەبی کوردستان نووسراوی هەیە و چاپەمەنی تازەی کوردی لە گۆڤاری ساڵانەی *Abstracta Iranica* دا(کە لە پاریس دەردەچێ) دەناسێنێ. تا ئێستە دوو جار داوای لە یونێسکۆ (لقی کانادا) کردوە کە ساڵی ١٩٩٤ ـ سێسەدومین ساڵی دانانی مەم و زین ـ وەک ساڵی ئەحمەدی خانی دیاری بکرێ و ڕێزی لێ بگیرێ. « گزینگ »

● کاک ئەمیر، وێڕای بە خێرهاتنتان بۆ وڵاتی سوئێد و ڕێزلێنان بۆ بەشداریتان لەم وتووێژە، تکایە ئەگەر دەکرێ سەبارەت بە هاتنتان بۆ سوئێد و ئەوەی کە لێرە لە کاتی مانەوەتاندا، چ پلان و پرۆژەیەکی تایبەتیتان هەیە، کورتەیەکمان بۆباس بکەن.

ـ ئەمن لێرە پرۆژەیەکی لێکۆڵینەوەم بە دەستەوەیە سەبارەت بە ئێتنیک میدیا (Ethnic Media ) لە سوئێد و کانادا. مەبەست لە ئێتنیک میدیا ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی یە، وەک ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن، کتێب، گۆڤار، ڕۆژنامە ، فیلم و ویدیۆ کە زمانیان غەیرە سوئێدیە . جا لێکۆڵینەوەی من سەبارەت بەو ئامرازانەیە کە بە زمانی کوردی و فارسی و تورکی ئازەربایجانی بڵاودەبنەوە . ئەگەر بکرێ ، بەلوچی و تورکمانی و بەکورتی ئەو زمانانەی کە لە ئێراندا ئاخافتنیان پێدەکرێ، باس دەکەم. دەمەوێ بزانم لەو دوو وڵاتە چ جۆرە ئامرازێکی ڕاگەیاندن بەو زمانانە هەیە و سیاسەتی دەوڵەتی کانادا و سوئێد سەبارەت بە ئەو ئامرازانە چۆنە. ماوەی نۆ مانگ لێرە دەمێنمەوە و لە زانستگەی ئوپسالا خەریکی ئەو لێکۆڵینەوەیە دەبم .

بۆ ئەو لێکۆڵینەوەیە دەبێ لە گەڵ خەڵک وتو وێژ بکەم و هەروەها سەری کتێبفرۆشی و کتێبخانە و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بدەم و بزانم لەو ماوەی ١٠ـ ٢٠ ساڵی ڕابردوودا جۆری چالاکی

چۆن بووه . له پاڵ ئەو پرۆژەیەدا ، بۆخـۆم له کۆنەوه، سـەبارەت به بزووتنـەوەی جـووتیـارانی ناوچـەی مـوکـریان له سـاڵەکـانی ٥٢ ـ ١٩٥٣(٣١ ـ ١٣٣٢) خـەریکـی لێکۆڵینەوەم و هیـوام وایه به وتو وێژ دەگەڵ بەشـداربووان و ئاگادارانی ئەم بزووتنەوەیە، بتوانم ئەگەر دەرفـــەتم هـەبێ تـەواوی بکـەم . یەکـــدوو پرۆژەی تریشـم هـەیه سـەبارەت به ژیان و شێوەی چەوسـاندنەوەی جووتیـاران کـه لەمێژه پێیانەوه خـەریکم و دەرفەت نەبوه تەواویان بکەم .

● تکایه ئەودش بفەرموون چۆن بوو که ئەو بابەتەتان هەڵبژارد ؟

ـ ئامـرازی ڕاگـەیاندنی گـشـتی بەشـێکی گـرینگن له ژیانی سـیاسی و فکری مـوهاجیـر و پەنابەرانی سـیاسـی دا . له وڵاته ڕۆژئاواییەکاندا ئازادی سیاسی بۆ دامـەزراندنی ئەو ئامڕازانه به زمانی کوردی و گشت زمانی تر هەیه . هیـچکەس بۆ بڵاوکردنەوەی کتێب و گۆڤار و ڕۆژنامه پێویستی به ئیجازه وەرگرتن له دەوڵەت نیــه . بەڵام نەبوونی ئازادی ئابووری نـاهێـڵێ پەنابەر تامی ئەو ئازادیه سـیاسیه تەواو بچێژێ . مـەبەستم ئەوەیه بڵێم له وڵاتی

● ئەگەر ڕات له سـەر بێ، با باسەکەی بێنینه سەر زمانی کوردی ، یانی بزانین باری زمـانی کـوردی لەنێـو زمـانانی دنیـادا چۆنه ؟ دوایەش، دەچینه سـەر چۆنیـەتی بارودۆخی زمـانی کـوردی له ناوەوه و بەتایبەت له دەرەوەی وڵات. . .

ـ زۆرباشه، لەبەر ئەوەی که دیاریکردنی جیاوازی نێوان زمان و لەهجه زۆرهاسان نیه هەر کەسـه جورێکی لێکدەداتەوه که چەند زمـان لەدنیـادا هـەیه . بەگـوێرەی لێکـۆڵینەوەی زانـایەکی کـانادایی ٦٦٠٠زمان له دنیادا ئاخافتنیان پێدەکرێ . له نێو ئەوانەدا ئەگەر به پێی نفوسی زمانەکان ، چەندێتیان بەراورد بکەین و ئەوی هەره گـەورەیه و خـەڵکێکی زۆرتر قـســەی پێـدەکـەن له ســەرووی هەمـوویانەوه دانێین و پاشـان بەو چەشنه بێینه خـوارێ ، زمـانی کـوردی دەبێتــه ٤٠مین زمــانی دنیــایه. یانی لەباری ژمــارەی ئاخێوەرانییەوه، که لەو لێکۆڵینەوەیەدا ٢٠ ملیۆن بەراوردکراوه ، له زۆر زمـانی دنیـایه له پێشـتره . بۆ وێنه له زمـانی سـوئێدی و دانمارکی و هولەندی و به کورتی له حەمووی ئەو وردەزمـانانەی که

**❑ بەگوێرەی لێکۆڵینەوەی زانایەکی کانادایی ٦٦٠٠زمان له دنیادا ئاخافتنیان پێدەکرێ . له نێو ئەوانەدا ئەگەر به پێی نفوسی زمانەکان ، چەندێتیان بەراورد بکەین و ئەوی هەره گەورەیه و خەڵکێکی زۆرتر قسەی پێدەکەن له سەرووی هەموویانەوه دانێین و پاشان بەو چەشنه بێینه خوارێ ، زمانی کوردی دەبێته ٤٠مین زمانی دنیایه.**

ڕۆژئا ، بڵاوکردنەوەی چاپەمەنی، دامـەزراندنی تەلەڤیزیۆن و ڕادیۆ و دروسـتکردنی فـیلمی سـینەمـا ، لەسـەر بنچـینەی پێـوەندی دەسـمـایەداریدا بەڕێوەدەچێ و پێـویسـتی به دەسـمـایه هـەیه . ئەوئامڕازانه بۆ ئەوەی قازانج بکەن دەبێ خـەڵکێکی زۆر ببنه گوێگر و بینەر و خوێنەرەوەیان . بۆ وێنه ئەگەر ژومارەی کوردزمـان، یان بەلوچی زمـان کـەم بێ و توانای کـڕینی چاپەمـەنیـان نەبێ ، یان گوێگرانی ڕادیۆ ژومارەیان کەم بێ ، دیاره ئەو جۆره ئامـڕازانه بەو زمـانانه ژیانێکی خۆش یان تـەمەنێکی درێژیان نابێ . جـا لێرەدا سیاسـەتی دەوڵەت دەورێکی گرینگی هـەیه . له سوئێد که یارمـەتی دەوڵەت بۆ ئـەو ئامـڕازانـه زۆرتره ، دەبینین کـه چاپـەمـەنی کـوردی زۆرتر گـەشـاوەتەوه . بەڵام له کانادا یان ئـەمریکا که یارمـەتی نیه یان کـەمه، ئامـڕازه کوردیەکـان دەستکەوتێکی بەرچاویان نەبوه. دیاره زۆر فاکتۆری ترله جۆغراڤیـاڕا بگره تـا چەندێتی و چۆنێتی پەنابەرەکـان له هـەریەک لەو وڵاتانەدا دەورێکی تایبـەتی دەگـێڕن . بەڵام دەکرێ بڵـێین ئـەگـەر له وڵات دا ( تورکیـا، ئێران، عـێراق، ســـوریا ) دیکتــــاتۆری دەوڵەت زمــــانمان دەبڕێ ، لـه وڵاتـه ڕۆژئاوایەکاندا دیکتاتۆری بازاڕ کۆسپی هـەره گەورەیه .

له ئوروپادا هـەن له پێشتره، بەڵام له باری فەرهەنگی یەوه ، زمـانی کـوردی ناگـاتەوه ئەوزمـانه ئوروپاییـانەی کـه لەباری نفووسـەوه گچکەترن . دیاره ئەوەش هۆی سیاسـی و کۆمـەڵایەتی و ئابووری و مێژوویی هـەیه .

● کاک ئەمیر ببووره ئەوەی که دەڵێی دەسنیشـانکردنی جیاوازی له نێــوان زمــان و لەهجـه کـارێکی هاســان نیــه ، لەو دواییــانەدا نوسراوەیەکی نێوەم*دیت، لەســەر کـابرایەکی ئێـرانی به نێــوی « دکتۆرنادری ئینتیسـار » که کتێبێکی سەبارەت به ئیتنۆناسیۆنالیزمی کورد ( *Kurdish Ethnonationalism* )نووســیـوه. لەوێدا ئینتیسـار پێی وایه که به لەهجەکـانی کوردی دەبێ بڵـێین زمـان ، چوونکه زۆر لێک دورن. ئێوه به پێی تیۆری زمـانناسانه و لەهەموان گرینگتر هەستی نەتەوایەتی خودی خەڵکەکه ،سەرەڕای لەهجەگەلی جیـاوازیان و ئەوەی کـه خۆیان به کورد دادەنێن، بەرپەرچی قسـەکـانی ئینتیسـارتان داوەتەوه. بەڵام به ڕاستی بۆخۆم ئەوەم بۆ مـەسـەلەیه؛ یانی ڕێـک وڕاست بڵـێم ئەمن له لەهجەی کرمـانجی حـاڵی نابم، ئێـوه چۆن ئەوەی لێک دەدەنەوه ؟

⬅

- وایە، لەباری تیۆری زماننناسی یەوە، ئێمە پێوانەیەکی زمانیمان نیە بۆ سنووردانان لە نێوان لەهجە و زمان دا . پێوانەکان زۆرتر غەیری زمانین. بۆ وێنە : سوئێدی و دانمارکی و نۆروێژی کە زۆر لێک نیزیکن و خەڵکەکەی تارادەیەک لەیەک دەگەن، سێ زمانی جیاوازن. زمانی ڕەسمی سێ وڵاتی سەربەخۆن. بەڵام لە زمانی چینی دا، هەشت کۆمەڵە لەهجە هەیە کە تەواو لێک دوورن (زیاترلە هەورامی و سۆرانی ) کەچی بە یەک زمان دادەنرێن . دەستنیشانکردنی ئەوە کە کام لەهجەیە و کام زمانە، زیاتر هۆکارێکی سیاسی و فەرهەنگی یە، نەک فاکتۆرێکی زمانی. زمان وەک داروبەرد و ئاو نیە کە شیاوی ئەندازەگرتن بێ. ئێمە ناتوانین ئەندازەی وا دابنێین بڵێین ئەگەر جیاوازی فۆنێتیک هەتا ئێرە بێ، ئەوە دەبێتە لەهجە و لێرە بەولاوە دەبێتە زمان. هیچ زمانناسێک نەیتوانیوە تا ئێستا کارێکی وا بکا. لەوە ئەوە، پێوانەی زانستی زمانناسی بۆ لێکدانەوەی جیاوازی نێوان زمان و لەهجە، زۆرتر سیاسی، کۆمەڵایەتی و مێژوویییە: تا وەختێکی کە هەورامییەکان و دمڵییەکان خۆیان بە کورد دابنێن ئەوانە کوردن، کاتێک بەڕاستی پێیان وابوو کە کوردنین، زمانەکەیان وەک سوئێدی و نۆروێژی دەبێتە زمانێکی سەربەخۆ. تائێستا ئەوانە خۆیان بە کورد داناوە، کرمانجی زمان و سۆرانی زمانیش بە کوردیان دادەنێن. پێوانەمان ئەوەیە نەک چەندە لەیەک دوور و چەندە لەیەک نیزیکن .

● جا، لێرە دا دەمویست پرسیارێ بکەم . جەنابت پێتوایە ئەو شتەی کە لە زماندا پێیدەڵێن لانگقیج پلانینگ(Language planning) دەکرێ پێی خۆشبین بین کە لەداهاتوودا، ئەو خەڵکەی کە لەباری هەستی نەتەوایەتییەوە خۆیان بە یەک دادەنێن سەرەڕای وەی کە لە زۆر بارانەوە لەیەکتریش تێناگەن، زمانەکە وای لێ بێ کە ڕۆژێک لە ڕۆژان ، لانی کەم بەپێی زمانی نووسراو( زمانی شتاندارد) لەیەک نیزیک بینەوە و لەیەکتر حالی بێن . یانی توانایی پلانێکی ئاوا دەزەیندا دەگونجێ؟

- جیاوازی لەهجەکان بەرهەمی سەدان ساڵ بگرە هەزاران ساڵ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و زمانی یە. کە وابێ نابێ چاوەڕوانی وەی بین کە لەهجەکان لەماوەیەکی کەم دا یەک بگرن. پلان دانان بۆ یەکگرتن شەرتومەرجی دەوێ، بەتایبەتی بوونی دەسەڵاتی سیاسی یان دەوڵەتێکی یەکگرتووی کورد. دیارە ئەگەر لە بەشێکی کوردستانیشدا ئازادی هەبێ، بەرنامەدانان بۆ یەکگرتن ئەرکێکی پێویستە. هەروەها، دامەزراندنی ئاکادیمێکی لێزان و بە دەسەڵات وەک ئامرازی بەرنامەدانان هەنگاوێکی سەرەکیە. بەشداربوونی جەماوەری خەڵک لە دیاریکردن و دانانی سیاسەتی زمانی بەتایبەتی سیاسەتی یەکگرتنی لەهجەکان شەرتێکی گرینگی ترە، کە ئەوەش پێویستی بە دەسەڵاتی سیاسی دێمۆکراتی هەیە. یەکگرتن بە کەڵەکایی و بەجیاوازی خوازی و ناوچەگەری پێک نایا. لەهجەسەرەکییەکان دەبێ ئازادی نووسین و ئاخەفتنیان هەبێ، بەتایبەتی لە مەدرەسەکان و لە ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی دا. ئەگەر ئەو شەرتومەرجانە پێک بێن، لەوانەیە لە پرۆسەیەکی درێژخایەنی مێژوویی دا سێ لەهجەی کرمانجی و سۆرانی و دمڵی لە گۆڕەپانی ژیانی فەرهەنگی (کولتوری) دا وەک لەهجەی سەرەکی بمێننەوە و حەول بدرێ بۆ یەکگرتنیان.

● لێرەدا مەبەستم زمانی ڕەسمی و ستاندارد یا زمانی یەکگرتووی ئەدەبی یە ، ئایا کورد بۆ هەموو بەشەکان دەتوانێ وابکا؟

- کوردی پێم وانیە وای لێ بێ. کوردی وەک هەرمەنی و نۆروێژی و ئاڵبانی وبەعزەزمانێکی دی، زمانێکی جووت ستانداردە ، یانی ستانداردی سۆرانی و کرمانجی هەیە. ئەوە ئێستا کە ئازادییەکی کەم لە کوردستانی ژوورو هەیە، دمڵی زمانەکان بەلەهجەی خۆیان دەنووسن و لەدەرەوەی وڵاتیش هەروا دەکەن. جائەگەر ئەو کێشەیە بە شێوەیەکی دێمۆکراتی چارەسەربکرێ، من پێموایە کرمانجی و سۆرانی کە هەم ژمارەی ئاخێوەرانیان زۆرترن و هەم ڕابردوویەکی ئەدبی و چاپەمەنییان هەیە ، وەک دوو لەهجەی ستانداردی کوردی ، ژیانی فەرهەنگی و زمانی و ئەدەبی خۆیان درێژە پێدەدەن و لەپاڵ یەک دەگەشێنەوە . هەورامی لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دووانەدا دەمێنێتەوە، ڕەنگە ئەدەبی خۆیشی پەرەپێبدا. بەڵام هەورامی زمانەکان مەجبور دەبن بۆ خوێندن و کاری ڕەسمی و ئیداری، یەکێک لەو دوو ستانداردانە دەکار بێنن. چون هەم لە سۆرانی نیزیکترن، هەم لە ناوچەی سۆرانیدا دەژین. دمڵی، دەبێ ئازادی تەواوی هەبێ. ئەگەر سویس بە چوار زمانان دەوڵەتێکی جێ قایم و پایەداری هەیە ، بۆچی گەلی کورد و کوردستان ناتوانن بە چوار لەهجە بحاوێنەوە؟ دیارە لە وڵاتێکی وەک سویس بنچینەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕێککەوتن، لەمێژە پێکهاتوە . لەگەڵ ئەوەشدا بوونی زمانێکی ستاندارد نێعمەتێکی باشە ، نابێ پێمان وابێ چەندلەهجەیی بوونی زمانی کوردی نوقسانێکی نەتەوەکوژە ! ڕەنگاوڕەنگ بوون جوانە . لە زانستی زمان دا ڕوون بۆتەوە کە ناکۆکی زمانی یان شەڕوکێشەی زمانی ، ڕیشەی لە ناکۆکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی دایە نەک لە جیاوازی فونێتیک و ناو و ئاوەڵناو و ڕێزمان و ڕێنووس دا .

● هەر وەک خۆتان ئاگادارن تائێستا لە لایەن ڕۆژهەلاتناس و زمانناسانەوە زمانی کوردی بە سەر زۆر لق وپۆپی جۆراوجۆر دابەش کراوە و هەر کەسە بۆچوونێکی هەیە . ئێوە خۆتان لەم بارەوە ڕاتان چیە ؟

ـ بە داخەوە زۆربەی لەهجەکانی کوردی تائێستا تۆمار نەکراون و لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی تێروتەسەلی زمانەوانی لەهجەکانمان نیە. من لەو باسەدا خۆم بەشارەزا دانانێم ، بەلام پێموایە بە پێی ئەو زانیارییەی کە ئێستا سەبارەت بە لەهجەکان کۆبۆتەوە، دەکرێ بلێین چوار کۆمەڵە لەهجەمان هەیە : ١ ـ کرمانجی ٢ـ سۆرانی ٣ـ دملّی وهەورامی ٤ـ ئەولەهجانەی کە باشووری کوردستان قسەیان پێ دەکەن .

● وابزانم لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانە ومێژوویی، لەسەر بنکەی کۆمەلایەتی ڕەوتی ئەدەبی کوردی نەکراوە. ئەگەر دەکرێ کورتەیەک بدوێن بە تایبەت ، ئەوەی کە مزگەوت و خانەقاکان چ نەخشێکیان لەسەر ئەو ڕەوتە هەبوە ؟

ـ بە داخەوە تا ئێستە ئەدەبی کوردی لە باری پێوەندی کۆمەلایەتیەوە لێک نەدراوەتەوە . من لە تێزەکەم دا، کە ئێستا وەک کتێب بلاوبۆتەوە** ، حەولم داوە لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژی ( کۆمەڵناسی) ئەدەبەوە چەند پرۆسەی گۆڕانی ئەدەبەکەمان بە کورتی لێک بدەمەوە .

ئەدەبی کوردی لە جەنگەی گەشانەوەی نیزامی دەرەبەگی دا لە سەدەی ١٦ و ١٧ ی زایینی دا، لە حوجرەی مزگەوتەکان لە دایک بوو و لەدیوەخانی ئاغاوەت بووژاوە . بە گوێرەی لێکۆڵینەوەی من ، دەردەکەوێ هەتا ساڵی ١٩١٨ نیزیکەی ٦٨,٥٪ی شاعیرەکان لە ڕیزی ڕووحانیەت دا بوون (مەلا ٤٤,٢٪ ، شێخ ١٧٪ ، مەولانا و فەقێ و سۆفی و دەروێش ٦,٦٪ ). هەر وەها ٢٠,٤٪ی شاعیرەکان لە چینی دەرەبەگ بوون (بەگ ، خان ، میر ، ئاغا ، پاشا ) . کەوابوو ٨٨,٩٪ ی شاعیرەکان لە دو بنچینەی کۆمەلایەتی سەریان هەڵێنابۆوە. دیارە دەکرێ بلێین کە بنکەی کۆمەلایەتی ئەو ئەدەبە زۆر تەسک بوە و چین و توێژە کانی تر، یان لە ولاتی مە دا نەبوون یان لە داهێنانی بەرهەمی ئەدەبی دا بەشدار نەبوون (٦,٨٪ی شاعیرەکان میرزا و ٤,٧٪ ژن بوون کە ژنەکانیش لە بنەماڵەی دەرەبەگ بوون )*** .

دوای شەڕی جیهانی هەوەڵ (١٩١٤ـ ١٩١٨) ، گۆڕانی زۆری بە سەر داهات . بنکەی کۆمەلایەتی ئەدەب بەرین تر بۆوە ، خوێندەواریی لە شارەکان دا پەرەی گرت و لە سالانی ١٩٦٠ بەولاوە پێوەندی دەرەبەگایەتی لە گوندەکانیش وردەوردە لە بەر یەک ترازا . چینی تازەپێهەڵگرتووی بۆرژوازی و توێژەکانی تری وردەبۆرژوازی هاتنە گۆڕەپانی داهێنانی ئەدەبی و ئەوەش دەکرێ بلێین پرۆسەیێکی دیمۆکراتی بوونی ئەدەب بوو . ئەو گۆڕانە دەگەڕێتەوە سەر پەیدابوونی پێوەندی دەسمایەداری کە لە ولاتی مە دا بە ئەسپایی پەلی هاویشتوە . هەر بۆیە ، بە پێچەوانەی ولاتە دەسمایەداریەکانی ڕۆژئاوا ( ئوڕووپا و ئەمریکا ) ، لە کوردستان دا هێشتا بەرهەمی ئەدەبی نەبۆتە کالایێکی (commodity) تەواو کە لە بازاڕدا بیکڕن و بیفرۆشن و قازانج بکا (قازانج بۆ نووسەر ، چاپکەر ، بلاوکەرەوە و ئەو کاسبەی کتێبەکە دەفرشێ ) . مەبەستم ئەوەیە کە لەنێو مەدا هێشتا شاعیر و نووسەر و شانۆنووس ناتوانن بە داهێنانی ئەدەبی و فرۆشتنی ئەو بەرهەمە لە بازاڕدا، بە ڕێ بچن . دیارە نەبوونی ئازادی و سەرکوتکردنی ئەدەبی کوردی ئەو پرۆسەیەی ئالۆزتر کردوە و نەیهێشتوە بەرهەمهێنانی ئەدەبی ببێتە ئیش و کار. واتە حیرفەیی بوونی (professionalization) ئەدەب و ئەدیبەکان لە ولاتی مەدا هێشتا زۆر لە پاشە. تەنانەت لە سالانی ١٩٤٠ یش دا ژیانی ئەدیبەکان گۆڕانێکی وای بە سەر دا نەهاتبوو. گۆران لە وەلامێک بۆ شێعرێکی م. نووری (کە بە نێوی کوڕەکەی « جەناب » لە ڕۆژنامەی ژین دا بلاوی کردبۆوە) دەڵێ :

لاکین ئاخۆ چ شاعیرێکی تر
شێعرە پێشەی: بە دائیمی سەر و مڕ؟
باوکتە، تۆیی، منم، ئەمە یا ئەو
هەولّی نانە بە ڕۆژ، شێعرە بە شەو
چارەنووسی بەشی ئەزەلمان ، داد ،
پیشەیە کە شێعر وتن، بەر باد!****

**❑ . ئاوارە بوونی نیزیکەی نیو میلیۆن کورد لە وڵاتەکانی ڕۆژئاوادا زیانێکی زۆری بۆ وڵات و خەڵک بوە. بەڵام ئەو دوورەوڵاتیە بۆتە هۆی پێوەندی گەلی کورد لە گەڵ زۆربەی گەلانی ئەو وڵاتانە کە لە باری فەرهەنگی و زمانی و کۆمەلایەتیەوە لە ئێمە پێشکەوتووترن . ئەو پێوەندیە دەتوانێ زمان و ئەدەبی کوردی زۆر دەوڵەمەند بکا.**

←

ئەدەبی کوردی زۆربەی ژیانی چەند سەد ساڵەی خۆی لە نیزامی دەرەبەگی دا ڕابوارد. هەر چەند پێشهاتی مێژوو وەهابوو کە بەشێک لەو ئەدەبە پێش ئەوەی بکەوێتە ناو گێژاوی نیزامی دەسمایەداری ، بۆی هەڵکەوت لەو ناوچەیەی کە کەوتبوە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی سۆڤیەت ، چرۆ هەڵبدا . بەشێکی زۆر لە گەلی کورد کە نەخوێندەوار بوو، بۆ ماوەی نیزیکەی چل ساڵ ( ساڵانی ١٩٢٠ هەتا ساڵانی ١٩٥٠) لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکی سۆسیالیستی دا ژیا و لە ماوەیێکی کورت دا بە سەر نەخوێندەواری دا زاڵ بوو و شاعیر و نووسەری لێ پەیدابوو. بەڵام بەعزەسیاسەتێکی چەوت وچێڵی ئەو دەوڵەتە نەیهێشت ئەو ئەدەبە بە گوێرەی توانای خۆی بپشکوێ .

پێوەندێکی فرەلایەنە هەیە لە نێوان بەرهەمی ئەدەبی و داهێنەر و خوێنەرەوەی ئەو بەرهەمە. جەماوەرێکی هەراو و تامەزرۆی خوێندنەوە، داهێنەری بەرهەمی ئەدەبی هان دەدا. بەڵام لە کوردستاندا، بنکەی خوێنەرەوەی بەرهەمی ئەدەبی، وەک بنکەی داهێنەرانی تەسک بوە. لە مزگەوت و خانەقا و تەکیەکان و لە دیوەخانی ئاغاوەت دا کۆڕی خوێنەرەوە و گوێدێری بەرهەمی ئەدەبی پێکهاتوە بەڵام **جەماوەری خوێنەرەوە** reading public مان نەبوە. مەبەست جەماوەرێکی زۆرە (زۆربەی ئەوانەی تەمەنیان لە ١٥ ساڵ پترە، گەنج ، ژن و پیاو) کە پارە و وەخت و ویستیان هەیە بەرهەمی ئەدەبی بکڕن و بیخوێننەوە. جەماوەرێکی وا هەوەڵ جار لە ئوروپادا بە پەیدابوونی نیزامی سەرمایەداری و پێگەیشتنی چینی بۆرژوازی و خوێندەواربوونی زۆربەی خەڵک پێکهات. دیارە لە کوردستاندا، نیزامی دەرەبەگی و بەسترانەوەی جووتیار بە زەوی و هەژاری و نەخوێندەواری نەیدەهێشت بنکەی کۆمەڵایەتی خوێنەرەوە بەرین تر بێتەوە. بە گوێرەی سەرژمێری ساڵی ١٩٢٧ی تورکیا، لە ولایەتەکانی کوردستاندا( بایەزید، بدلیس، دیاربەکر، حەکاری، ماردین، سعرت و وان) پتر لە ٩٦,٥٪ی خەڵک نەخوێندەوار بوون. بیست ساڵ دوایە، لە هەوەڵ سەرژمێری عێراق دا (١٩٤٧)، دەرکەوت لە سلێمانی تەنیا ١٨,٠٢٪ی خەڵک خوێندەوارن. لە ناحیەکانی سورداش، تانجەڕۆ قەرەداغ و بازیان پتر لە ٩٥٪ی خەڵک نەخوێندەوار بوون. نیزیکەی دە ساڵ دوایە، لە هەوەڵ سەرژمێری ئێران دا (ساڵی ١٩٥٦) ئاشکرابوو کە لە شاری مەهاباد تەنیا ٢٢,٢٤٪ و لە گوندەکاندا ٣,٠٧٪ی خەڵک خوێندەوارن. دیارە نەخوێندەواری لە نێو ژناندا باوترە( لە بەر ژێردەست بوون و ئازاد نەبوون) و ئەوەش دەورێکی وێرانگەری هەیە هەم لە داهێنانی ئەدەبیدا، هەم لە پێکهاتنی جەماوەری خوێنەرەوەدا. پێویستە ئەوەش بڵێم کە هێشتا نیزیکەی نیوەی گەلەکەمان (بە تێکڕایی لە تورکیا، ئێران، عێراق و سوریا) نەخوێندەوارن. تەنیا ئەو بەشەی گەلی کورد کە سۆڤیەتستانی پێشوو دەژی تەواو خوێندەوار بوە بەڵام ئەوانیش نەیان توانی ببنە جەماوەرێکی وەها کە هاندەر بن بۆ داهێنانی ئەدەبی لە پارچەکانی تری کوردستاندا. ئەوەش هۆیەکانی زۆر و ڕوونن ــ ئەوان لە وڵاتێکی گەورەدا پرش و بڵاوبوونەوە. دەوڵەتی سۆڤیەت (بە گۆڕینی ئەلف و بێ و سانسۆڕ و شێوەی تر) نەیدەهێشت پێوەندیان لە گەڵ پارچەکانی تری کوردستان هەبێ؛ سیاسەتی چوار دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان کە پەرژینێکی ئاسنیان لە نێوان سنووری خۆیان و سۆڤیەتستان دا، بەستبوو و... هتد .

پێوەندی ئەدەب و کۆمەڵ زۆر بەرین تر و ئاڵۆزترە لەوەی ئێستە من باسم کردوە. کوردەواری ـ شێوەی ژیانی نەتەوەی کورد ــ لە ماوەی سەدەیێک دا (سەدەی بیستەم) تووشی گۆڕانێکی بێ ئامان بوە: پەیدابوونی چین و توێژی تازە، پەرەگرتنی ژیانی شارنشینی، پاشەکشەی پێوەندی دەرەبەگی و عەشیرەیی، پەیدابوونی توێژێکی بەرینی ڕووناکبیران (intelligentsia) و زۆر شتی تر. لە گۆڕەپانی ئەدەبدا، بەرین تر بوونەوەی بنکەی کۆمەڵایەتی داهێنەران و خوێنەرەوانی بەرهەمی ئەدەبی، کاکڵ و توێکڵی ئەو ئەدەبەی گۆڕیوە. بۆ وێنە، لە کوردستاندا، وەک زۆربەی وڵاتانی دنیا، داهێنانی ئەدەبی بە هەڵبەست دەستی پێکرد و ئەدەبی پەخشان بۆ ماوەیێکی درێژ لە ژێر سەوەتەدا مابۆوە. لە ئوروپادا، ئەدەبی پەخشان و جەماوەری خوێنەرەوە بە سەرهەڵدانی نیزامی سەرمایەداری لە سەدەی ١٨ دا پەیدابوو. لە کوردستاندا، بەرین بوونەوەی بنکەی کۆمەڵایەتی ئەدەب، دەورێکی گرینگی گێڕا لە پەیدابوونی پەخشان و توێکڵی نوێی ئەدەبی وەک چیرۆک، کورتەچیرۆک و شانۆگەری. دیارە ڕۆژنامەگەری کە زووتر، لە ساڵی ١٨٩٨ دا دەستی پێکردبوو بنچینەیێکی پتەو بوو بۆ پێگەیشتنی ئەدەبی پەخشان.

پێویستە ئەوەش بڵێم ئەدەب هەر ئەوە نیە کە دەنووسرێ . ئەدەبی نەنووسراو ـ واتە سەر زاران یان زارەکی ـ کوردی یەکجار دەوڵەمەندە. بەیتی کوردی بەشێکی هەرە گرینگی ئەدەبی کوردیە و بنکەی کۆمەڵایەتی ئەو ئەدەبە لە گوندەکان دایە . ژنان لەو جۆرە ئەدەبەدا دەورێکی گرینگتریان بوە . باسەکە دوورو درێژە و بەداخەوە مەودای لە سەر ڕۆیشتنمان نیە...

● کاک ئەمیر، دەمویست بزانم ئایا تێزەکەی ئێوە وەرگێردراوەتەوە سەر کوردی؟

ــ نەخێر...

● یانی هیچ پلانێک ، بەرنامەیەک نیە کەسێک ئەوهیمەتەی بکا ؟

– ئەمن خۆم پێم ناکرێ ، بەلاّم کەسیش پەیدا نەبوە . ڕەنگە بە تورکی بلاّوببێتەوە. بە کوردی ئەم دیوە کەس حەولی بۆ بدا. من خۆم حەول دەدەم چەند بابەتێکی باسکراو لە تێزەکەدا وەک نووسراوە لە گۆڤارەکان دا بلاّوبکەمەوە .

● هیوادارین ئەو کارە بکرێ... بەلاّم من بۆ ئەوەی کە ووتووێژەکە دەگەلّ بەشی هەوەڵی قسەکانمان یەکتری بگرێتەوە و هەروەها ئەو پرۆژەیەی کە لەسەرەتاوە وەک پرۆژەی یەکسالّەی خۆت (مەسەلەی ئێتنیک میدیا لە دەرەوەی ولاّت ) باست کرد دێینە سەر وەزعی زمانی کوردی ... دەودواییانەدا، جموجۆلێکی زۆر گەورە پەیدابوە، یانی هەلومەرجێک لە سای ئازادی دێمۆکراتیک لەدەرەوەی ولاّت پێکهاتووە کە گۆڤارو تەنانەت بەرنامەی ڕادیۆییش لێرەو لەوێ هەیە. دەمەویست سەبارەت بە ڕادەی توانایی ئەو بەشەی کە ئاوارە بووە، بۆچوونی ئێوە

– دیارە چاپەمەنی ، فیلم ، ڤیدیۆ و شریت ئامرازی زۆر گرینگن بۆ پێوەندی لە گەلّ گەلانی تر . بەلاّم چۆنێتی ئەو پێوەندیە گرینگتریشە. بۆ وێنە ئێمە تا چ ڕادەیێک ئامادەین بیر و بۆچوونی نوێ و پێشکەوتنخوازانەی ئەو گەلانە فێر بین ؟ بۆ وێنە کاک ڕێبوار لە دانمارک لە بەعزە مێتۆد و ڕوانگەی نوێ، کە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و کولتووری لە ڕۆژئاوادا باوە ، کەلّکی وەرگرتوە بۆ لێکدانەوەی شێعرەکانی نالی . ئەوە نموونەیێکی باشە بەلاّم خەباتێکی کە نیزیکەی سی چل سالّە لە ڕۆژئاوا بۆ پاک کردنەوەی زمان لەدەسەلاّتی شۆڤینیسمی پیاوانە دەکرێ هێشتا کاری نەکردوە لە وانەی کە لە گۆڕەپانی ئەدەب و ئامرازی ڕاگەیاندنی گشتی دا تێدەکۆشن . زمانی کوردیش وەکوو زمانەکانی ئوڕووپا پڕە لە شوێنەواری شۆڤینیسمی پیاوانە . داغی نابەرابەری نێوان ژن و پیاو و دەسەلاّتی پیاوانە بەسەر ژندا لە نێو چاوانی زمانەکەمان دراوە . پاشماوەی هەزارساڵ نیزامی دەربەگیشمان بە میرات بردوە . زمانەکەمان، وەک ژیانی سیاسی و ئابووری وکۆمەلاّیەتی ، پێویستی بە دێمۆکراتی کردن هەیە . ئێمە – ژن و

**❑ وەرگێڕانەوەی ئەو ئەدەبە بۆ سەر کوردی دەبێتە هۆی پێوەندی ئەدەبی کوردی وسوئێدی، جا چ شانۆ بێ چ ڕۆمان بێ چ کورتەڕۆمان یان فۆڕمی تر. ئەوە ئەرکێکە لەسەر شانی ئەو کەسانەی لە سوئێد یان لە دانمارک و ولاّتانی تر دەژین کە ئەوزمان وئەدەبە باش وەرگرن .**

بزانم ؛ ئایا مەسەلەی زمان بۆ ئەو ئاوارەبووانە چی لێ دێ و چەندە دەتوانن لەسەر زمان کار بکەن ؟

– ئاوارە بوونی نیزیکەی نیو میلیۆن کورد لە ولاّتەکانی ڕۆژئاوادا زیانێکی زۆری بۆ ولاّت و خەلّک بوە. بەلاّم ئەو دوورەولاّتیە بۆتە هۆی پێوەندی گەلی کورد لە گەلّ زۆربەی گەلانی ئەو ولاّتانە کە لە باری فەرهەنگی و زمانی و کۆمەلایەتیەوە لە ئێمە پێشکەوتووترن . ئەو پێوەندیە دەتوانێ زمان و ئەدەبی کوردی زۆر دەولّەمەند بکا. ئاشکرایە چۆنێتی و چەندێتی ئەو پێوەندیە بەستراوەتەوە بە ڕادەی تێگەیشتن و تێکۆشانی ڕوناکبیری کورد (نووسەر، ڕۆژنامەنووس، شاعیر، وەرگێڕەوە ، تێکۆشەری سیاسی) ، هەروەها بوونی ئازادی و دێمۆکراسی لە ولاّتدا دەنا بەرهەمی ئەو پێوەندییانە ناگاتەوە ولاّت .

● یانی ئەو شتانەی کە کراوە بۆ نمونە گۆڤاری جۆراوجۆر یان ڕادیۆگەلێ کە لە بەعزە شارێکی سوئێدێ هەیە وەک لە ستۆکهۆلم (ڕادیۆ سپۆنگە) ، ئەوانە پێتوایە چەندە دەتوانن بە کەلّک بن ؟

پیاومان – دەبێ لەو خەباتەی کە بۆ دێمۆکراتی کردنی زمانی ئینگلیسی و زمانەکانی تردەکرێ ، تێبگەین و حەول بدەین زمانەکەمان بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی دێمۆکراتی ئامادەبکەین . بۆ وێنە لەکوردی دا وشەی «پیاو» لەباتی «ژن و پیاو» واتە بۆ ئینسان دەکار دەهێندرێ (وەک لە ڕستەی « جا پیاو چۆن کاری وا دەکا ؟») . لە زمانی ئینگلیسی دا لەمەڕ پاک کردنەوەی ئاسەواری شۆڤینیسمی پیاوانە دەسکەوتی یەکجار باش هەیە .

● باشە بە زمانی ئینگلیسی بە پۆلیسمەن (policeman) و چێرمەن (chairman) دەبێ بلّێین چی؟

– ئێستە کە پۆلیسی ژن هەیە و بەڕێوەبەری کۆبوونەوە یان سەرۆکی پارتی هەم دەتوانێ ژن بێ هەم پیاو ، زۆر ناشایستە بە ژنێکی پۆلیس بلّێین : policeman . هەروەها زۆر هەلّەیە بە سەرۆکی ڕێکخراوەیێک یان بەڕێوەبەری کۆبوونەوەیێک کە ژن بێ بلّێین: chairman . لە ئینگلیسی دا ئێستە لەو چەشنە وشانەدا لەباتی man «پیاو» دەلّێن person «کەس».بۆوێنە chairman

دەبێتە chairperson .

● ئەوشتە بە ڕاستی باو بووە؟

ـ دیارە بەعزە پیاوێک تەنانەت جارجار ژنانیش بەرهەڵستی ئەو گۆڕانە دەکەن . بەڵام ئەو چەشنە کۆنەپرستیە هەمیشە هەبوە . لە خەبات بۆ بەرابەری ڕەگەزی ڕەش و سپی ، بۆمافی هەڵبژاردن و هەڵبژێرانی ژنان لە پەرلەماندا ، مافی دەرس خوێندنی ژنان و خەباتی تر . بەڵام مەبەستی من ئەوەیە بڵێم کە لە دەرەوەی وڵات خوێندن و نووسین و بڵاوکردنەوە خۆی لە خۆیدا هونەرێکی گەورە نیە . ئێمە دەبێ لە دەسکەوتی پێشکەوتنخوازانەی ئەو گەلانەی لە نێویان دا دەژین شت فێر بین . لە خەباتی چینی کرێکار ، خەباتی ژنان بۆ بەرابەری ، خەباتی خەڵکی بوومی سوئێد(سامیەکان) ، کانادا، ئەمریکا و ئوستەڕاڵیا بۆ دەسەڵاتداری ، خەباتی خەڵکی ئەفریقایی ـ ئەمریکایی (ڕەشەکان) بۆ ئازادی و بەرابەری و...

● هیوادارین لەودەسکەوتانە کەلک وەرگرین... بەڵام کاک ئەمیر دەمەویست سەبارەت بە توانایی فیربوونی زمان ، پرسیارێ بکەم ئەویش ئەوەیە ئایا بەپێی ئەزموونی زمانەوانی ، توانایی فێربوونی زمان چۆنە و چەندەیە؟ زۆرخەڵک هەن تەمەنیان لە چل تێپەڕیوەو ناهومێدانە تەماشای فێربوونی زمان دەکەن . زۆریشیان بەڕاستی فێر نەبوون ... ئێوە چ پێشنیارێکتان هەیە ؟

ـ توانایی فێربوونی زمانی زۆر بەستراوەتەوە بەتەمەن . منداڵ لە تەمەنی یەکساڵیەوە هەتا ۱۰ـ۱۲ساڵی بە تایبەت تا تەمەنی ۱۰ساڵی زۆر باش دەتوانێ زمانی غەیری دایکو بابی فێربێ ، دەتوانێ لە یەک زەماندا چەند زمان فێر بێ. ئەگەر ئەو زمانانە بە ئەندازەیەک ببیستێ کەبتوانێ فێری بێ ؛ بەڵام لە تەمەنی زیاتر لەوە زۆر زەحمەتە ... ئەگەر پێمان وابێ بە ساڵێک چوونە کلاس و خوێندنەوەی یەک دو کتێب زمانێکی بێگانە فێردەبین ئەوە هەڵەیە ، زمان فێربوون چەند ساڵی وەخت دەوێ . ئەمن لێرە لەدەرەوەی وڵات دیومە و بیستوومە گۆیا زمانی سوئێدی و نۆروێژی و دانمارکی و فینلاندی بەکار نایەن ؛ ئەمن بە پێچەوانە پێموایە فێر بوونی ئەو زمانانە زۆریش گرینگە . ئەدەبی ئەو وڵاتانە گەلێک دەوڵەمەندە. بەتایبەت سوئێد وڵاتێکە کە کۆمەڵەکەی زۆر لەمێژە تەواو خوێندەوار بوون پێش ئەوەی تەنانەت شۆڕشی پیشەسازی سەربگرێ . لەبەروەی شارستانیەتێکی پێشکەوتوویان هەیە . ئەدەبەکەشیان لەزۆر بارەوە لە ئەدەبی کوردی وفارسی و عەرەبی و تورکی نوێ پێشکەوتووترە. ئەمن پێموایە فێربوونی ئەو زمانە زۆر گرینگە . وەرگێڕانەوەی ئەو ئەدەبە بۆ سەر کوردی دەبێتە هۆی پێوەندی ئەدەبی کوردی وسوئێدی، جا چ شانۆ بێ چ ڕۆمان بێ چ کورتەڕۆمان یان فۆڕمی تر. ئەوە ئەرکێکە لەسەر شانی ئەو کەسانەی لە سوئێد یان لە دانمارک و وڵاتانی تر دەژین کە ئەوزمان وئەدەبە باش وەرگرن . کورد دەبێ نەک هەر لەگەڵ زمانی ئینگلیسی و ئەلمانی وفەڕەنسەیی پێوەندی هەبێ بەڵکو لەگەڵ ئەو وردەزمانانەش کە فەرهەنگ وکولتورێکی زۆر دەوڵەمەندیان هەیە نیزیک ببێتەوە .

● ئێستا ، بەشی دوهەمی ئەوپرسیارە دەگەڕێتەوە سەرمنداڵەکان، یانی ئەو منداڵانەی لێرە پەیدابوون ؛ یان ئەوانەی زۆر بە منداڵی هاتوونەتە ئێرە، موشکلەی وانە بەپێچەوانەی ئەوانەیە کە قسەمان لێیان کرد، ئەومنداڵانە کە لە مەدرەسەو باخچەی منداڵان، زۆرتر بەسوئێدی قسان دەکەن کوردیی نازانن ؛ یان باش فێری نابن . ئایا یەک دوسەعات لە حەفتەدا کوردی خوێندن یان ئەوپێوەندیەی کە منداڵ لە ماڵێ هەیەتی، ئەوەندە بەسە؟ ئایا ئەوانە دەتوانن لە داهاتوودا، لە باری کوردی زانینەوە جێگەی هۆمێد بن یان هیچ نەبێ زمانەکەیان بپارێزن ؟

ـ تەجرەبەیەک کە تا ئێستا بوە سەبارەت بە کوردی دوورەوڵات یان ئەو نەتەوانەی کە ئاوارە بوون ئەوەیە کە بەرەی دووەم کە منداڵەکانن یان ئەوانەی کە لەو وڵاتانە لەدایک دەبن، زمانی دایک وبابی خۆیان باش فێر نابن ؛ مەگەر ئەو دایکوبابە زۆر حەول بدەن لە ماڵەخۆیاندا تەنیا بە زمانی خۆیان قسە بکەن ، حەول بدەن شەرتومەرجێکی وایان بۆ پێکبێنن کە زمانەکە بە نووسین و خوێندنیش فێر بن . دیارە بەو دوو سێ سەعاتەی کە دەوڵەت بۆیان دادەنێ زمانی زگماکی ناپارێزرێ . یانی ئێمە ناگەیێنێتە ئەو جێگایەی بڵێین منداڵەکانمان زمان باش فێر دەبن . بەڵام ئوتۆریتەی دەوڵەتێ زۆر گرینگە. منداڵ ئەگەر بزانێ لێرە لەمەدرەسەی یەکێک لە دەرسەکانی کوردیە، دووسەعات لە مەدرەسەی بە کوردی مامۆستای هەیە دەرسی پێ بڵێ ، باشتر وەری دەگرێ . ئەگەر ئەوە نەبێ زۆر زەحمەتە لە ماڵێ حازر بێ بە کوردی بخوێنێ یان تەنانەت قسەبکا .

● واتە لەباری ڕەوانی یەوە پشتگەرمێکی هەبێ...

ـ بەڵێ... پشتگەرمێکی هەبێ کە ئەو زمانە شتێکی بێ کەڵک نیە . زانایێکی ژن کە نێوی تۆڤە سکوتناب کانگاسە (Tove Skutnabb`- Kangas) مەسەلەی دوزمانی زۆرباش

لێکداوەتەوە و دەڵێ : هەرچی بکەی دوو زمانی هەر دەبێتە یەکزمانی، دەو شەرتومەرجەیدا یەکێک لەو زمانانە هیچ دەسەلاتی نیە و ئەوی تر دەسەلاتی تەواوی هەیە. وەک لێرە لە سوئێد ، ئەتۆ هەرکارێکی بکەی ، بۆ ئەو مالانەی موهاجیرن ، زمانی سوئێدی دەسەلاتی هەیە و زاڵ دەبێ بەسەر کوردی یان فارسی یان عەرەبیدا. منداڵی پەنابەرەکان، یانی بەرەی دووەم وای فێرنابێ کە بتوانێ ئەو زمانە ڕاگرێ ؛ تاق ولۆقە دەبێ ، ناڵێم هەر نابێ ؛ منداڵی وا هەیە کە بەمنداڵی هیچ پێی خۆش نیە زمانی کوردی فێر بێ، کە گەورە دەبێ و دەبێتە ١٨ـ١٧ساڵ دەگەڕێتەوە سەر کوردی و پێی خۆشە فێری بێ بەلام وەک بەرەیێک ئەگەر چاوی لێبکەین ئەوانە ناتوانن ببنە بنکەیەک بۆ پاراستنی زمانی کوردی لە دورەولات .

● بەلام کاک ئەمیرکە دەڵێی منداڵ لەعەینی کاتدا دەتوانێ چەند زمانان فێربێ بەوشەرتەی هەموان بەیەک ئەندازە ببیستێ ، لێرەدا بیستوومە یا بینیومە جارجارە هێندێک لە دایک وبابەکان نیگەرانی منداڵەکانیانن کە ئەگەر زمانی زگماکی خۆیان بخوێنن ، زەرەری بر زمانە سوئێدی یان بۆ ئینگلیسیەکەیان دەبێ کە دەیخوێنن . پێت وایە ئەو بۆچوونە ڕاست بێ ؟

ـ نەخێر، هیچ ، شتی وانیە..

● کەوابوو منداڵ دەتوانێ لەیەک کاتدا چەند زمانان فێربێ ، بێ ئەوەی زەرەری بۆ زمانەکانی دی هەبێ ؟

ـ تەواو وایە ، زانستی زمانناسی وڕەوانناسی زمانی (Psycholinguistics) ئەوەی تەواو ڕوون کردۆتەوە کە منداڵ دەتوانێ هەتا چوار زمانان باش فێر بێ ، بێ ئەوەی تێکەڵیان بکا یان لەهجەی هەبێ ؛ بەشەرتێ هەرچوار زمانان باش ببیستێ ولە دەوروبەری خۆیدا قسەی پێبکەن و پێی بنووسن و زمانی ئامرازی کشتی بن و...

● مەیدانی چالاکی ئەو زمانەی بۆپێکهێنرابێ...

**❑ کەوابوو چۆنێتی یان شێوەی چەوساندنەوە، پێوانەی نیزامی کۆمەلایەتی . ئابووری فیۆداڵیە نەک ژمارەی گوندەکان ، یان ئاوەدانبوونی دیوەخان ، یان بەرزایی کۆشک و خانووبەرە ، یان هونەرپەروەربوونی دەرەبەگ .**

ـ بەڵێ ، ئەگەر لە ماڵێ لە گەڵ منداڵ بە سوئێدی قسەبکرێ، دیارە کوردی فێر نابێ. باشتریشە کە قەت بە سوئێدی قسەیان لە گەڵ نەکەین چونکو ئێمە بە گەورەیی فێری ئەوزمانە دەبین ، ئێمە لەهجەمان دەبێ بۆچی لەهجەی خۆمان بدەین بە وان ... با ئەو لە خەڵکی سوئێدی زمان فێر بێ .

● دەزانن لێرە هێندێ وشەی سەیر پەیدابوە ؛ وەک : بستێلا کردن ، سپاراکردن و سلوتاکردن و زۆر وشەگەلی تر ، ئایا لەلای ئێوەش (کانادا یان ئەمریکا ) هەر وانیە؟ منداڵ زمانەکان تێکەڵ ناکەن ؟

ـ لە هەموو ولاتێک وایە ، بەلام من گوتم بە شەرتێ هەر چوار زمانان تێر و تەسەل ببیستێ. منداڵێکی لێرە گەورە دەبێ ، زمانی زگماکی خۆی باش نابیستێ . سوئێدی ـ نەک کوردی ـ زمانی مەدرەسە ، ئاواڵ دەرس ، ڕادیۆ ، تەلەڤیزیۆن ، کایەکردن و هەزار شتی ترە . بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیێک لە ئەمریکای باشووری ، دایک و باب ڕۆژێ لە نیو سەعات زیاتر لە گەڵ منداڵەکانیان نادوێن ڕەنگە لێرەش وابێ .

● کاک ئەمیر ئیشارەت بەوەی کرد کە ئەگەر ئەو هەلومەرجە بڕەخسێ کە پێوەندێکی زمانی لەو بەرهەمانەی کە لێرە وەدی دێن دەگەڵ ولات هەبێ ، دەورێکی گرینگ دەگێڕێ. یەکێک لەوانە وەرگێڕانەوەی بەرهەمی ئەدەبی و شتی لەو چەشنەیە بۆ سەر زمانی کوردی . دەمەویست بزانم ـ کە ئێوە کارتان ئەوە بوە ـ داهاتووی کاری وەرگێڕان چۆن دەبینن سەرەڕای دنیایەک وشە کە لەکوردیدا نیمانن ... بەداخەوە قامووسیش لە کوردیدا هەر زۆر کەمە ؟

ـ ئێستا وەرگێڕانەوەی کاری ئەدەبی وەک ڕۆمان و شتی وا کەمێک هاسانترە ، بەلام بۆ وەرگێڕانی بەرهەمی زانستی وەک فیزیک و شیمی ، یان زانستە کۆمەلایەتیەکان وەک ئابووری ، سۆسیۆلۆژی و ئەوانە دیارە زاراوەکانمان نیە ، ئەوەش نیسبی یە ؛ بۆوێنە بە فارسی کە دەسەلاتی دەوڵەتی بوە و زمانی زانستگاکان بوە لە ئێران و لە تاجیکستانێ ، هاسانترە کە کتێبی سۆسیۆلۆژی بنووسرێ؛ بەکوردی زەحمەت ترە. ئێستە ئەوە دوکتور خەلیقی کتێبێکی سۆسیۆلۆژی ـ *بناخەکشتیەکانی کۆمەڵناسی* ـ بە کوردی ←

داناوه، دیاره کەمێک زاراوەی سۆسیۆلۆژی بۆ ساز کردووه. بەڵام زمان هەتا پێی نەنووسی و کاری بۆ نەکەی و مەدرەسە و زانستگا نەبێ ، ئەگەر زاراوەشی بۆ دابنێی فایدەی نیه. بۆخۆتان دەزانن لێره له سوئێد، کتێبەدەرسییەکانی کلاسی هەوەڵی زانستگایه به سوئێدی نووسراون وەک ئابووری و کۆمەڵناسی و فیزیک و زۆردەرسی دی. بەڵام دەبینین که له ڕادەیەکی سەرتر وەک دکتۆرا، تێزەکان به ئینگلیسین کتێب و گۆڤاره عیلمیەکانیش زۆربەیان هەر به ئینگلیسین وەختایەک سوئێدی ئاوابێ...

● که به نیسبەت کوردی به دەسەڵات تریشه ..

ـ بەڵێ، به نیسبەتی کوردی ئاوا پێشکەوتوه؛ ئێستا زمانی عیلمی ڕادەی زۆر بەرز، له سوئێد و دانمارک وهولەندو ئەو وڵاتانه هەر ئینگلیسی یه . جا سەبارەت به کوردی نابێ چاوەڕوانی ڕۆژێکی وابین به تایبەت له داهاتوویەکی نیزیکدا که بەرنامەیەکی دکتۆرامان هەبێ تەواو به کوردی بێ. وەختایەک ئەوه بۆ سوئێدی و دانمارکی و ... نەلوێ ، بۆ کوردی که دەسەڵاتی دەوڵەتیشی نەبوه بەوزوانه نابێ . پێموایه ڕێگای ئەوەیه ، حەول بدرێ له پێشدا زمان بۆ دەرسکوتنەوه و لێکۆڵینەوه له چوار ساڵی هەوەڵی زانستگا(باکالوریا) ئامادەبکرێ . ئەوەش پێویستی به دانان و وەرگێڕانی کتێبی دەرسی ، بڵاوکردنەوەی گۆڤاری زانستی ، دانانی قامووسی زمان و زاراوەی زانستی ، دائیرەتولەعاریف ، بیبلیۆگرافی و شتی وا، هەیه . زمانەکەمان هێزوتوانای وەی هەیه که بەرەنگاری ئەو گیروگرفتانه بێ.

● ئەگەر ئیجازەت له سەر بێ دێمه سەر پرسیارێکی خۆمانی؛ تائەو جێیەی من ئاگادارم، ئێوه لەگەڵ زۆر نووسەری کورد، نامه و نامەکاریتان بووه که یەکێک لەوانه مامۆستا مەسعود محەمەده؛ ئایا دەکرێ سەبارەت به کتێبەکەی مامۆستا له ژێر ناوی « *بۆ ئەمیری حەسەنپور...* »***** کورتەیەکمان بۆ باس بکەی؟ هەروەها پێمان خۆش بوو بزانین ئایا دوای ئەوه ، ئێوه هیچ وڵامێکتان داوەتەوه یان نا ؟

ـ من تا ئێستە فرسەتی وەم نەبوه وەڵامی مامۆستا مەسعوود بدەمەوه. ئەو بۆ بەرپەرچدانەوەی سێ پەرەگراف کە من له نامەیێک دا بۆم نووسیبوو کتێبێکی ١٧٢ لاپەڕەیی نووسیوه. منیش بۆ وەڵامدانەوەی ئەو کتێبه پێویستم به نووسینی کتێبێکی چەند بەرگی هەیه. مامۆستا گەلێک باسی هێناوەته گۆڕێ که ئەمن له نامەکەم دا هەر به لاشیدا نەڕۆیوم . لێرەدا تەنیا پەنجه بۆ دوان ڕادەکێشم .

یەکەم : دەڵێ پێوەندی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری کوردستان له ڕابردوودا دەرەبەگی یان فیۆداڵی نەبوه . بۆچی؟ چونکه مڵکداری کورد فیۆداڵ نەبوه (ل٤١)، فیۆداڵیسم یانی زەویداری و مڵکداری گەوره و ئەوەش له کوردستان دا نەبوه ( ل٤٢) ، فیۆداڵیسم وشەیێکه بۆ دزێوکردنی زەویداری (ل ٤٨) و زۆر دەلیل و بۆڕهانی تر که ئەو قسانه تەنیا ئەوه دەردەخەن که ئەوەی مامۆستا به فیۆداڵیسمی دادەنێ له گەڵ ئەوەی من له نامەکەمدا نووسیومه دو شتی تەواو جیاوازن . با کەمێکی شی بکەمەوه .

فیۆداڵیسم یان دەرەبەگی جنێو نیه، ناوی نیزامێکی کۆمەڵایەتی ـ ئابووری یه . لەو نیزامەدا دو چینی سەرەکی هەبوون . چینی دەسەڵاتدار ـ دەرەبەگ یان فیۆداڵ ـ زەوی و ئاوی هەبوو بەڵام قەت له سەر زەوی کاری نەدەکرد. چینی ژێردەست ـ جووتیار ـ هێزی کاری خۆی و ئامرازی بەرهەمهێنان وەک جووت و گا و شتی وای هەبوو؛ وادەبوو تۆویشی هەبێ . دەرەبەگ به هۆی زەویداربوون و زاڵبوون بەشێک له حاسڵی کاری جووتیاری هەڵدەگرت ، وێڕای وەش له هەرچی بەرهەم و داهاتی جووتیاره تەنانەت له ژن هێنانیش سوورو ساتی وەردەگرت ـ ئاغایانه ، پووشانه ، جووتانه ، ئاشانه ، مەڕانه ، تووتنانه ، بزنانه ، ڕۆنانه ، هێلکانه ، گوریسانه ، ڕێواسانه ، کاوڕانه ، فرووجانه ، کایانه ، دەوانه ، تەپاڵانه و هەزار باج و پیتاکی تر. شێوەیێکی تری چەوساندنەوه بێگاری بوو. نەک هەر جووتیار ـ ژن و پیاو و منداڵ ـ بەڵکوو یەکسم (کەر و ئەسپ و ئێستر)ی جووتیاریش دەبو بۆ ئاغاو ماڵی ئاغا بێگاری بکەن . دەسەڵاتی دەرەبەگ به سەر ژیانی جووتیاردا هیچ سنوورێکی نەبوو. له سەفەرکردن ڕا بگره هەتا ژن هێنان و مێردکردن ئیزنی دەرەبەگ یان کوێخای دەرەبەگی پێویست بوو . خەڵکی دێ به جووتبەنده و ڕەشاییەوه بەشێک له زەوی بوون و وێڕای زەویەکه دەکڕدران و دەفرۆشران . ئەوه نیزامی دەرەبەگی یان فیۆداڵیه ، جا چ فیۆداڵەکه قوڵه ئاغایێک بێ به خۆی و نیودانگ مڵکەوه یان بنەماڵەی جاف بن که مڵکداری هەره گەورەی سەرانسەری عێراق بوون. کەوابوو **چۆنێتی یان شێوەی چەوساندنەوە**، پێوانەی نیزامی کۆمەلایەتی ـ ئابووری فیۆداڵیه نەک ژمارەی گوندەکان ، یان ئاوەدانبوونی دیوەخان ، یان بەرزایی کۆشک و خانوویەره ، یان هونەرپەروەربوونی دەرەبەگ .

دووەم : مامۆستا ، هێرش دەباته سەر فەلسەفەی « مادی جەدەلی و مێژوویی » ( ماتریالیسمی دیالێکتیک و مێژوویی یان مارکسیسم). بەڵام بەداخەوه لێرەش دا وەک باسی دەرەبەگی ، هاتوه به کەیفی خۆی فەلسەفەیێکی داتاشیوه و نێوی ناوه مارکسیسم و پێی وایه تەرت و تونای کردوه. بۆ وێنه مەفهوومێکی سەرەکی لەو فەلسەفەیەدا «ماده» یه که مامۆستا زۆری دەکاردێنێ

، بەڵام نەک بەو مەعنایەی ماتریالیسمی جەدەلی و مێژوویی دەکاری هێناوە . مامۆستا دوو مەفهوومی هەرەگرینگی ئەو فەلسەفە ـ مادەو شعوور ـ ی لە گەڵ دوو مەفهوومی دینی ـ مادەو مەعنا یان مادییات و مەعنەوییات ـ تێکەڵ کردوە و لە باتی مەفهوومی فەلسەفەیی، مەفهوومی دینی دەکاردێنێ. هەر بە خەیاڵیشی دا نایا کە ئەو دوو «مادە» یانە بە قەد عەرز و عاسمان لێک دوورن . مامۆستا پێی وایە «مادە» شتی بێ گیان و ڕەق وتەق (ل ٣١ـ ٣٤ ) و بەرچاوە کە دەکرێ دەستی لێبدەی یان هەڵیبگری . بەڵام «مادە» لە فەلسەفەی جەدەلی دا ئەو مەعنایەی نیە . «مادە» تەواوی ئەو دیاردە ( ظاهرە ، فینۆمێن) یان ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە دەرەوەی ئۆرگانیسمی (بەدەنی ) ئینسان ، لە دەرەوەی مێشکی ئینسان ، سەربەخۆ لە فکر و ویست و ئیرادەی ئینسان وجوودیان هەیە . ئەو «شتانە» هەم مادەکەی مامۆستا مەسعوودیان تێدایە (شتی بێ گیان و ڕەق)، هەم مەعنەوییات و ئەوانەی نابیندرێن وەک هەستی نەتەوایەتی ، ئەوین ، دۆستایەتی ، دەنگ ، زانست و هەرچی لە دنیادا هەیە . لێرەدا جێگەی وەی نیە پێوەندی نێوان «مادە و شعوور» لێک بدەمەوە و جیاوازیان لەگەڵ «مادە و مەعنا» شی بکەمەوە . بەڵام دەتوانم لە مامۆستا بپرسم کە چۆن لە خۆی ڕادەبینێ بە بێ تێگەیشتنی مەفهوومە سەرەکییەکانی فەلسەفەی مارکسیسم ، ئاوا بە کژ ئەو فەلسەیەدا بچێ و پێی وابێ ئاداری بە سەر پاداریەوە نەهێشتوە ؟

مامۆستا مەسعوود لە باسی ئەدەب دا هیچ پێوەندیێک لە نێوان ئەدەب و نیزامی کۆمەلایەتی ـ ئابووری و چینە کۆمەلایەتیەکان نابینێ (بڕوانە لاپەڕەی ١٥٠ بەو لاوە). پێی وایە ئەدەب ئەدەبە و لێکۆڵینەوەی ئەدەب لە چوارچێوەی ئەو کۆمەڵەی کە ئەو ئەدەبەی خولقاندوە وەدوای کلاوی لار کەوتنە. پێی وایە لە لێکۆڵینەوە و ڕەخنەی ئەدەبی دا نابێ تخوونی دیاردەی کۆمەلایەتی ـ ئابووری وەک دەرەبەگی، دەسمایەداری و چینایەتی ببین . ئەو بۆچوونە ـ جیاکردنەوەی ئەدەب لە چینەکان و ئیدەئۆلۆژی و دیاردە کۆمەلایەتیەکان ـ لە جیهانبینی ئیدەئالیستی و دژی جەدەلی مامۆستا مەسعوود هەڵدەقوڵێ. لەو فەلسەفەدا دیاردەکانی ئەو جیهانە ـ هونەر، ئەدەب ، ئابووری، پیشە، دار، هەوا، ئاو، عاسمان... ـ هەر کامیان بگری سەر بە خۆن و لێک جیاوازن. لەت و کوت کردنی واقیعیەت ( واتە «مادە» یان ئەو دنیایەی کە جودا لە وجوودی ئێمە هەیە) و حاشاکردنی پێوەندی نێو دیاردەکان، بنچینەی فەلسەفەی ئیدەئالیستی و بۆچوونی مامۆستا مەسعوودە. ئەو بۆچوونە سەرباقی کۆن بوون ( مەنتیقی ئەرەستوویی یە) و باوبوونی لە گەڵ واقیعیەتی کوردەواری و ئەدەبی کوردی نایاتەوە و لە نووسینی مێژووی ئەدەب و ڕەخنەی ئەدەبی دا بەرەو پاشەوەمان دەبا .

مامۆستا لەو کتێبە و لە نووسراوەکانی تری دا ئەوەندە بە بەژن و بالای دەرەبەگی کورد هەڵدەڵێ سەد ئەوەندە لۆمەی خوێندەوار و ڕووناکبیری کورد دەکا. دەرەبەگی کورد کە زۆربەی خەڵکی ـ جووتیارولادێیی ـ بە ڕەگەزێکی جیاواز و پەست دادەنا و هەستان ودانیشتنی لەگەڵ نەدەکردن، «براگەورە» یە ، کانگای کوردەواری و کۆڵەکەی کوردایەتی یە. بەڵام خوێندەوار و ڕووناکبیری کورد ـ بە تایبەتی ئەوەی ڕەخنە لە دواکەوتوویی و زوڵم و زۆری خۆماڵی بگرێ ـ کورد نیە ، بێگانەیە و بگرە دژی کوردیشە .

کتێبەکەی مامۆستا هەر بۆ « ئەمیری حەسەنپوور...» نەنووسراوە. ئەو کتێبە پیامێکە بۆگشت ڕووناکبیرو چەوساوەی کوردستان. مامۆستا پێیان دەڵێ کوردایەتی ودەرەبەگایەتی یەکن. هیچ ئاسۆیێک بڵیند و ڕوون نیە، ڕەخنە لە ئێستە و لە ڕابردوو مەگرن دەنا کورگ ددانی تیژە ! مامۆستا دەڵێ تەنیا دەرەبەگی کورد بوون کە لە دەوڵەتی قاجار و پەهلەوی هەڵگەڕاونەوە (ل ١٣٣). لە پێشدا با بڵێم ئەو قسە تەواو ڕاست نیە ******. ئەو بەشەی کە ڕاستە ئەوەیە زۆربەی ڕابەرانی بزووتنەوەی کوردایەتی دەرەبەگ بوون ( شێخ عوبەیدوڵلا ، سمایل ئاغای سمکۆ و... ل ١٣٣). مامۆستا لەو ڕاستیە دەکاتە ئەو ئەنجامە ناڕاستە : نەک هەر بۆمان نیە ڕەخنە لەو «براگەورانە» بگرین، پێویستە شانازیشیان پێ بکەین و بە ڕێگەی ئەواندا بڕۆین. لادان لە ڕێگەی ئاغاوەت لادینی یە !

سێسەد ساڵ لەوە پێش، لە جەنگەی دەسەلاتی ئەمارەتەکاندا، ئەحمەدی خانی ڕەخنەی لە خانەکان گرت. خانەکان قازانجی خۆیان پێ لە قازانجی گەلی کورد و کوردستان گرینگتر بوو و نەیان دەویست بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کورد یەک بگرن. خانی گوتی :

تابعیەتێ وان [ڕۆم و عەرەب و عەجەم] ئەگەرچی عارە
ئەڤ عارە ل خەڵقێ نامدارە

**❑ هەروەها هەر لە ئێستەوە دەبێ لە گەڵ ڕێکخراوە فەرهەنگییەکانی هەر وڵاتێک کە تێیدا دەژین پێوەندی بگرین بۆ ئەوەی لەو ساڵەدا چالاکی بکەن بۆ ناساندنی خانی و مەم و زین و خەباتی گەلی کورد. خانی تێکۆشەر ، شاعیر و ڕووناکبیری هەرە گەورەی گەلی کوردە و پێویستە خۆمان باشی بناسین .**

←

ناموسە ل حاکم و ئەمیران
تاوان چیە شاعیرو فەقیران !

دوو سەد ساڵ دوای خانی حاجی قادری کۆیی ناڵای ڕەخنەی شەکاندەوە و گەلی کوردی هاندا بۆ دامەزراندنی دنیایێکی نوێ .بەڵام بە داخەوە سەد ساڵ دوای حاجی قادر ، کێشەکە هێشتا لە سەر ئەوەیە : بە ڕێگەی خانی دا ڕۆیشتن یان بە ڕێگەی خانی دا؟

● لە گەڵ ڕێز و ئارەزووی سەرکەوتنتان، کاک ئەمیر، تکایە خۆت باسێک یان پەیامێکت هەیە کە ئەو وتووێژەی دوایی پێ بێنین؟

- بەڵێ، من داوام لە یۆنیسکۆ ( لقی فەرهەنگی ، زانستی و پەروەردەیی نەتەوەیەککگرتوەکان) کردوە کە ساڵی ١٩٩٤ ـ سێسەدومین ساڵی دانانی مەم و زین - وەک ساڵی ئەحمەدی خانی دیاری بکا و ڕێزی لێبگرێ . کاک «حەمەدەمینی بۆزەرسلان» یش ئەو داوایەی کردوە بەڵام یۆنیسکۆ گوێی نەداوەتێ. جا چ یۆنیسکۆ ئەو کارەی بکا یان نەیکا، ئێمە خۆمان دەبێ وەخۆ بکەوین و بۆ ناسین و ناساندنی ئەو بەرهەمە گرینگەی ئەدەبی جیهانی حەول بدەین. بۆ وێنە گۆڤار و ڕۆژنامەکان دەبێ ژمارەی تایبەتی بڵاوبکەنەوە و ڕادیۆ و تەلەڤیزیۆن بەرنامەی تایبەتی ساز بکەن . ڤیدیۆ ئامادە بکرێ بۆ ناساندنی خانی و مەم و زین . هەروەها هەر لە ئێستەوە دەبێ لە گەڵ ڕێکخراوە فەرهەنگییەکانی هەر وڵاتێک کە تێیدا دەژین پێوەندی بگرین بۆ ئەوەی لەو ساڵەدا چالاکی بکەن بۆ ناساندنی خانی و مەم و زین و خەباتی گەلی کورد. خانی تێکۆشەر ، شاعیر و ڕووناکبیری هەرە گەورەی گەلی کوردە و پێویستە خۆمان باشی بناسین .

★★★

پەراوێز:

*Amir Hassanpour "Kurdish Studies: Orientalist, Positivist, and Critical Approaches," *Middle East Journal* , volume 47, no. 1, 1993, p,120 - 122 ; no3 , p , 571- 576

**Amir Hassanpour, *Nationalism and Language in Kurdistan, 1918-1985*, San Francisco,Mellen Research University Press,1992

*** ئامار سەبارەت بە ژیانی ئەدەبی کوردستان بە تیتووی تفەنگیش وەدەست ناکەوێ . چۆنیەتی ساغ کردنەوەی ئەو ئامارە و ئەو لە سەدانەی (پورسانتاژ) لێرەدا گێڕاومەتەوە لە کتێبەکەم دا باس کراوە (ل ٩٨). بە کوێرەی ئەو زانیارییەی کە لە مێژووی ئەدەبی کوردی (علاالدین سجادی، چاپی ٢، معارف ، ١٩٧٢) دا هاتوە، ٢٢١شاعیر پێش ساڵی ١٩١٨ ژیاون (بێجگە لە بابا تاهیر). من هاتووم ئیش یان حیرفە یان پێوەندی چینایەتی ١٤٧ کەس لەو شاعیرانەم بە لە بەرچاوگرتنی ئەو لەقەبانەی کە لە گەڵ نێوەکەیان هاتوە (بەگ ، خان، مەلا، فەقێ، شێخ...) ساغ کردۆتەوە. ئاشکرایە کە جاری وایە بە کەسێک دەڵێن مەلا لەگەڵ ئەوەشدا مەلا نیە یان مەلایەتی نەکردوە. بەڵام شتی وا زۆر کەمە بەتایبەتی لە نێو شاعیر و ئەدیباندا. ئەو لەسەدانەی (٪) کە لێرەدا گێڕاومنەوە بۆ ئەو ١٤٧ شاعیرەن کە ئیش و حیرفەیان دیاری کراوە. ئەو حیسابەی من کردوومە، لە ڕوانگەی زانستی ئامارەوە (statistics) بڕوای پێدەکرێ؛ چوونکە ئیش و کاری زۆربەی شاعیرەکان ( ١٤٧کەس کە دەکاتە ٦٦,٥٪) ناسراوە. لەوەدا شک نیە کە وەدەستکەوتنی زانیاری نوێ سەبارەت بە ژیانی شاعیری نەناسراو، ئەو ئامارەی کە من ساغم کردۆتەوە دەگۆڕێ . واتە ژمارەی شاعیرەکان زۆرتر دەبن بەڵام پێم وا نیە زانیاری تازە ئەو پێوەندییەی کە لێرەدا وەدەرکەوتوە ( مەلا و ئاغاوەت بوونی زۆربەی شاعیران) بگۆڕێ .

**** : سەرجەمی بەرهەمی گۆران ، بەرگی یەکەم، دیوانی گۆران، بەغدا، ١٩٨٠، ل ١٢٢ ـ ١٢٣ .

***** : مەسعوود محەمەد ، بۆ ئەمیری حەسەنپوور لە هەر کوێیەک بێت .بەغدا ،١٩٨٤.

****** : مامۆستا هێمن سەبارەت بە ڕاپەڕینی جووتیاران ئاوای نووسیوە : « جووتیارانی کوردستانی ئێران لە ساڵی ١٣٣٢ـ ١٩٥٢دا لە دژی زوڵم و زۆر و چەوسانەوەی دەرەبەگەکان ڕاپەڕین و بۆ یەکەم جار لە مێژووی کوردستانی ئێران دا ئاتەبایی چینایەتی گەیشتە ڕادەی تەقینەوە و چینی چەوساوەی وڵاتەکەمان بۆ ماوەیەکی کورت لە بەشێکی کوردستان دا توانی بە سەر چینی دەسەلاتدار دا زاڵ بێ ... » . «... سەرتیپ موزەفەری فەرماندەی تیپی مەهاباد بە سوپا و لەشکر و تانکو تۆپەوە بە هاواری دەرەبەگەکانەوە چوو و ڕاپەڕینی جووتیاران و وەرزێرانی زۆر بێ ڕەحمانە و بە توندی سەرکوت کرد... » . « ... جارێکی تر بە چاوی خۆم تێشکانی ڕەسەنترین ڕاپەڕینی گەلەکەم دی ... » . ( تاریک وروون ، ل ٣٨و٣٩، چاپەمەنی سەیدیان ، مەهاباد) .

✿✿✿

**ئەو گۆڤارە سەر بە هیچ حیزب و ڕێکخراوەیێکی سیاسی نیە و خاوەن ڕێبازێکی گشتی سەربەخۆیە و تەنانەت خۆ لە باسی زۆرزەقی سیاسی و وتاری چاو بە مۆلەق وەستاوی یەکلاخوازی دەبوێرێ . لە گەڵ ئەوەیشدا بەربەرەکانی و دەمەلاسکەی هیچ حیزب وڕێکخراوەیێکی سیاسی ناکا کە بۆمافی ڕەوای گەلی کوردلە گۆڕەپانی خەباتدا تێدەکۆشێ .**

بیرەوەری

# گەشتێک بە کۆماری مەهاباددا

## بیرەوەری یەکانم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا

● عەقید بەکر کەریم حەوێزی ●

### کورتە باسێک

لە ساڵی ١٩٤٤ دا کە فەرماندەی(بطریە)ی سێی سەر بە لیوای مەدفەعیـیـە بووم لە کـرکـوک ، زۆربەی، زۆری ئەفسـەرەکـانیش لەوێ ئەو دەمـە هەر کـوردبوون. شـەڕی دووەمی جیـهانی کە لە گەرمەی دابوو، ئیمـەی ئەفسـەرانی کورد بە پێویستمـان زانی کە ئەو دەرفەتە لەدەست نەدەین و بەتایبەتی بۆ کوردستانی ژێردەستی عێراق هەوڵێکی وابدەین کە مافی سەربەخۆیی بۆ کورد بەدەست بێنین و ئێمەش وەک گـشت گـەلانی جیـهـان بە ئازادی شـادبین. لەم بارەوە بەباشمان زانی کە بیرو بۆچوونەکانمان لە چوارچێوەی بەیەک گەیشتن و چاوپێکەوتندا خۆبنوێنێ ، ئیدی لەو دەمەوە خەبات و تێکۆشانمان هەمیشە بە شێوەیەکی نهێنی بەردەوام بوو. لە هەمـان کـاتدا لە پێش و پاش شـەڕی مـایسی ١٩٤٢ (شـەڕی ڕەشـید عـالی گەیلانی) بیرمـان لەوەش کردەوە کە هێزێکی چەکـدار ڕێک بخـەین و ڕووبەڕووی دەسـەڵاتی بەغـدا بوەستینەوە، لەو کاتەدا گیرو گرفتێکم هاتە ڕێ و خیزانەکەم نەخۆش کەوت کە لە عێراق چارەسەری نەدەکرا ، ناچاربووم کەبۆ سێ مانگ مۆڵەت وەربگرم و بیبەم بۆ لوبنان ، لەو کاتەدا مەلامستەفا لە ناوچەی بارزان دژی ڕژێمی عێراق لەشەڕدا بوو.

مـاجیـدبەگ مـسـتـەفـا کـە ئەو دەمـە وەزیـری دەوڵەتی عـێـراق بوو، هـاتبـووە کـەرکـوک و لـە مـاڵی مـوقـەدەم ئەمین ڕەواندوزی لەگەڵ ئێمەدا کۆبوونەوەیەکی کردوو هەر لەوێش مامۆستا ڕەفیق حلمی (سەرۆکی کۆمەڵەی هیوا)ئامادەبوو. مەبەستی نێوبراو (ماجید بەگ موستەفا) ئەوەبوو کە بچێتە لای مەلا مستەفا و قەناعەتی پێبکات کە لەگەڵ ڕژێمی بەغدا پێکبێت . لە ئەنجـامـدا چەند پێـشنیـارێکمـان کـردو ئەو پەیمانەی کە دەسەڵاتدارانی بەغدا بەماجید بەگ موستەفایان دابوو (خودموختاری بۆ کورد) بەگەرمی داواو پشتگیریمان لێکرد کە زووبکرێت لە جێبەجێ کردنیدا .

لە ئەنجـــامـــدا بەهادین نوری بەگ کــــرا بە پارێزگـەری(محـافظ) سولێمـانی وبڕیـاریش وابوو کـە ئەمین ڕەواندوزی ببێتـە (قـایمقـامی)ڕەواندوزو مستـەفـا خۆشناو، مـەجـیـد عـەلی و من و چەند ئەفـسـەرێکی دیکە ببینە لێپرسراوی(مدیر) ناحیە. بەڵام لە گەڕانەوەی مەجید بەگدا، من تا هەولێـر لەگـەڵی ڕۆیشـتم و پاشـان چوومـە بەغـدا و لەوێشـەوە لەگـەڵ خـێـزانە نەخـۆشـەکـەمدا بەرەو لوبنان کەوتمەڕێ .

شـایانی باسـە، کـە ئەو شـانۆگـەرییـەی کە بەنێـوی (ئۆتۆنۆمی)یەوە ئامادەکرابوو بدرێتە کورد، پیلانێکی سەر بە حکومەتی بەریتانیا بوو، چونکە تورکیاڕێگەی بە هێزەکانی نەدەدا بچنە ناو سوێندخۆرەکانەوە و(حلفا) گومانی لەوە هەبوو، نەوەک لەگـەڵ (دوەلی مـحـوەر) ڕێک بکەوێت. پاش ئەوەی کە تورکیا کوردی وەک گورگ و دڕندە نیشاندا، ئەوجا ڕێگەی بە هێزەکانیدا کە بچنە نێو سوێندخۆرەکانەوە. بەم چەشنە پەردەی شانۆگەری (ئۆتۆنۆمی) کوردیش داخرایەوە.

پاش سێ مانگ مانەوەم لە لوبنان ، گەڕامەوە عێراق و لە کـەرکـوک هـەوڵێکی زۆرمـدا کـە خـانەنشین بکرێم، بەڵام بێسوود بوو. ناچار هەڵاتم و چوومەکۆیە و لەوێشـەوە ڕووم لەدەشتی کۆیە(گوندی شیواشان) ناو لەو گوندە کە موڵکی خۆم بوو مامەوە.

حکومـەتی عـێـراق لەڕێگەی خـەزورمـەوە (سـەبری عـەبدوڵڵا) کـە بەڕێوەبەری پۆلیسی سولێمـانی بوو گـەلێک هەوڵی‌دا بگەڕێمـەوە و وەک ئەندامـێکی پەرلەمـان وەزیفـەم بدرێتێ، بەڵام هەوڵدانەکانیان بێسوود بوو.

لەم بارو دۆخە ئاڵۆزو گیروگرفتاوییەدا خێزانەکەم کە بەنەخـۆشی لە لوبنان جێ هێشتـبـوو کـۆچی دوایی کـرد.

سەبری بەگ چووە لوبنان و تەرمەکەی هێنایەوە عێراق و لە حەزرەتی گەیلانی بەخاک سپێردرا. پاشان بەنهێنی چوومە ماڵی خەزوورم لە سلێمانی و لەوێ هەموو رۆژێک ئەفسەرە کوردەکان سەردانیان دەکردم. رۆژێکیان موقەدەم ئەمین رەواندوزی ئاگاداری کردم کە کۆمەڵی هیوا، مستەفا خۆشناو و میرحاج حاجی ئەحمەدی ناردووەتە لای کۆمەڵی «ژێ کاف» لە مەهاباد، بەڵام لە گەڕانەوەیاندا میرحاج گیراوە و مستەفا خۆشناو هەڵاتووە. پاشان منیش لە سولێمانی گەڕامەوە شیواشان و پاش ماوەیەک نامەیەکم لە مستەفا خۆشناووە بەدەستگەیشت، نووسیبوی: «کاکە ئێستە من لە گوندی (ئەنگوز)م نیزیک بە گوندی بێتواتە و خەریکی پەیداکردنی چەکێکم و ئەوسا دێمەوە لای تۆ». بەڵام دیاربوو کە لە بارزان پێویستیان پێی بوو بۆیە بەرەو ئەوێ رۆیشتبوو.

پاش کورتە ماوەیەکی‌دی نامەیەکم لە کاک عیزەت عەبدول عەزیزەوە بەدەست گەیشت. داوای کردبوو کە لە گوندی بێستانەی نیزیک هەولێر یەکدی ببینین، بەڵام نامەکەم رۆژێک درەنگتر بە دەست گەیشت وەک لە پێویست. ئەویش هەڵەی تەتەرەکە بوو کەرێی وون کردبوو. هەر ئەو شەوە دەستوبرد لە شیواشانەوە بەرەو بێستانە کەوتمەڕێ. بەرلەوەی بگەمە جێ زانیم کە کاک عیزەت چەند چەکدارێکی عەلی ئاغای مەحمودی کاکە جانی دزەیی لەگەڵدا بووە و لەرێگەی دەربەندی گۆمەسپانەوە بەرەو شەقڵاوە و لەوێشەوە بەرەو بارزان کەوتووەتە رێ. کاتێک کە شەر، لە بارزان دەستی پێکرد، کاک عیزەت لەوێوە نامەیەکی بۆ ناردم و داوای کردبوو کە بچمە لای بابەکراغای سەلیم ئاغا و عەباسی مەحمود ئاغا لە پشدەر و داوای کۆمەک وپاڵپشتییان لێ بکەم بۆ شەڕی بارزان. بەخۆم و شەش چەکدارەوە چوومە شاری مەرگە و لەوێشەوە چوومە لای باپیری بابکری مەحمودئاغا لە گوندی (نورالدین)، شایانی باسە کە باپیرئاغا مرۆڤێکی ژیرو لێهاتوو و سەرۆکی کۆمیتەی پژدەر بوو. لەوێشەوە چوومە گوندەکەی عەباس‌ئاغا (چۆم خرکە) و پێنج رۆژێک لای مامەوە و هەوڵێکی زۆرم دا ئەو مەبەستەی بۆی چووبووم بەدەستی بێنم، بەڵام مخابن ئەنجامێکی باشم بەدەست نەهێنا و هۆیەکەشی ئەوەبوو کە لەگەڵ بابەکرئاغادا ناکۆک بوون و لە دەرفەتێکیش دەگەڕا کە لەرێی حکومەتی عێراقەوە تووشی تەنگ و چەڵەمەی بکات.

لەکاتی گەڕانەوەمدا بۆ دەوروبەری کۆیە، شەو بەسەردا هات و دەستەیەک پۆلیس لە شیواشانەوە رێی پێ‌گرتین. لە ئەنجامی بەیەکدادانی هەردوولاماندا بریندارکرام و هەر بەو وەزعە لە چیاکانی ئەو ناوچەیە مامەوە. لەهەمان کاتدا دەسەڵاتدارانی رژێم ماڵیان تێکرا بەتاڵان بردم و لە کۆیە هەراجیان کردو فرۆشتیان.

پاش دوو حەفتەیەک کە هەستم کەمێک بەباشی کرد و دەمتوانی هەنگاوبنێم، لەگەڵ چەکدارێکمدا رێی بیتوێنم گرت و شەو لە گردی (قاجە) لە نیزیک گوندی (قەسرۆک) لە ماڵی سەردارێک بە نێوی (رەسوڵی گوڵی) لامدا و بوومە میوان. ناوبراو هاتوچۆی ئێرانی دەکرد و شتوومەکی قاچاغی ئاڵوگۆڕدەکرد. پاشان من و خزمێکی خۆم (عەبدئاغا) و ئەوانی دیکە کە ژمارەمان ببوە (١٣) چەکدار بەرەو گوندی وەرتێ ـ ناوچەی خۆشناوەتی ـ بەرێ کەوتین و شەوێکیش لەوێ مابنەوە، پاشان لەرێی حاجی هۆمەرانەوە بەرەو گوندی (زەرگەتەن) چووین، ئەم گوندە کەوتووەتە ناوچەی خانێ، لەدەشتی لاجانی ئێران.

## مەهاباد

لە گوندی زەرگەتەنەوە بەرەو مەهابادی رەنگین و دلڕفێن بەرێ کەوتین. بەفرێکی زۆر، شەقام و کۆڵانەکانی مەهابادی داپۆشیبوو. لە ماڵی میرزا غەفوری رەسوڵی بوومە میوان. ناوبراو ماوەی ٢٠ ساڵێک لە کۆیە ژیابوو، ناسیاوییەکی باشمان لەگەڵ یەکدی هەبوو گەلێک میوان پەروەرو بەخزمەت بوو، زۆریشی هەوڵدا کە هەرلەوێ بمێنینەوە بەڵام پاش تێپەڕ بوونی حەفتەیەک لەگەڵ برادەرێکی دیکەدا (مامۆستا مەحمود شەنگە) پێکەوە چووینە میوانخانەی (فەیروز) و لەوێ نیشتەجێ بووین. هەر لەو سەردەمەدا بەرێز شێخ ئەحمەدی بارزانی خۆی و ٦٠ بارزانی لە مەهاباددا دەژیان. بە دەرفەتم زانی سەردانێکی شێخم کردو خۆمم پێناساند، ئەویش گەلێک رێزی لێ‌گرتم. ئیدی وای لێهات زۆربەی کاتم لای شێخ بەسەر دەبرد. کات بەرەو وەرزی بەهار دەچوو. کە هەتاو و هەوا خۆش دەبوون لەگەڵ شێخ دەچووینە دەرەوەی شارو نیشانی تفەنگمان دەنایەوە. ئەو دەمە نەزیری کوڕی و لوقمانی مەلا مستەفا لە تەمەنی ١٢ ـ ١٤ ساڵیدا بوون، فێری نیشانی تفەنگ و دەمانچەیان دەکردن، تا وایان لێ‌هاتبوو ببوونە نیشانچییەکی زۆرباش. ماوەیەک بەو چەشنە ژیانم بەسەر دەبرد. لە مەهابادیش لەگەڵ چەند کەسانێکی شارەزادا ناسیاویم پەیدا کردبوو، وەک : سەدیق حەیدەری، عەلی خوسرەوی، لەتیف مازووچی و

ژمارەیەکی تردا.

بەر لە هەڵکردنی ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان لە مەهاباد بە چەند ڕۆژێک دێهاتنشین و عەشیرەتەکان گەورە و بچووک، ژن و پیاو و منداڵ، پۆل پۆل بەرەو مەهاباد دەهاتن. شار بەرگی خۆشی و شادی پۆشیبوو، سەرتاسەری مەهاباد ڕازابۆوە.

ڕۆژی ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ بوو، دانیشتوانی مەهاباد و دەورو پشتەکەی ڕژابوونە مەیدانی چوارچرا. جوانیی ڕەنگی جلوبەرگیان و بەزمو شایی و خەندەی سەرلێوانیان ئازادی و سەربەخۆیی تێدا دەبینرا. بەپەرۆشەوە چاوەڕێی هاتنی پێشەوای بەڕێز قازی محەمەدیان دەکرد. کاتێک پێشەوا پەیدابوو بە چەپڵە ڕێزان و هوتافات پێشوازی لێکرا. دروشمی «نەمری بۆ پێشەواو و کوردو کوردستان» لە هەموو لایەک دەنگی دەدایەوە، ئاڵای سێ ڕەنگێ کوردستان بەرزکرایەوە، تەقەی تفەنگ و هەلهەلە و جۆش و خرۆشی خەڵکەکە گەیشتبووە ئاسمان.

پێشەوا قازی محەمەد بەگەلێک حورمەت و ڕێزەوە لەبن ئاڵای کوردستاندا،ڕووی لە جەماوەری تینووی ئازادی مەیدانی چوارچرا کردو دوای پێشکەش کردنی سڵاوی گەرم ،فەرمووی:

« ئەوڕۆ خۆشترین ڕۆژە لە ژیانی هەموو کوردێکدا کە ئاڵای سەربەخۆیی کوردستان هەڵکراوە و لە بەرزایی مەهابادا دەشەکێتەوە. گەلی کورد وەک گشت گەلانی جیهان مافی تایبەتی و سەربەخۆیی هەیە. سەدان ساڵە بۆئەم ئامانجە پیرۆزە خەبات دەکات ، هەزاران قوربانی لەو ڕێگەیەدا پێشکێش کردووە، هەر لە گەورە پیاوان و لاوانی کورد و گوڵاڵە سوورەی بەهارانی کوردستان بە خوێنی ئەم شەهیدانە ئاودراون. گۆڕستانی شەهیدانی ڕێگەی ڕزگاری بەشێکی زۆری زەوی، لەهەرچوار بەشی کوردستاندا، داپۆشیوە و تەرمی پیرۆزیان کەوتە ژێر خاک و بەئاوات نەگەیشتن.

ئەوڕۆکە، گەلی کورد لە ئێراندا بەختەوەرترین کوردن لە کوردستانی مەزندا، کە ئەمەش ئەنجامی ڕەنج و فیداکاری ئەو شەهیدە قارەمانانە بوو. شاری مەهاباد ئەو شەوقە گرنگ و پیرۆزەی لە یەکەم خەباتی ئەم چەرخەدا بەدەست هێنا کە دەبینین ئاڵای سێ ڕەنگی کوردستان لە بەرزایی مەهابادا دەشەکێتەوە.

ئێمە ئێستە سەربەخۆین و دۆستی گەلێک بەهێزیشمان هەیە، هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بەئاسانی لە

**❑ شایانی باسە، کە ئەو شانۆگەرییەی کە بەنێوی (ئۆتۆنۆمی)یەوە ئامادەکرابوو بدرێتە کورد، پیلانێکی سەر بە حکومەتی بەریتانیا بوو،**

مەهابادا فیداکارییەکی زۆری دەوێ تا بپارێزرێ ، ئەو ئەرکە پیرۆزەش کەوتووەتە سەرشانی ئێوە و ئەو چرایە نابێت بکوژێتەوە،ڕۆحی پاکی شەهیدانی کورد ، وا بەسەر سەرتاندا دەسوڕێتەوە، هەر سستی و کەمتەرخەمییەک لە گیان فیداکردن ، ئەوانە محاسەبەمان دەکەن. یەکەم بە پشتیوانی خوا و دووەم بە هیمەتی بەچکە شێرانی کورد ئەو مافە دەپارێزرێت ».

لەکاتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ، برادەرێکێ دڵسۆزی دانیشتووی سولێمانی (کاک عوسمان دانش) هێندە پەستی ئاڵاکەی کرد فرمێسک لە چاوانی دەباری و لەهۆش خۆیچوو، کەوتە سەرزەوی، هەروەها (نەقیب سەید عەزیز سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی نەهری) ووتارێکی جوانی پێشکەش کرد. مامۆستا هێمنێی تازە لاویش هەڵبەستێکی خوێندەوە و تێیدا ووتبووی: « ئۆخەی نەمردم و گەیشتمە ئاوات ...».

ئەو ڕۆژە تا شەوێکی درەنگ جەماوەری مەهاباد بەگۆرانی و بەزم و شایی کاتیان بردەسەر. من و کاک مەحمودیش گەڕاینەوە میوانخانەکەمان و لە هۆڵەکە دانیشتین. لەو کاتەدا ئەفسەرێکی تەمەن بیست ساڵە (پلەی ژەنەڕاڵی لەسەر شان بوو) و شمشێرێکی بەقەدەوە بوو هاتە میوانخانەکە. دیاربوو لەخۆیەوە ئەو بەرگەی پۆشیبوو، خۆ ئەگەنا ئەو تەمەنە هی ئەوە نەبوو کە بگاتە پلەی ژەنەڕاڵی.

زۆری پێ نەچوو هاتە لای مێزەکەی ئێمە و لەگەڵمان دانیشت و خۆی پێ ناساندین و(مەحەمەد ئیسحاقی ناوبوو) دەستی کردە وتووێژ لەگەڵماندا. ئێمەش سەبارەت بەوڕۆژە پیرۆزە و ئەو ڕووداوە گرنگەی ژیانی نەتەوەکەمان و هەرچییەکیشمان بەباش زانی بۆمان باسکرد. هەر پاش ئەوە هەستاو جێی هێشتین وڕۆیشت. پاش تێپەڕبوونی کاتژمێرێک چەند چەکدارێک هاتن و ئاگاداریان کردین کە کاک مەحەمەد ئیسحاقی لە دەزگەی پۆلیس چاوەڕێمان دەکات. پێدەچوو کە کاک مەحەمەد زابتی پۆلیسە، ئێمەش لەگەڵ کاک مەحمود وامان بڕیاردا کە تەنێ یەکێکمان بچین و ئیدی وارێک کەوت کە ئەو لەگەڵیان چوو. دووای ماوەیەک کاک مەحمود گەڕایەوە و ووتی: « ئیسحاقی داوادەکات کە دەبی مەهاباد جێ بێڵین

» . نەمانزانی هۆیەکەیی چی‌یە، تەنی ئەوە نەبێت کە فەرمانی ئیسحاقی‌یە و دەبێ دەربچین. بەڵام ئێمە بڕیارمان دا کە دەرنەچین، چونکە بەفرێکی زۆر مەهابادی داپۆشیبوو و سەرمایەکی بێووزەشی هەبوو، جگە لەوە، نەشمان دەزانی بەو شەوەڕوو لەکوێ بکەین ئەو شەوە چەند جارێک هاتنە سەرمان و نارەحەتیان کردین، بەڵام خۆشبەختانە چەکم پێبوو بۆیە نەیاندەتوانی بەخۆرتی وەدەرمان نێن. ئەو شەوە تا بەیانی لەوێ ماینەوە. هەر ئەو سەرلەبەیانی‌یە بیرم لە سەردانێکی شێخ ئەحمەدی بارزانی دەکردەوە، لەناکاو بارزانییەک پەیدا بوو، ئاگاداری کردم کە شیخ چاوەڕوانم دەکات و دەیەوێ بمبینێ. کە گەیشتمە ئەوێ دیتم شێخ گەلێک توڕەیە و بە هەیوانەکەدا هاتووچۆ دەکات، ڕووی تێ کردم و ووتی: « ڕەئیس بەکر دەزانی ئەمشەو کردوویانەتە سەرم کە دەبێ مەهاباد بەجێبێڵم ، بەڵام زۆر بەتوندی وڵامم داونەتەوە کە لە مەهاباد ناچمە دەرێ، جگە لەوە دەمەوێ ئەوڕۆ لێیان بدەم و شار داگیربکەم ». من و حاجی تەهاعەبدولعەزیزی برای کاک ڕەئیس عێزەت ، ماوەیەک لەگەڵیدا خەریک بووین تا هێورمان کردەوە و پاشان پێم ووت کە ئەم چوونە دەرەمان لە مەهاباد بەفەرمانی پێشەوا قازی محەمەد نی‌یە، بەڵکو فەرمانی ڕووسەکانە، چونکە تا ئێستا هێزی سوپای کوردستان دانەمەزراوە و ئەم کارە تەنێ پەیوەندی بەسیاسەتی ڕووسەکانەوەیە و فەرمان لەوانەوە دەردەچێ و کۆماری مەهاباد تاوانی نی‌یە. ئەوجا ئایا دەتوانین لەگەڵ ڕووسەکاندا بەشەڕ بێین؟ پاش ئەوەی کە شێخ کەمێک هێور بۆوە ، بڕیاری دا کە مەهاباد بەجێبێڵین و ڕووی تێکردم و فەرمووی : تۆ بەرەو کوێ دەچیت ؟ پێم ووت کە دەچمە لای مەلا مستەفا لە شنۆ. فەرمووی هەرچەندە ئاگاداری‌یەکی تەواومان لەم هەڵوێستە نی‌یە، بەڵام ئێمەش بەرەو ورمێ دەچین. ئەوان ڕوویان لە گوندی شەیتان‌ئاوا کرد و ئێمەش لەگەڵ شێخ محەمەد سدیق و خێزانەکەی و چەند بارزانییەکدا بەرەو نەغەدە کەوتینەڕێ و لەوێوە بۆ شنۆ. کاک مەحمود شەنگەش بەرەو سولەیمانی گەڕایەوە.

گەیشتینە شنۆ، لەوێ مەلا مستەفا لەگەڵ هەندێک ماڵە بارزانی و برادەراندا : نەقیب مستەفا خۆشناو، نەقیب میر حاج، مولازم جەلال ئەمین، مولازم خێروڵڵا عەبدولکەریم، مولازم نوری ئەحمەد تەها، مولازم مەحەمەد قودسی، مولازم عەبدولڕەحمان نەقیب، مولازم مەحمود ساڵەح، کاک هەمزە عەبدوڵڵا ، وەهابئاغای حەمەعەلیاغای جوندیان و سەعیدئاغای برای ، دانیشتبوون. یەک سریەش سەربازی ڕووس لەژێر فەرماندەی نەقیب مەمەدۆف دا لەشنۆ بوو.

دوای چەند ڕۆژێک مەلا مستەفا، کاک هەمزە عەبدوڵڵا و مستەفا خۆشناو و میر حاجی ناردە لای ژەنەڕاڵ ئەتاکشیۆف (سەرکردەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران) بۆ چارەسەرکردنی ئەو زرووفە نالەبارەی کە تێیدا بووین. بەڵام ڕووسەکان بۆ دڵنەوایی وەرگرتنی ئەمریکا و ئینگلیز لە ئێران مەلا مستەفایان لە ناوچەیەی سەربەخۆیان دانابوو ، بەنهێنی لەشنۆ دابنیشێ و کەس نەیبینێ. ئەمە هەمان سیاسەتی ڕووسەکان بوو بەرامبەر بە شێخ ئەحمەدی بارزانی کە لە مەهابادیان بەدەرنا.

پاش ئەوەی کە نێوبراوان بەو کارەی مەلامستەفا چوون بۆلای ئەتاکشیۆف، ئیدی من لەجێیەکەی ئەوان مامەوە، و مانگێ دە تومەنم دەدایە کرێی ژوورەکە.

## چۆن کاتمان لە شنۆ بەسەر دەبرد

مەلامستەفا بەڕۆژ لە ماڵەوە نەدەچووە دەرێ، ئیدی وارێک دەکەوت کە زۆربەی شەو دەهاتنە لای من و پێکەوە کاتمان بەسەردەبرد.

یەک لەو شەوانە مەلامستەفا و چوارچەکداری خۆی و چەند برادەرێکی دیکەمان: کاک خێروڵڵا و کاک جەلال ئەمین و وەهابئاغا و کاک مەحەمەد ساڵەح ، لای من کۆبووینەوەو تا نیزیکی بەرەبەیانی بە قسەی خۆش و گۆرانی و وتووێژکردن بردمانە سەر. کاک جەلال ئەمین دەنگی لە هەموومان خۆشتربوو، جا هەموو فێڵمان لێدەکرد، کە نۆرەی گۆرانی ووتنی ئەو دەهات تێکڕا دەمانکردە هەراو گەڕەلاوژە و هەریەک لای خۆیەوە گۆرانی دەگووت. مەلامستەفاش دەنگی ناخۆشبوو، کە نۆرەی ئەو دەهات، پێم دەگووت توخودا تۆ گۆرانی مەڵێ چونکە دەنگت زۆر ناخۆشە، کە نۆرەش دەگەیشتە سەر من ئەویش هەر وای پێدەگووتم. هەمیشەش وا دادەنیشتین کە کاک جەلالی دەنگ خۆش بکەوێتە لای چەپی من، کاک وەهابیش گەلێک نوکتەی خۆشی لەسەر باوکی دەگێڕایەوە و لاسایی دەنگی کەڵەشێری دەکردەوە. کاک خێروڵڵاش خۆی لێمان کردبووە هۆنەرو(شاعیر) پێمان دەگووت یەک لە هۆنراوەکانت بڵێ، بۆ وێنە دەیگووت: « لە کۆڵانانا ڕادەبووردم جوانێک لە حەوشە پیازی وورد دەکرد » . ئێمەش تێر پێدەکەنین و بەو چەشنە گەلێک بەخۆشی شەوانمان بەسەردەبرد. بێگومان ئەو سەردەمە هەر فانۆس هەبوو کە بەکارمان دەهێنا . پاش ئەوە چەند کاتژمێرێک دەنووستین، بۆ نیوەڕۆیەش دەچوینە ماڵی مەلامستەفا کە لە خانووی

کەریمئاغای تەلیوان دەژیا . ئەو خانووە دوو نهۆم بوو، لە سەرەوە منداڵەکانی لێدەژیا، لە خواریشەوە ژورێکی کرابوو بە دوو بەشەوە، بەشێکیان چەکدارەکانی تێدا بوو، ئەو بەشەی دیکەش کە هیچ پەنجەرەی تێدا نەبوو کردبوومان بە دیواخان ، جا لەبەر تاریکی ناچاربووین کە بەڕۆژیش فانۆس دابگرسێنین، نانخواردنیشمان هەر لەم ژورە بوو.

گەلێک جاریش خۆمان بە فێرکردنی زمانەوە خەریک دەکرد، مەلامستەفا فارسی دەزانی و فێری دەکردین، ئێمەش وانەی ئینگلیزیمان بەو دەگوتەوە. لەهەمان کاتدا هەوڵی ئەوەشمان دەدا کە کەمێک ڕووسی فێربین. ماوەیەک بەو جۆرە ڕامانبوارد و چاومان هەر لە گەڕانەوەی کاک هەمزە و برادەران بوو.

## بەسەرهاتی زێڕفرۆشتن

مانگێک تێپەڕبوو بەسەر ڕۆیشتنەکەی کاک هەمزە عەبدوڵڵا و برادەران ، بەڵام هیچ هەواڵێکی گەڕانەوەیان نەبوو. ڕۆژێک مەلامستەفا بە شوێنیدا ناردم و چوومەلای و پێی ووتم: دەزانی هیچ کەسێک یارمەتیمان نادات و مەسرەفێکی زۆری بارزانییەکانیشم بەسەرەوەیە و هیچ پارەیەکم بە دەستەوە نەماوە. پرێسکەیەکی دامێ کە هەندێک زێڕی تێدابوو، پێی ووتم کە ئەوە هی دایکی مەسعودە و بەڵکو لەجێیەک بیفرۆشم و بە پارەکەی ماوەیەک گوزەران بکەین تا خودێ زروفێکی لەبارمان بۆ دێنێتە بەردەست. مەبلەغی ٢٥ دیناریشی بۆ خەرجی ڕێگە پێدام.

لەسەر بڕیاری مەلامستەفا، وەهابی حەمەعەلیاغا و سەعیدی برایم لەگەڵ خۆم بۆ پارێزگاری ڕێگە برد و دوو تفەنگی برنەویشم هەبوو، ئەوانیشم هەر لەگەڵ خۆم برد و چووین بۆ نەغەدە. لەڕاستیدا دەمویست کە ئەو دوو تفەنگە بۆ خەرجی ڕێگە بفرۆشم.

لە نەغەدە تووشی کاک هەمزە و برادەران هاتین کە ئەوانیش هەر ئەو ڕۆژە گەیشتبوونەوە ئەوێ، هەواڵی ڕۆیشتنەکەیانم پرسی، بەڵام لەوەڵامدا ووتیان کە هیچ ئەنجامێکیان بەدەست نەهێناوە و سەبارەت بە زێڕەکانیش ، لە نەغەدە نرخێکی کەمیان پێدەدا، مسقاڵی ٢٠ تومەن، منیش نەم فرۆشتن. هەر لەوێ تفەنگێکم بە کاک هەمزە بە ٥٠ دینار فرۆشت ، ئەویش تفەنگەکەی دا بە ئەحمەد کاروانچی ( لە عێراقەوە هاتبوو خەڵکی ڕەواندوزبوو) کە لەگەڵ خۆی بۆ عێراقی بەرێتەوە و لەوێ بیفرۆشێتەوە، چونکە ئەو دەمە لە عێراقدا نرخی زۆربوو. کاک وەهابیش مەبلەغی ٣٠ دیناری لە

**□ « ئەورۆ خۆشترین ڕۆژە لە ژیانی هەموو کوردێکدا کە ئاڵای سەربەخۆیی کوردستان هەڵکراوە و لە بەرزایی مەهابادا دەشەکێتەوە.**

کاک ئەحمەد وەرگرت ، و نامەیەکیشی دایە کە لە ڕەواندوز لە حەمە عەلیاغای باوکی وەربگرێتەوە. هەروەها ئەوەشی پێ ووتبوو کە لە گەڕانەوەیدا سەرلەنوێ بۆ ئێران ، دەبێ مەبلەغێک پارەی دیکەشی لە باوکی وەربگرێ و بۆی بێنێتەوە.

بەفرێکی هێندە زۆر باری بوو کە ڕێگەی هاتووچۆی گرتبوو، ماشێنیشمان(ئوتومبیل) دەست نەدەکەوت کە بچینە ورمێ، ناچار دوو ڕۆژ لە نەغەدە ماینەوە. بەڕێکەوت کاروانێک سەربازی ڕووسی بە ماشێن بەرەو ورمێ دەچوو، ئێمەش بەدەرفەتمان زانی و خۆمان هاویشتە یەک لە ماشێنەکان ، و پێمان وابوو کە ڕووسەکان ڕەنگ بێ زۆر مەرد بن و کرێی ڕێگامان لێنەستێن، بەڵام هێشتا هەر بەڕێوە بووین کە داوای کرێکەیان لێکردین و ١٢٠ تومەنیان لێسەندین کە دەیکردە ١٢ دیناری عێراقی. گەیشتینە ورمێ و لەوێ لە ئوتێلی (لادەن) لامان دا، ئەو کاتە کاک عێزەتیش هەر لەم ئوتێلە بوو. ماڵی سەید عەبدوڵڵا ئەفەندی نەهریش لە ورمێ بوو. لێرەش هەوڵێکی زۆرماندا بۆ فرۆشتنی زێڕەکان، بەڵام جولەکە زێڕینگەرەکان بۆ هەر مسقاڵێک ٢٠ ـ ٢١ دینار زێتریان پێنەدەدا، ئێمەش بەچاکمان نەزانی بیان فرۆشین. پێیان ووتین کە لە تەورێز پارەی باش دەکات. ناچار لە ورمێ وە بەکەشتی بەڕێ کەوتین بۆ شاری شەرفخانە ، شارێک بوو لەوبەری دەریاچەکەو شەمەندەفەری تەورێز تا ئەم شارە دەهات. کەشتییەکە پڕبوو لە ئەفسەر و سەربازی ڕووس، ئەوانیش هەر بەرەو تەورێز دەچوون. لە شەرەفخانە، شەش کاتژمێر چاوەڕوانمان کرد تا شەمەندەفەرەکە گەیشت . ئەو ماوەیەمان لەوێ بە تاوڵەکردن لەگەڵ دوو ئەفسەری سۆڤیەتیدا بەسەر برد. ئەفسەرەکان قەفقاسی بوون و تورکییان دەزانی.

سواری شەمەندەفەر بووین بۆ تەورێزو لەوێ لە ئوتێلی شەبوستەری لاماندا. شەو لەبەر چڵکنی و کێچ و ئەسپێی نێو جلەکان خەومان لێنەکەوت. بۆ بەیانی هەریەکەمان سەرو فانیلە و کراسی کڕی. ئەوانەی خۆشمان هێندە چڵکن و ئەسپێیاوی بوو کەڵکی ئەوەی نەمابوو کە

بشۆردرێت و لەبەر بکرێتەوە، ناچار لە نێو زۆپای ئوتێلەکەمان نا و سووتاندمانن. هەر ئەو ڕۆژەش ئوتێلەکەمان گۆڕی بە یەکی دیکە کە نێوی «میهمانخانەی نەو» بوو. گەلێک مەهابادی و کوردی دیکە لەم ئوتێلە دابەزیبوون.

شەو دەنگی گۆرانی کوردی و تورکی لە یەکێک لە ژوورەکان دەهات ، دەنگ و ئاوازێکی گەلێک خۆش بوو. لە نیزیکی ئەو ژوورە ڕاوەستابووین و گوێمان دەگرت، یەکێک هاتە دەرێ و ئێمەی چاوپێکەوت، پێی ووتین کە بۆ لەوێ ڕاوەستاوین و داوای فەرموونە ژوورەوەی لێکردین. برادەرەکە خەڵکی مەهاباد بوو ، پێی ووتین کە ئەوانی دیکەش خەڵکی ئەوێ و سەقزن. کە چووینە ژورێ دیتمان یەک لەو ئەفسەرە سۆڤیەتیانەی کە لە شەرەفخانە تاوڵەمان لەگەڵ دەکرد (پلەی کەپیتانی هەبوو) لەوێ دانیشتووە و بەگەرمی هەواڵی پرسین. ماوەیەک گوێمان لە گۆرانی گرت و پاشان لەگەڵ کەپیتاندا بە پرسیار و وەڵام بردمانە سەر. لە قسەکانیدا پێدەچوو کە زۆر لەگەڵ بیرو ڕاو هەڵوێستی ستالین و سیستەمی کۆمۆنیزمدا نەبێت.

دووای چەند ڕۆژێک مانەوەمان لە تەورێز توانیم زێڕەکان مسقاڵی بە ٣٠ تومەن بفرۆشم. بەر لە گەڕانەوەمان بۆ مەهاباد دیتم کە چۆن سوپای ڕووسی هەر لە کاتژمێری هەشتی بەیانییەوە تا کاتژمێری چواری پاش نیوەڕۆ لە تەورێزەوە بەرەو سۆڤیەت دەگەڕانەوە. ئەم چوونە دەرەوەیان پەیوەندی بەو ڕێکەوتننامەیەوە هەبوو کە لە تاران لەنێوان سۆڤیەت و بەریتانیا و ئەمریکاوە لە ١٩٤٢دا کرا. بەو پێیە دەبوو شەش مانگ پاش کۆتایی هێنانی شەڕ، هەموو سوپای بێگانە لە خاکی ئێران بچێتە دەرێ. هەر لەوێدا لەسەر ئەوەش پێکهاتبوون کە سنووری ئێران بپارێزرێ و دەسەڵاتی نێوەندیش وەک خۆی بمێنێتەوە. بەپێی ئەو پەیماننامەیە ، ڕووسەکان لە ئێران کشانەوە، ئەمریکا و بەریتانیاش بۆ پاراستنی بەرژەوەندی نەوتی ئێران لەگەڵ شادا، واڕێککەوتن کە شارەزایان و پسپۆڕەکانیان لە کۆمپانییەکانی نەوتی ئێراندا بمێننەوە. بەڵام لە ڕاستیدا ژمارەیەکی کەمیان نەبێ کە ئێرانیان جێهێشت ، خۆ ئەگەنا ئەوانی دیکەیان هەر لەوێ مانەوە.

ئێمەش ئیدی هیچ کارێکمان لە تەورێز نەماو لەگەڵ چەند مەهابادییەکدا بەماشێن بەرەو مەهاباد کەوتینەڕێ. سەرمایەکی بێووزە و شەوێکی گەلێک ساردبوو گەیشتینە میاندواو و لە میوانخانەیەک لامان دا و بڕیارماندا کە بۆ سبەینێ بکەوینە ڕێ. هێشتا ماندوییەتیمان نەحەسابۆوە، دوو چەکدار پەیدابوون ، ڕوویان لە من و کاک وەهاب و سەعیدی برای کرد و ئاگاداریان کردین کە دەبێ میاندواو بەجێ بێڵین، ئەمەش بەفەرمانی تۆماس عەلیێف بوو، کە ئەفسەرێکی ڕووسی لێپرسراوی بازێڕی میاندواو بوو. گەلێک هەوڵمان لەگەڵ دان کە بمێنینەوە بەڵام بێسوود بوو، ناچار لەگەڵ ئێمەدا مەهابادیەکانیش بەو شەوە سەرماو سۆڵییە میاندواویان بەجێهێشت. کە گەیشتینە مەهاباد، چەند ڕۆژێک بوو مەلامستەفا لەلایەن بەڕێز پێشەواوە بانگ کرابووە ئەوێ و وەک پاشایەک پێشوازی لێکرابوو، مەحەمەد قودسی و عەبدولڕەحمان تەیبی شیان لەگەڵ بوو. لە مەهاباد لەگەڵ مەلامستەفا چووینە خزمەت پێشەوا و لەوێ مەسەلەی دەرکردنمان لەلایەن «عەلیێف» ەوەم بۆ گێڕانەوە. پێشەوا گەلێک بەو هەڵوێستە نیگەران بوو، فەرمووی : ئەوە کابرایەکی گەلێک خراپە و کەس لێی ڕازی نییە ، وادەکەم کە لەوێ نەمێنێ. ڕۆژی دوواتر بەڕێز مەلامستەفا ئەو ئەسپەی کە لە شنۆوە پێی هاتبووە مەهاباد،دای بە خۆم لەگەڵ مەبلەغی ١٧٠٠ تومەن . پارەی زێڕەکان کە بۆم هێنابۆوە ٣٩٠٠ تومەن بوو. ئەوەی کە مابۆوە بۆ ماڵەوەی ناردەوە.

## هێنانی بارزانییەکان بۆ مەهاباد

هەر هەمان ڕۆژ مەلامستەفا ڕایسپاردم کە بچمە شنۆ و ئەو بارزانییانەی کە لەوێ بوون، لەگەڵ ئەفسەرەکان و برادەرانی دیکەدا بیانهێنم بۆ مەهاباد. لە شنۆ هەموو بارزانییەکان و ئەوانی دیکەشم کۆ کردەوە کە بەژمارە ٧٠٠ تا ٨٠٠ کەس دەبوون، دوو ئەسپی ماڵی مەلامستەفاش هەبوو، شتومەکم لێبارکردن و وێکڕا بەرەو نەغەدە ڕێکەوتین و لەوێشەوە بۆ مەهاباد. بێگومان ئەو ژمارە زۆرە کەمی جێو ڕێی دروستکردبوو. ڕاستییەکەی خەڵکی مەهاباد زیاد لە پێویست کۆمەکیان پێکردین. ئەم هێنان و بردنە چەند ڕۆژێکی بردو پاشان توانیمان جێی خەوتن و دانیشتنیان لە هەندێک مزگەوت و خانووبەرە بۆ جێ بکەین و مەسەلەی خۆراکیشیان بۆ جێبەجێ کرا. ئەرکێکی کە لەسەر شانی منبوو، دریغیم نەدەکرد، هەمیشە بەسەریانەوە دەگەڕام ، لە هەموو پێویستییەک مەلامستەفا و لێپرسراوانی کۆمارم ئاگاداردەکرد، ئەوانیش بەپێی توانا چارەی گیروگرفتەکانیان دەکرد، جێگەشمان بۆ نەخۆشەکان سازکردبوو. دووکەسمان لە نەخۆشخانە دیتەوە کە وەک جێگری پزیشک ( موظف صحی ) کاریان دەکرد و سەرپەرشتی نەخۆشەکانمان پێ

سپاردن.

چەند حەفتەیەکمان بەو چەشنە گوزەراند. ڕۆژێک پێشنیارێکم لای مەلامستەفا کرد کە ئیدی بێ ئیش و کار هەروا کات بەسەر نەبەین ، بەڵکو چێتر وایە ئەو بارزانی‌یانەی کە چەکدارن مەشقی سەربازی‌یان پێبکرێت. مەلامستەفا بەپیر پێشنیارەکەمەوە هات و بڕیاری دا کە دەوروبەری ٢٠٠ بارزانی چەکدار بۆ ئەو مەشقکردنە ئامادە بن. ئیدی لەوە بەدوا ڕۆژانە پاشنیوەڕۆ دەچووینە سەربازخانە چۆڵەکەی دەرەوەی مەهاباد و پۆل پۆل ڕێکم دەخستن. ئەو کەسانەش کە لە سوپای عێراقی‌دا سەربازی‌یان کردبوو ، کردمن بە سەرقۆڵ (امر حضیره). بێگومان هەموو ئامادە کردن و مەشق پێکردنێکیان لەسەر شێوەی مەشقی عێراقی بوو، بەڵام بەکوردی فێردەکران، بۆ وێنە « تفەنگ لەسەر شان بنێ، بۆلای ڕاست وەرگەڕێ ... تائەوێ ». بێگومان لەسەرەتادا من بەتەنیا لەگەڵیاندا خەریک بووم ، بەڵام پاش ئەوەی کە ژمارەی بارزانی‌یەکان زێتر بوون، ئیدی بەتەنێ ئەو کارە بە من بەڕێوە نەدەچوو، لەبەر ئەوە کاک جەلال ئەمین و کاک خێروڵلاش یارمەتی‌یان دەدام.

بەبۆنەی کردنی بەڕێز پێشەوا قازی‌مەحەمەد بە سەرۆک کۆمار، ژمارەی ١٥٠ کەسم لەو بارزانی یانەی کە بەتەواوی و بەباشی فێری مەشقکردن ببوون، هەڵم بژاردن و کردمن بە (حرس شرف). لەو ڕۆژە پیرۆزەدا بڕیاردرا کە لە شەقام و گۆڕەپانی چوارچرادا گشت ئامادەبین. بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی پێشەوامان دەکرد. کە تەشریفی گەیشت لەگەڵیدا بەڕێز مەلامستەفا، حەمە حوسێن خان، قاسمئاغای ئێلخانی، جەعفەرئاغای کەریمی و گەلێک لە سەرەک هۆزو دانیشتوانی مەهابادی لەگەڵدا بوو.

سەرشەقام و خانووەکان پڕبوون لە ژن و منداڵو هەر کە پێشەوایان بە بەرگی ڕەسمی‌یەوە بینی لەخۆشیان بەخوڕفرمێسکی شادمانی لەچاویان دەباری. هەر لەوێدا فەرمانم بە (حرس شرف)دا و سەڵاوی کۆماری‌یان پێشکەش بە بەڕێز پێشەوا کرد. پێشەوا کەمێک وەستا و سڵاوی پێشکەش بە جەماوەری ئەوێ کرد و چەپڵەڕێزان و هەلهەلە و دروشم بەسەر ژیانی پێشەوا و کورد و کوردستاندا، لە هەموو ئەو ناوە بەرز ببووەوە.

حەرەسی کۆماریش کە بەدرێژایی شەقامەکە بەڕیز وەستابوون، بەڕێز پێشەوا بە بەردەمماندا هات و وێستگەیەکی کرد و ڕووی کردە بارزانی‌یەکان و سوپاسی کردن و فەرمووی: « سەرمان بڵیندە پێتان ، جێی شانازیمانن، ئێوەن

**بەبۆنەی کردنی بەڕێز پێشەوا قازی‌مەحەمەد بە سەرۆک کۆمار، ژمارەی ١٥٠ کەسم لەو بارزانی یانەی کە بەتەواوی و بەباشی فێری مەشقکردن ببوون، هەڵم بژاردن و کردمن بە (حرس شرف).**

نموونەی خەباتی پاڵەوانانەی کوردایەتی، سەد سوپاس بۆ ئێوە و سەرۆکتان مەلامستەفای بەڕێز ». ئەوجا ڕووی کردە جەماوەر و ئەم ووتارەی پێشکەش کردن :

« ئەی جەماوەری کورد، ئەی بەچکەشێرانی کورد سڵاوتان لێبێت. ئەو ئەرکە گرینگەی کە ئێوە بەمنتان سپاردووە، داوا لە خوای مەزن و ئێوەی جەماوەری کورد دەکەم کە یارمەتیم بدەن تاکو بتوانم هەتاسەر ئەم کارە بۆ بەرژەوەندی میللەتەکەم بەرمەسەر و بەرامبەر بە ئێوە و خوای مەزن ، خەجاڵەت نەبم.

دوژمنانی کورد گەلێک زۆرن. لەهەموو ئەو ڕاپەڕینانەدا کە لەپێناوی مافی ڕەوا و سەربەخۆییدا کردبێتی، دوژمنان لەهەر چوار پارچەی کوردستان یەکیان گرتووە و بەهەموو ڕێگەیەک بەرهەڵستیان لەو مافە کردووە و بەردەوام ڕاپەڕینەکانیان بە چەتەگەری پێشان داوە تا پتر ڕێخۆش بکەن و دڕندانەتر و نامرۆڤانەتر لەنێومان بەرن. بەڵام عەدنان مەندریسی فاشست دەبێت ئەمجارە ئەوە چاک بزانێ ئەو چرایەی کە کورد هەڵیکردووە بە پروپاگەندەی خۆی و دۆستەکانی ناکوژێتەوە. ئەم گەلە نەبەزە فێرە لەڕێگەی نیشتمانی‌دا قوربانی‌بدات و لە هەڕەشەو خۆگیف کردنەوەی ئەو ناترسێت. ئەم گەلە، ووشیارەو چاک دەزانێت کە هەزاران ڕۆڵەی لەڕێگەی ئازادی کوردستاندا بەشەهید داوەو بەخوێنی ئەوان شاخ و کێوی کوردستان ئاو دراوە و شینبووە. هەموو کوردێک ئەوڕۆ لەسەر ڕێگەی پیرۆزی ئەوان خەبات دەکەن و خۆبەخت دەکەن بۆ پاراستنی ئەو چرایە و تا پتر شەوقی پێ بدەن. جا عەدنان مەندریسی خەیاڵی خاوە و دەبێت ئەو ڕاستی‌یەش چاک بزانێت. ئومێدەوارم بە پشتیوانی خوای مەزن کە ئاڵای سەربەخۆیی و چرای ئازادی لە هەرسێ پارچەکەی دیکەی کوردستاندا وەک مەهاباد هەڵدەکرێت و لەبەرزاییدا دەشەکێتەوە » .

جەماوەری مەهاباد ئەو ڕۆژەیان بەئاهەنگ و شایی بردە سەر... ■

پاشماوە لە ژمارەی داهاتوو

چاو پێکەوتن

# پیاوکوژەکانیش ئازادی بەیانیان هەیە

**« فەردا توران »Ferda Turan چاوی بەسەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کوردستانی ئازاد دەکەوێ***

**وەرگێرانەوەی: حەسەنی قازی**



« ئەو ئازادی بەیان و ئازادی چاپەمەنی یەی کە لە کوردستانی خواروو دا هەیە ، لە هەموو ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا نموونەی نیە . لە قانوونی ئێمەدا ووشەی سانسۆڕ نیە » .

ئەمانە قسەی سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کوردستانی خواروو ، پرۆفیسۆر مستەفا ڕەسووڵە کە ئێستا بۆ سەردانی سوید ، لێرەیە . ئەو نووسەرێکی فرە لایەنە ، نۆڤێلی نووسیوە ، شێعری داناوە ، ڕۆمانی نووسیوە و سەبارەت بە ئەدەب و زمانی کوردی کتێبی بلاو کردۆتەوە . ژمارەی ئەو کتێبانەی تا ئێستا بلاوی کردوونەتەوە دەگەنە ٣٢ دانە . ئەو جگە لەوەی کە مامۆستای زانستگەیە لە پەرلمانی کوردستانی خوارووشدا ئەندامە .

ئەو بەوزوانە سەری لە زانسگەکانی هامبورگ ، برلین و بۆن داوەو سەبارەت بە ئەدەبی کوردی ووتاری پێشکەش کردووە . ئەمن لە بیرۆی پرسگەی هەرێمی فیدراڵی کوردستانی عێراق کە لەم دواییانەدا لە ستۆکهۆلم کراوەتەوە ، چاوم پێی دەکەوێ . بە لە بەرچاوگرتنی ئەو وەزعەی کە لە کوردستاندا هەیە ئەمن پێم وایە ، بۆیە هاتۆتە سوید تاداوای یارمەتی بکا .

ــ نا ، ئەمن بۆیە هاتوومە ئێرە تا چاوم بە هاوکارانمان لە یەکێتی نووسەرانی سوید و هەروەها هاونیشتمانانی کورد بکەوێ ، ... ئەو لە کاتی ولامدانەوە بە چاوی تانووتەوە تێمدەڕوانێ .

ــ دیارە ئەوە شەرمە ، پیاو لە ولاتێکی دەولەمەندی وەکو کوردستانڕا ، هاتبێ و داوای یارمەتی بکا . ئێمە دەبوو خۆمان بتوانین یارمەتی ئابووری بە ولاتانی دیکە بکەین . بەلام موشکیلە ئەوەیە کە کوردەکان کلیلی گەنجینە و خەزێنەکانی خۆیان بە دەستەوە نیە ، گەمارۆی ئابووری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لەدژی عێراق ، بۆ تەمبێ کردنی ڕێژیمی سەدام حوسێن ، تەنانەت کوردستانی خوارووش ، وەبەردەگرێ ، چونکوو ئەوێ بەشێک لە عێراقە. سەرەڕای زۆر شتی دیش تەنانەت سەدام حوسێنیش دژی کوردستان گەمارۆی ئابووری داناوە .

پرۆفیسۆر ڕەسووڵ سەرەڕای ئەو وەزعەی کە لە کوردسدتاندا هەیە و پڕیەتی لە بێبەشی ، نەداری و کوێرەوەری ، هێشتا نائومێد نییە :

ــ هێزی پالپێوەنەری ئێمە بروا بە داهاتوو و ئەو ئازادی یە یە کە بە شوێنیدا وێڵ بووین و ئێستا بالی بەسەر کوردستاندا کێشاوە . گشت ئەو گیرو گرفتانەی ئێستا لە گەڵیان ڕوبەڕووین و بەرۆکیان پێ گرتووین بێ ئەملاوئەولانامێنن و جێ بەجێ دەکرێن .

یەکێتی نووسەرانی کورد لە ١٠ی فێبریەی ١٩٦٩ لە عێراق ، دامەزرا و تەنانەت لە زەمانی ڕێژیمی سەدام حوسێنشدا لەسەر چالاکیەکانی خۆی بەر دەوام بوو . سەرڕای هەڕەشەو گوڕەشە لە لایەن ڕێژیمەوە ، زێدە لەوەش کە ژمارەیەک لە ئەندامان

خرانە زیندانەوە کە یا ئێعدام کران یان بێ سەروشوێن چوون ئەو یەکێتییە هەرگیز نەبوویە ڕاوێژکەری ڕێژیم .

ـ ئەو مەقالانەی کە ئێمە لە ڕۆژنامەکاندا دەماننووسین ، ئەئەوە دەسەلمێنن . پرۆفیسۆر ڕەسووڵ کە بۆخۆی ئەوکات ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری یەکێتی نووسەران بوو ، ئەمە جەخت دەکاتەوە.

لە ١٧ی نەڤامبری ١٩٩١ یەکێتی نووسەرانی کورد کۆنگرەی خۆی بەست ، دوای ئازادکردنی کوردستان چ ئەوانەی لە تاراوگە دەژیان و چ ئەوانەی لە عێراق کاریان دەکرد ، ئاخرەکەی توانیان یەک بگرن.

ئەگەر باسی وەزعی نووسەران و ووشەی ئازادیش بکەین ، دیسان تارمایی گەمارۆی ئابووری ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان بەسەر سەرمانەوە دیارە . چاپخانەکان کەمن و کاغەز دەست ناکەوێ . ئەو چەند کتێبە کەمەی کە دێنە بازاڕەوە ، بەو کاغەزانە چاپ دەکرێن کە بە قاچاغی دەهێندرێن بۆ کوردستان . بۆیە مرۆڤ دەبێ دەوڵەمەند بێ تابتوانێ کتێب چاپ بکاو کتێب بکڕێ .

لە لایەکەوە هەر کەسێ پێی خۆش بێ دەتوانێ کتێب چاپ بکا ، بێ ئەوەی سێبەری سانسۆری بەسەرەوەبێت . لەلایەکی دیکەوەش ژمارەیەکی زۆرکەم دەتوانن کەڵک لەم دەرفەتە وەربگرن .

ـ بەڵام ، « پرۆفیسۆر ڕەسووڵ دەڵێ » تائەوڕۆژەی ڕۆنۆ ، مەکینەی کۆپیکردن و قەڵەم هەبن ، ئێمە کتێب بلاودەکەینەوە . هەر ئێستا زۆرکتێب لە بازاڕاهەن کە یا بە دەست نووسراون یان بە ڕۆنۆ بلاوکراونەوە . «پرۆفیسۆر» دەڵێ: نووسەران ڕێگەی دیکەشیان بۆ گەیشتن بە خوێنەرەکانیان دۆزیوەتەوە . یەکێتی نووسەران زۆرجار کۆڕی ئەدەبی و شێعرخوێندنەوە ساز دەکا کە هەمیشە جێگەکەپڕدەبێ و خەڵک بەزەحمەت جێیان دەبێتەوە .

ـ لەبیری مەکە ئێستا یەکەمجارە کە لە مێژووی کورداندا چەند ڕۆژنامەی ڕۆژانە هەبێ . لاپەڕە فەرهەنگی یەکانی ئەو ڕۆژنامانە زۆرچالاکانە لەلایەن نووسەرانەوە بەکار دەهێندرێن ، تەنانەت ئەوان لە بەرنامە ی ڕادیۆیی و کاناڵە تەلەڤیزۆنەکانیشدا بەشداری دەکەن . ئەمن لەسەفەرەکامدا بۆ شوێنە جیاوازەکانی کوردستان بە چاوی خۆم و بەئاشکرا دیومە کە لەسەر شەقامەکان ، ئەو ڕۆژنامانەی کە لە عێراقی سەدام حوسێنەوە دێن و زۆرجار هەر وێنەی ئەویان تێدایە وتەنانەت هێرشیشیان تێدا دەکرێتە سەر حکومەتی کوردستان ، لە تەک هی خۆمان ، دەفرۆشران . ئەوە دیمەنێکی سەرسوڕهێنەرە بۆمن بەڵام بەڵگەیەکی پتەوی سەلمێنەرە بۆ ئەو ئازادییەی کە لە کوردستاندا هەیە . ئازادیەکی ئەوتۆ کە تەنانەت ڕێگەدەدا قاتڵی گەلیش قسەی خۆی بکا .

ئەمن لە پرۆفیسۆر ڕەسووڵ دەپرسم داخوادەکرێ دەوری سیاسی بوونی خۆی و سەرۆکی یەکێتی نووسەران ، بەیەکەوە بگونجێنێ ؟

ـ ڕەنگە هەر لەبەر ئەمە بێ و بە شوکرانەی ئەمەیە ، کە لە مەڕ ئامرازی ڕاگەیەنەرەگشتییەکان ، ئێمە لیبراڵترین قانووغان لە هەموو ڕۆژهەلاتی نێوەڕاستدا هەیە . دە کەس لە ئێمە واتە ئەندامانی یەکێتی نووسەران لە پەرلماندا ئەندامن . وەزیری فەرهەنگ « شێرکۆ بێکەس» یش شاعیرێکی ناسراوە کە لە ساڵی ١٩٨٧ لە سوید خەلاتی پێن کلووبی تۆخۆلسکی درایە .

ـ مێژووی کوردستان تەنانەت لە ڕوناکبیرانیش داوای جموجۆڵ و کردەوەی سیاسی دەکا .

هیوادارین سەردانی پرۆفیسۆر ڕەسووڵ لە سوید بتوانێ بگاتە ئەوەی کە پشتگیری نووسەرانی کورد بکرێ کە لە چاخی کەمپیوتەردا ناچار کراون بۆ خەبات لە پێناو ووشەی ئازاد و بۆ دێموکراسی ، « قەڵەمی پەڕی مەل » بەکار بهێنن .■

* : ئیکسپرێسن ، هەینی ١٦ی ژوویيەی ١٩٩٣

## ئازیز*

**نائب عەبدوڵلا**

ئازیز تۆ گوڵی..
لێدانی دڵی ،
ئاوازو بەستەی ..؟
سۆزی بولبولی.
***

ئازیز بەهاری..
شینایی داری..
تۆ کانی و تافگەی..؟
چیاو بناری.
***

ئازیز تۆ گیانی..
هیوای ژیانی..
شنەی شەماڵ و..؟
مانگی تابانی.
***

ئازیز سەیرانی..
شایی و گەڕانی..
گوڵاڵە سورەی..؟
گشت بەهارانی.
***
ئازیز سوێند دەخۆم..
لە سەر ڕێت بڕۆم..
ئازیز هی منی..؟
منیش هەر بۆ تۆم.

***
*:ئەم پارچە شێعرە
کراوەتە گۆرانی .

ئاوێنەی مێژوو

# کارەساتی کوژرانی جەعفەرئاغای شکاک

● سەید ئەحمەد کەسرەوی ●

سالّی ١٢٨٤(١٣٢٣) وەختایەک موزەفەرەدین شا لە ئوروپایە بوو و محەمەدعەلی میرزا لە تارانێ عینوانی» جێگری پاشایەتی هەبوو ، داستانێکی سەیر لە تەورێزێ رووی دا ، ئەگەرچی پێوەندێکی نزیکی بە راپەرینی « مەشروتە»یەوە نیە، بەلاّم بە هۆی پێوەندی لە گەلّ زنجیرەیەک مێژوو و رووداوی سالاّنی دوواترو هەروەهاکە خۆی یەکێک لە و داستانانەیە کە لە قەدرو قیمەتی دەولّەت لەلایەن خەلّکەوە کەم دەکاتەوە ، لیرەدا دەینووسین :

عێلی شکاک لەو کوردانەن کە لە نیزیک خاکی عوسمانی(تورکییەی ئێستا ) نیشتەجێن . سەرۆکەکانیان هەر وەخت هەلیان بۆ برەخسێ لە ئاست دەولّەت نافەرمانی دەکەن و هەلّمەت وتالاّن وەرێ دەخەن . لەوکاتانەدا، هەر چەندساڵ چەندساڵ ، محەمەدئاغاسەرۆکی عێل و کورەکەی جەعفەرئاغا ، نافەرمانیان دەکردو لە پێدادان دەستیان نەدەکێشایەوە . نیزامولسەلتەنە کە دوای چوونی محەمەدعەلی میرزا بۆ تاران ، بووبوو بە بەرکاری ئازەربایيجان ، لە جەعفەرئاغا خۆش دەبێ و بانگهێشتنی دەکابۆ تەورێز . جەعفەراغا لە گەلّ حەوت کەس لە دەستەو داییرەی خۆی ، کە یەکێک لەوان میرزا ، خالّی خۆی بوو ،وەرێکەوت و نیزامولسەلتەنە بە مێهرەبانی وەریگرت .

چونکولەوکاتەدا لە قەفقازسەرگەرمی شەری نیوان هەرمەنی و موسولّمان بوو ، هەروەها بەگوێرەی ئەوهەوالاّنەی لەوێرا دەگەیشتن ، لە تەورێزێ خەلّکی دەهاروژاندو لێرەش هەردەم مەترسی بگرو هەلّلا هەبوو ، بۆچەند رۆژێک پاراستنی هەرمەنستانی بە وی سپارد کە لەگەلّ داروودەستەی خۆی بسورێتەوە و ئەگەر هەنگامەیەک وەرێکەوت ، پێشی خەلّک بگرێ .

تاماوەیەک ئەوان لە شاردا دەمێننەوەو هەروەها بە تفەنگ و فیشەک دەسورانەوە ، وەختایەک بە کوچە و بازاریدا تێدەپەرین خەلّک دەهاتنە تەماشایە .

بەلاّم رۆژێ لەنەکاو خەبەر هات کە جەعفەرئاغایان کوشتووەو هاورێیانی وی بە تەقەکردن دەربازبوون و چەند کەسیشیان بە تیر ئەنگاوتوە ، بەمجۆرە لە شاردا جموجۆلّێک بەرپابوو . رووداوەکە ئاوابووە کە محەمەدعەلی میرزا لە تارانەوە ، بە تەلگراف ، فەرمان دەدا بە نیزامولسەلتەنە کە جەعفەرئاغای بکوژێ . جا ئەویش ئەوهای رێکخستوە کەوا محەمەد حوسێنخانی زەرغام کە یەکێک لە سەرکردەکانی سوارەی قەرەداغ بوو ، بانگ دەکاتە مالّە خۆی و تفەنگ و دەمانچەش دەدا بە هێندێک لە نۆکەرەکانی و لەچەند ژێر زەمینی مالّەکە ، گوێ قولاّغ رایان دەگرێ ، ئینجا دوای ئەمە جەعفەرئاغای بۆوێندەرێ بانگ دەکا .

جەعفەرئاغا، بێ ئەوەی دردۆنگ بێ لە گەلّ کەسەکانی خۆی دێت و ئەوان لە حەوشەی ، لە خوارێ جێ دێلّێ و بۆخۆی بۆ دیتنی نیزامولسەلتەنە بە پلیکاناندا دەچێتەسەرێ . فەراشەکان ئەوی بۆ هۆدەیەکی چکۆلّە رێنوێنی دەکەن . بەلاّم هەرکە دادەنیشێ ، زەرغام تفەنگ بەدەست ، لە کەلێنی

دیواریرا سیلەی تێدەگرێ . جەعفەرئاغا هەڵدەستێ و دەکەوێتەوەو گیان دەسپێرێ .

دارودەستەی وی لە خوارێ هەرکە دەنگی تیر دەبیسن ، ڕوداوەکەیان لێ ڕون دەبێتەوە و بەتەقەکردن لە پلیکانان وسەردەکەون . فەڕاشەکان هەڵدێن و ئەوانیش دەگەنە سەر کەلاکی جەعفەرئاغا، کە دەبینن بێ گیانە ، ڕاناوەستن و بەتەمای خۆڕزگارکردن، دەلاقەیەکی دەکەنەوە و لەوێرا یەکەیەکە دەربازدەبن و خۆیان دەگەیێننە سەربانێ، لەوێندەرێشرا بازدەدەنە کۆڵان وبە دەستڕێژ وەڕێدەکەون و دەگەنە هەرکەس لێی دەدەن و شار جێ دێڵن . دەستو پێوەندی نیزامولسەلتەنە لە دوکەس زیاتر نەیانتوانیوە چیتر بنگێون و( یەکیان لە حەوشە و ئەوی دی لە کاتی خۆشین بۆ سەربان ) ئەوانی دیش بە سلامەتی بۆی دەربازبوون .



ئەو روداوە لە هەرباریکەوە جێی سەرسورمانە ، تابلێی لە قەدروقیمەتی کاربەدەستانی دەوڵەت کەم دەکاتەوە: لە لایەک پەنادان و بە دەهۆ کوشتن ، لە لایەکی تر کارنەزانیی و لە ئاست چەندکەس کورد ، خوێڕیگەری نواندن . ئەوسا خەڵک بیریان لە ئاکامی کارەکە دەکردەوە کە ئەو لاوازییەی دەوڵەت لەوانەیە ببێتە هۆی ڕشتنی خوێنی هەزاران کەسی بێ گوناح و کوردەکانیش بە لانی خوێنگری سەرهەڵێننەوەوهەڵمەت و پەلامار دەست پێ بکەنەوە .

جەستەی جەعفەرئاغاو دوکەسەکەی تریان هاورد و لە عالی قاپو هەڵیانواسین . من ئەوکاتە دەچوومە مەدرەسە ولە تەک دوسێ کەس لە شاگردەکان ڕۆیشتینە تەماشایە. هەرسێ کەسیان سەرەوژێر هەڵواسیبوو .

**❑ ئەو ڕوداوە لە هەرباریکەوە جێی سەرسورمانە ، تابڵێی لە قەدروقیمەتی کاربەدەستانی دەوڵەت کەم دەکاتەوە: لە لایەک پەنادان و بە دەهۆ کوشتن ، لە لایەکی تر کارنەزانیی و لە ئاست چەندکەس کورد ، خوێڕیگەری نواندن .**

بەڵام ئەوکوردانەی کە دەربازبووبوون ، نیزامولسەلتەنە تاقمەسوارێکی لە دوویان ڕەوانە دەکا کە لە ئەرومنەق پێ یان دەگەن و ئەوانیش پیاوانە بەشەڕدێن و خۆڕادەگرن کە لە جەنگەی شەڕو لێداندا ، بە زیرەکی چەندسەریش ئەسپ وەچەنگ دەخەن و سواریان دەبن و دوردەکەونەوە . ئەمەش نمونەیەکی تر بوو لە سستیی کارەکانی دەوڵەت .

محەمەدئاغای باوکی جەعفەرئاغا ، بەو بیانوویە جارێکی دی سەری نافەرمانی هەڵێناوە و هەڵای وەرێخستەوە . بەڵام چونکو لەوکاتەدا سەبارەت بە سنور ، مشتومڕەبوو لە گەڵ عوسمانی و هۆی لێکرنجانی هەر دو دەوڵەتی پێکهێنابوو، محەمەدئاغا ئەم هەلەی قۆستەوەو ڕۆیشت بۆ ئەستەموڵ و لەوێ لە لایەن دەوڵەتەوە نەوازشت کرا و لەقەبی پاشایی وەرگرت و هەوڵی هێندێ کاریشی دا . بەڵام لە سوێنگەی پێشهاتێ لێی دردۆنگ بوون و هەرچی دابوویانێ لێیان سەندەوە و کارێکی بۆ نەکرا. ئەگەرچی لە مەودوا دەبینین کە کوڕەکەی دیکەی ، سمایلاغا (سمکۆ) بە چ کارگەلێ ، ڕابەڕموو . ■

* لە کتێبی « تاریخی مەشروتەی ئێران » نووسینی «ئەحمەد کەسرەوی » وەرگیراوە .

زمانشناسی

# هیند و ئوروپییەکان کێ بوون؟

داوید کریستال
س ـ ال ـ باربێر
لە ئینگلیسییەوە : هاشم

« هیندو ئوروپی» نێویکە لێتوژەرەوەکان لە سەر بنەماڵەی ئەو زمانەیان داناوە کە هەوەڵجار لە ئوروپاو بەشی زۆری باشوری ئاسیا و، ئێستاش بە هۆی کۆلۆنیالیزمەوە لە تەواوی دنیادا بلاوبوونەتەوە. زمانە سەرەتاییەکە بە زمانی « پرۆتۆ هیندوئوروپی »ناسراوە ،واوێدەچێ سێ هەزار ساڵ پێش زایین قسەی پێکرابێ و لق و زمانی جۆراجۆری لێبوەتەوە.

جیاوازی لە نێوان ئەو زمانانە بەینی سالانی ۲۰۰۰ و ۱۰۰۰ی پێش زایین ، کاتێک زمانەکانی یۆنانی، ئاناتۆلی، هیندوئێرانی دەستنیشان دەکرێن،بە چاکی وەدەردەکەوێ . بەڵگەی ئارکۆلۆژیک هەبوونی خەڵکێکی نیوە کۆچەر دەسەلمێنێ کە چوار هەزار ساڵ پێش زایین لە ناوچەی ئیستێپەکانی باشوری رووسیادا ژیاون و لەدەوروبەری سالانی ۳۵۰۰ پێش زایین لە ناوچەکانی دانوبی ئوروپاو دەوروبەری بلاوبوونەتەوە.

ئەو خەڵکە بەهۆی رێ ورەسمی ناشتنی مردوو بە « کورگانەکان »(تەپکی ناشتن) ناسراون . کلتوری کورگانی لەوانەیە بەرلە ۲۰۰۰سالی پێش زایین ، گەیشتبێتە ناوچەی ئادریاتیک و ئەوە هاوکاتە لەگەڵ پێداویستییەکانی ئەو سەردەمی لە مەڕ وەدیهاتنی زۆر ئالوگۆڕی زمانەوانی. ڕوون نیە ئەژدادی کورگانەکان کێ بوون . زۆر وەیەکچوون لە نێوان « پرۆتۆهیندوئوروپی » و بنەماڵەی زمانەکانی ئووراڵ کە ڕۆژهەلاتی دوور پێی دەپەیڤن ، بەدی دەکرێ . لەوانەیە ئەو زمانانە هەزاران ساڵ پێشتر ئەژدادێکی هاوبەشیانهەبووبێ .

بە بەرئاوردکردنی ووشە وەیەکچوەکانی زمانە هیندوئوروپییەکان ، ئەوهۆیە دەلوێ کە لەسەر جۆغرافیاو شێوەژیانی ئەو خەڵکە بە دەستکەوتگەلێ بگەین . بە نمونە دەکرێ بۆ زمانی پرۆتۆهیندوئوروپی زۆر ووشەی سەبارەت بەبنەماڵە(وەک دایک، مێرد، برا...)و هەروەها گەلێک ووشە بە گوێرەی خزمایەتی لە ژنەوە (کە وێدەچێ تەنیا لە پێوەندی لە گەڵ بووکدا بە کار هاتبن) سازکرابێنەوە . ئەم چەشنە بەڵگەیانە نیشان دەدەن کە ژن لە خێزانی مێرددا ، پێکهێنەری خزمایەتی بووە و بەم چەشنە دەبێ کۆمەڵگاکە لەئەساسدا کۆمەڵگایەکی باوکسالار بووبێ .

زمانە سازکراوەکە ، بۆ ئەسپ ، سەگ ، مەڕ، بەرازو پەلەوەری تر ووشەی هەیە . ووشەیەک بۆ جۆرە ئامرازێکی کەرەسەڕاگوێستن هەیە کە بێگومان ئەم ئامڕازە تەگەری (چەرخ ) هەبووە. سەبارەت بە بەشەجۆربەجۆرەکانی لەش ، زۆر ووشە هەن . ووشەی پێوەنددار لە گەڵ کشتوکاڵ زۆرن بەلام لە حاند ئامڕاز و چەک ، تابڵێی کەمن . زیاتر لە سەت ووشەی ئەبستراکت( دابڕیاگ)لە سەر باوەڕی ئایینی ، هەڵوێستی کۆمەلایەتی و یاسا ، هەن . سەرنجێکی تایبەتیش بەم ووشەگەلە دەدرێ کە پێوەندیان بە ئاژەڵ و گیاوگۆڵەوە هەیە . ئەم ووشانە بۆ دۆزینەوەی شوێنی سەرەکی ئەم خەڵکە دەتوانن یارمەتیمان بدەن . بۆ وێنە لەم زمانەسازکراوەیەدا ، بۆ « دارخورما» و« شەڕاب » ووشەیەک بەدی ناکرێ . ئە ئەوە بە شێوەیەکی سەربەست لە بەڵگەکانی ئارکۆلۆژیک ، خۆبەخۆ ئەوە دەسەلمێنێ کە کۆچەکە لە ناوچەی مەدیتەڕانەوە دەست پێنەکراوە. بەلام زۆرجار بەڵگەی پێچەوانەیش وەبەر چاو دێن. ووشەی دارەبیچ(beech tree ) بە جۆرێکی بەربلاو سەلمێندراوە . لەبەرئەوەیکە ئەم دارە لە ئاسیا ناڕوێ ،لە لایەن هیندیەکانەوە گوتراوە کە هیندوئوروپییەکان ئەشێ لە باکوری ئوروپای ناوەندیەوە هاتبن . لە لایەکی دیکەوە بەڵگەی کەم هەیە لە سەر هەبوونی ووشەیەکی هاوبەش بۆ « داربەڕو » کە ئەمەیش هەر ناوی دارێکی ئوروپی یە. ئەگەر ئەم ووشەیە بۆ هیندوئوروپییەکان ناسراو نەبوایە ، ئەم باوەڕە بە هێز دەبوو کە کۆچی ئەوان لە ئاسیاوە دەستی پێکردووە . زمانەوانی (philology ) هیندوئوروپی زۆر مەسەلەی ئەفسووناوی لەم چەشنە دێنێتە گۆڕێ .

## هیندوئوروپییەکان کێ بوون ؟


ئەگەر بە هەڵە نەچووبین زمانە هیندوئوروپییەکان کە سەدان ملیۆن ئینسان قسەی پێدەکەن ، لە یەک زمانەوە سەرچاوەیان گرتووە . ئەوزمانە ڕەنگە هەزاران ساڵ لەمەوبەر لە لایەن خەڵکێکی بچووک و هەروەها لە ناوچەیەکی تەسک ، قسەی پێ کرابێ . ئێمە دەتوانین ئەوزمانە بە « پرۆتۆهیندوئوروپی » ناوبەرین . ئەو خەڵکەی کە بەو زمانە یان بەم زمانانەی کە لە سەر چاوەکە جیا بوونەتەوە قسەیان کردوە، بە هیندوئوروپی ناسراون . بەلام دەبێ ئەوەمان لەبیربێ ئەم نێوە هیچ پێوەندێکی بە نەژاد و کلتورەوە نیە ، لیرەدا تەنیا مەبەستی زمان لە ئارادایە و خەڵکی سەر بەنەژادوکولتوری زۆرجیاواز دەتوانن ئاخێوەری زمانەکانی هیندوئوروپی بن(بۆ نمونە: هیندی ، یۆنانی ، ڕەشەکانی ئەمریکی ، ڕوسی ، مەکزیکی ، ئینگلیسی ).

هەڵبـەت تا ڕادەیەکی زۆر ئەو گـرێمانە هەیە کـە ئاخـێـوەرانی پرۆتۆهیندوئوروپی سـەرەڕای جیـاوازی نەتەوەیی ، لەتەک یەک لەناوچەیەکی دیاریکراودا ژیابن و کولتورێکی هاوبەشیان هەبووبێ . بلام ئەوان کێ بوون ، لە کـویێ ژیاون و چۆن بەسـەر دنیـادا بلاو بوونوتەوە ؟

ئەوە ڕوونە کە هیندوئوروپی یە کان پێش بلاو بوونەوەیان لە هیـچیـەک لە ناوەندە پێشکەوتوەکـانی دنیـای قـەدیمدا وەک ناوچەی دیجلەو فـــورات ( بين النهـــرين )دەورو بەری دەریای مـەدیتـەرانە یان دۆڵـی هیندوس نیشـتـەجێ نەبوون . ئەوان وەک خـەڵکێکی لاوەکی پێـیـان ناوەتە ئەو ناوچانە ، لە ١٥٠٠ ساڵی پێش زایین ، قـەومـێـک کـە خاوەنی نێـوی هیندوئوروپی بوون لە قـەراخەکـانی نێـوان دیجلەو فورات سـەروەدەردەنێن . ئەو قـەومـە بەسەر خەڵکێکی ناهیندوئوروپی بەنێوی « میتانی » (mitanni ) کـە لە سـەرەوەی فـوراتدا دەژیان دەسـەلاتداریان دەکـرد . هەر لەوکـاتەدا لە ئاناتۆلی « هیـتـیـتی » (hittite) بەکـار هاتوە و ئارياييـەكـان( ئاخێوەرانی لقی هیندوئێرانی)لە باکوری ڕۆژئاوای هیند دەژیان . « وێدا »کان وەک کۆنترین بەڵگەی لەپاش بەجێماو ، ئەوە دەردەخەن کە ئارياييەکان لەوکاتەدا لە « پەنجاو » دەژیان و دەگەڵ دانیشـتوانی پێشووی هیند کێشەوناکۆکیان بووە . هەرلەبەر ئەمە واوێدەچێ ئەوان لە باکوری ڕۆژئاواوە واتە لە ئەفغـانسـتان و ئێرانەوە هێرشیان بردبێتە سەر هیند.

بەهۆی نیزیکی زۆری زمانەکانی لقی هیندی و ئێرانی بە یەکـەوە دەکـرێ بگوترێ کـە هیندییـەکـان و ئێـرانییـەکـان ، بەر لە کۆچی هیندییەکان و هێرشیان بۆ سەر ئەوناوچەیە پێکەوە لە یەک شوێندا(فەلاتی ئێران) ژیابن . تاوەکو زەمانی هێرشی مادەکان و فـارسـەکـان لە چەند سـەدەی دواتردا، بۆسـەرناوچەی نێـوان دیجلەوفورات سەبارەت بەئێرانییەکان شتێکی ئەوتۆ نازانین .

لە ئوروپادا جگە لە یۆنانییـەکـان بەڵگەیەکی کۆنینەمان لەسەر هیندوئوروپییەکان بەدەستەوە نیە فۆرمێکی یۆنانی بەنێوی « میسێنیان » (mycenean) لە کـرێت و یۆنان لە ١٤٠٠ ساڵ پێش زایین دەکار هاتووە ئەژدادی یۆنانییـەکان لە وانەیە لە دۆڵی دانوبەوە هاتبن . بەڵگەی ئارکـۆلۆژیک نیشـان دەدەن کـە « هێلێن »ە کـان ، ١٩٠٠ سـاڵ بەرلەزایین لە باکـورەوە بۆ باڵکان کـۆچیـان کردووە . جیـاوازی نێـوان زمـانەهیندوئوروپییـەکـان لەوانەیە لە ٢٠٠٠ ساڵ پێش زایین و تەنانەت زووتریش دەستی پێکردبێ . بەلام زانینی ئەوە کـە ئەم جیـاوازییـە لە کوێڕا دەستی پێکردووە شتێکی سانا نیە . بۆ لێکۆلینەوەی ئەم مەبەستە ڕێگاو مێتۆدی جۆراجۆر هەن کە یەکێک لەو مێتۆدانە لێکۆلینەوە لەسەر خـودی زمـانەکـانی هیندوئوروپی یە . بڕوایەک لەمـە دەدوێ کـە ئەوزمـانەی نیـزیکێکی گـرینگ و پتـەوی دەگـەڵ زمـانی پرۆتۆهیندوئوروپی دا هەبێ ، زمانی ئەو خەڵکەیە کە لە شوێنی بنەڕەتی هیندوئوروپییەکان بوون و لەوێ نەبزوتوون . بەلام بە پێی زۆر هۆ ئەم تیـۆرییـە ناتوانێ ڕاست بێ . شـێـوەیەکی تر بۆ دۆزینەوەی شـوێنی سـەرەتایی ئەم زمـانانە ، لێکۆڵـینەوە لە سـەر خـزمـایەتی بنەمـاڵەی ئەم زمـانانەیە تاوەکـو بزانین کـام زمـانگەل زیاتر لێک نیزیکن . بەم جۆرە دەکرێ هومێدەوار بین بزانین کام لق بەیەکەوە کۆچیان کردووە و بەرەو کوێ چوون . یەک نمونە ی داری خزمایەتی زمانی ، دەکرێ بە شێوەی خوارەوە بێ :




بەم چەشنەی کە لە گەلالەی سەرەوە دەردەکەوێ بەر لە هەموو شـتێـک ، زمـانەکـان بە دو لقی جیـاوازی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوا ، دابەش دەکـرێن . ئەم دو لقـە بە گـوێرەی گـرامـێـر و ووشـە درکاندن(pronunciation) لێک جودا کراونەوە . وەدیهـاتنی ئەم دو لقـە ڕەنگە بگەڕێتـەوە سـەر کـۆچی هیندوئوروپییـەکـان لەسـەرەتادا بۆ دو شـوێنی جیـاواز . هێندێک لە لێکۆڵەرەوەکـان لەسەر ئەوە ساغ بوونوتەوە کە هیندوئوروپییەکان ، بەر لەوەی بۆ شوێنی جۆراوجۆر کۆچ بکەن لەهجەی جۆربەجۆریان لێ پەیدابووەو ئەم پەیڤەگەلەیش لە ئاکامی کۆچکردن و هەروەهادراوسێتی لەگەڵ زمانەکانی تر تایبەتمەندی نوێیان وەدەست هێناوە .

# زنجیره باسێک لەبارەی کولتوری سوئێدی

نووسینی: ئەنداز حەوێزی

کولتور دەشێ فلیمێک بێت، شانۆگەرییەک بێت، ئاهەنگێک بێت، چیرۆکێک بێت!
کولتور دەشێ داب و نەریت بێت، جەژن‌بێت، نەورۆزبێت، سەیرانی هاوین و شەوچەرەی شەوانی زستان‌بێت!
کولتور دەشێ شێوەی قسەکردن، بیرکردنەوە، کارکردن و بەکارهێنانی کات بێت!
کولتور دەشێ شێوەی دەربڕینی بیروباوەڕ و هەست بێت، شێوەی پێکەنین و گریان‌بێت!
کولتور دەشێ شێوەی ڕۆیشتن و دەست جوڵاندن و بەکارهێنانی ماسولکەکانی دەم و چاوبێت!
کولتور دەشێ شێوەی هەڵسوکەوت و ڕەوشت و جل لە بەرکردن‌بێت!
کولتور ئەو شتەیە کە هەمووڕۆژێ بەکاری دێنین بێ ئەوەی بیری لێبکەینەوە!
واتە کولتور ژیانی ڕۆژانەمانە. غەریبیش دەکاتە لەدەستدانی ژیانی ڕۆژانە، بۆیە دەڵێن...
کولتور ئەو جیاوازییەیە کە لەنێوان خەڵکی وڵاتاندا هەیە، جیاوازی گەورە و جیاوازی بچووک.

## پێشەکی

گومانی تێدا نیە کە گەلێ پەنابەر و کۆچکەر هەست بەسەرسامی دەکەن بەرانبەر بە شێوەی ژیانی سوئێدیان. کە لە دوورەوە دەڕواننە ئەو ژیانە بەشێوەیەک پڕ لە ڕاز و سەیر دێتە بەر چاویان، دەبینن گەلێ شت هەیە لەو ژیانەدا لەگەڵ پێوانەی (ئەو پێوانەیەی کە لە وڵاتی خۆیەوە هێناویەتی) ئەو پەنابەرە ناگونجێت بۆ لێکدانەوە و هەڵسەنگاندی دروست و هەڵە. جا لەدەست دانی توانای پێوان و هەڵسەنگاندن سەر لە مرۆڤ دەشێوێنێ و وای‌لێدەکات کە نەزانێ چۆن بۆ نموونە لەگەڵ دراوسێکەی، مامۆستاکەی، هەڤاڵە سوئێدییەکانی، بەڕێوەبەرایەتییەکان ... هتد، هەڵسوکەوت بکات و ئەم نەزانینەش تووشی هەڵەی دەکات لە ژیانی ڕۆژانەیدا.

مرۆڤ ئەندامی کولتورێکە، گشت کولتورێکیش هەندێ نەریت و هەڵسەنگاندنی سەنترال و هاوبەشی هەیە کە لەلایەن هەموو ئەندامەکانی ئەو کولتورە بەکاردێت، هەر ئەو نەریتە سەنترالانەن کە ئەو مرۆڤە لە مرۆڤێکی دی جودا دەکاتەوە کە خاوەنی زمان و کولتورێکی دیکەیە.

خوێنەری هێژا، دید و شیکردنەوەی جیاوازی کولتوریی ئێمە: هەمیشە لەو ڕوانگەوە بۆ باسەکە دەچێت کە مرۆڤ هەمیشە و بەردەوام، بێ‌ئەوەی کە ئاگاداربێت؛ لاشعوری لە ڕێگەی هەڵسوکەوتەوە پێوەندی و کۆنتاکت لەگەڵ مرۆڤی تر دەکات. هەڵسوکەوت شتێکە وەک زمان، واتایەک دەگەیێنێت و لێکدانەوەشی بۆ دەشێت. لێکدانەوەی ئەو هەڵسوکەوتە چۆن‌دەبێت؟ ئەوە پێوەندی بەو کەلتورەوە هەیە کە هەڵسوکەوتەکەی تێدا ڕوودەدات و لەسەر پایەی بۆچوونی ئەو کولتورە، هەڵسەنگاندنی دروست و هەڵە، ڕاست و چەوت، ئاسایی و نائاسایی...هتد، لێکدەدرێتەوە.

جا ئاستەمی و سەختی پێک گەیشتنی کولتورە جیاوازەکان لەوەدایە کە ئەندامانی ئەو کولتورە جیاوازانە هەمیشە خاوەنی هەستێکن کە پێیان دەڵێت، یەک ڕێگەی ڕاست هەیە بۆ بیرکردنەوە و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندن. پایەی هەڵسەنگاندنی کولتورییان، ئەو هەستەیان دەداتێ کە تەنیا یەک دیدی دروست هەیە بەرانبەر بە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ مرۆڤی دی، سروشت، کات، پارە...هتد.

یاسا نەنووسراوەکانی کولتوری مرۆڤ، ئەو هەستەی تێدا بە هێزدەکەن کە : تەنیا هەڵسوکەوتی من و ئەندامەکانی تری کولتوری من ئاساییە و هی خەڵکی دی نائاسایی و سەیرە.

ئەم میکانیزمی پێک گەیشتنی کولتورانەن کە ئێمە هەوڵ دەدەین لەم زنجیرە باسەدا ڕۆشناییەکی بخەینەسەر و هیواداریشین کە بتوانین بەم پێشەکییە نموونەیەک لە ناوەڕۆکی باسەکە بە خوێنەر بگەیێنین و دەرگایەکی بۆ بکەینەوە کەچوونە ناو باسەکەی بۆ ئاسان بکاتەوە. هەر بۆیەشە کە من لەم‌پێشەکییەدا چەند نموونەیەک بۆ دەمەتەقی دەخەمە بەرچاوی خوێنەر.

هەموو ئەوانەی کە لە سوئێد دەژین، ئاگاداری گرینگی کاتن بۆ سوئێدی، هەروەها ئاگاداری ئەوەش هەن کە یەکێک لە کێشە هەرە سەرەکییەکانی ئێمەمانان لەم وڵاتەدا لەو دیدە جیاوازەوە هاتووە کە ئێمە سەبارەت بە کات هەمانە؛ چۆن؟ بۆ پرسڤی ئەم چۆنە باسی پیاوێکی چینی دەکەین:

دەڵێن ڕۆژێک پیاوێکی چینی لە سوئێدییەکی پرسی، کات چۆن دەبینیت؟ سوئێدییەکەش تیرێکی بۆ کێشا ( → ). پاشان لێی پرسی: باشە، خۆت لە کوێی ئەو تیرە دادەنێیت؟ سوئێدییەکە نەخشی خۆی لەپشت تیرەکە کێشا ( → ). لێکدانەوەی ئەم کارە ئاساییە لایەنێکی هۆشیی گەلێک گرینگی مرۆڤی سوئێدیمان بۆ بە دەردەخات!

١ ـ دروستکردنی کات بەشێوەی تیرێک، ئەوە دەگەیێنێ کە کات لە مێشکی مرۆڤی سوئێدی دا، شتێکە کە هەر بۆ پێشەوە دەڕوات و دووبارەبوونەوەی بۆ نی‌یە، ئەمە پێچەوانەی بۆچوونی کۆمەڵگە کشتکارییەکانە (زراعیەکانە) کە نەخشی کات تێیدا شێوەیەکی

بازنەیی دەگرێتە خۆی! چونکە ڕووداوەکانی ژیان ساڵ بەساڵ دووبارە دەبێتەوە ـ زەوی دەکێڵێت، تۆوی دادەچێنیت، ئاوی دەدەیت، دەیدرویتەوە، زەوی دەکێڵیتەوە...هتد.

کۆمەڵگای بازنەیی دوو تایبەتمەندی گرینگی تێدا بەدی دەکرێت

ئا: گۆڕانی کولتوری زۆر لەسەرخۆ، دەشتوانین بڵێینین کە ڕەوتی گۆڕانەکە لە وەستانەوە نیزیکترە وەک لە جوڵە، بۆیەش لەو کۆمەڵگەیانەدا، وا هەستدەکەیت کە شێوەی بیرکردنەوە و پایەی هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکان سەدان ساڵە نەگۆڕاوە. جا ئەم هێواشی‌یە لە گۆڕاندا، وادەکات مەودای نێوان کولتوری بازنەیی و کولتوری تیری هەمیشە فراوانتر بێت چونکە ڕێکخستن و تەکنیک وایان کردووە کە کولتورە تیرییەکان لە گۆڕانێکی زۆر چالاک و بەردەوامدا بن. بەکورتی دەتوانین بڵێیین کە کۆمەڵگە بازنەییەکان باوەڕیان بە گوتەی وەک : ـ مێژوو خۆی دەنوێنێتەوە یاخود دووبارە دەبێتەوە ـ هەیە و کۆمەڵگە تیرییەکان باوەڕیان بە گوتەی وەک : ـ کات بە فیرۆ مەدە ـ هەیە.

بێ : گرینگی داب و نەریت و تەقالید (ترادیشوون).

٢ ـ کە پیاوە سوئێدییەکە خۆی لە پشت تیرەکەوە (کاتەوە) دانا، ئەوە وا دەگەیێنیێت کە کات هەمیشە :

ئا: بەرەو پێشەوە دەڕوات، واتە کات یەکسانە بە پێشکەوتن و ئەمنی سوئێدی لەپاش کاتم، بۆیە دەبێ هەمیشە چالاکبم تا بەکات ڕابگەم.

ئەم بۆچوونەیە کە وای لە سوئێدی کردووە هەمیشە چالاک و گورج بێت. دەبینی ڕۆژگاریان پڕ لە چالاکی‌یە، کارە، مەلەیە، ڕاکردنە، پاسکیل‌سواری‌یە... ، هەتاکو ڕۆژانی پشودانیشیان بریتییە لە کۆمەڵێک چالاکی جۆراوجۆر.

بێ : تیرەکە سەرەتا و کۆتایی‌یەکەی دیارە، واتە کات بۆ سوئێدی ئەو ڕۆژە دەست پێدەکات کە مرۆڤ لە دایک دەبێت و ئەو ڕۆژەش کۆتایی پێ دێت کە مرۆڤ دەمرێت، بۆیە دەبێ مرۆڤ بۆ بەکارهێنانی کات بەچالاکترین شێوە پلان دابنێت. گەر بێتو بنۆڕینە ژیانی منداڵێکی سوئێدی بۆ نموونە دەبینین : ڕۆژانی دووشەمە ئەسپ سواری هەیە، سێشەمە مەلە، چوارشەمە مۆسیقا ... ڕۆژی شەمەش کۆبوونەوەی خێزانە. واتە ئەو خێزانەی دەیەوێت کۆببێتەوە دەبێ کاتێک بۆ ئەو کۆبوونەوەیە دیار بکات. یاخود دەبینی مانگی پشوودان کە مانگی حەسانەوە و بێ کارێتی، پلانی بۆ دادەنێت کە چۆن بەچالاکی ئەو مانگە بەکاربێنێت، هەروەها دەبینی سوئێدی (کە لە ٦٥ ساڵیدا خانەنشین دەکرێن) لە ٥٠ یان ٥٥ ساڵییەوە بیر لە پلان دەکەنەوە بۆ بەکارهێنانی چالاکانەی ئەو کاتە. بۆیە ئێمەمانان کە دەکەوینە سوئێد، لە سەرەتاوە ئەم بۆچوونەی سەبارەت بە کات لە گەڵ سوئێدی دا تووشی کێشەمان دەکات. . ئێمە لە کۆمەڵگایەکەوە هاتووین کە تێیدا کات بە تەسو(سەعات) ناپێورێت، دوورنییە خوێنەر بەم قسەیە دڵتەنگ بێت و بڵێ: چۆن! ئێمەش سەعات بەکاردێنین. ئەمن دەڵێم : ڕاستە ئێمەش سەعاتمان هەیە بەڵام بەهەمان شێوە بەکاری ناهێنین، بۆنموونە ئێمە ناڵێین سەعات ٦ی ئێوارە لە فلان شوێن دەتبینم بەڵکو دەڵێین ئێوارە یەکتر دەبینینەوە، جا ئێوارە کەیە و سەعات چەند و لەکوێ، ئەوە شتێک بڕیاری دەدات کە پێی دەڵێین یاسا نەنووسراوەکانی کولتور.

بۆیە دەبینی هەموو خەڵک لە شارێکی وەک سلێمانی یان هەولێر لای سەعات ٥ی ئێوارە خۆی لەتەل دەدات و بەرەو ناوبازاڕ دەکشێت و دڵنیاشن لەوە کە دۆستەکانیان لەوێ و لەبەر دوکانێکی دیاریکراودا دەبینن. ئەم ئاکارانە لە خودی باسەکەدا پتر ڕوون دەکرێنەوە، بەڵام لێرەدا حەزدەکەم پتر سەرنجی خوێنەری کورد بۆ ئەوەڕاکێشم کە کات لای ئێمە تا ئەمڕۆ دیاریکردنی (تەحدید)بۆ نی‌یە و پتر بەشێوەی بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە و شەو بەکاردێت.

جا ئەم بۆچوونەیە (کە کات بەرەو پێشەوە دەڕوات، کات کۆتایی پێ‌دێت، کات دەبێ بەشێوەیەکی چالاک و سوودەدەر و نەخشەکێشراو بەکاربێت) وا دەکات کە کارمەندێکی سوئێدی وەختایەک لەگەڵ منی بیانی کات دادەنێت و من سەعاتونیوێک درەنگ دەچم توڕەدەبێت یان دڵی تەنگ دەبێت، چونکە هەستدەکات کە من بەشێکی ژیانیم دزیوە و نەم هێشتووە سوودی لێ وەرگرێت.

ڕۆژێک (Gillis Herlitz)کە ئەنترۆپۆلۆجیستی سویدییە باسی‌کرد و گوتی: لە کۆنغۆ بووم، برادەرێک، من و چەند کۆنغۆییەکی بۆ خواردنی ئێوارە بانگ کرد و بڕیاری سەعات (٧) درا. منیش بەدەستوری سوئێد هەوڵمدا کە سەعات (٧)ی تەواو لەبەر دەرگای ئەو ماڵە بم و واش بوو سەعات ٧ دەستم بە زەنگی ئەو ماڵەدا، کە دەرگایان کردەوە، پیاوەکە بە ڕۆبی حەمامەوە دەرگای کردەوە و پێشی سەیربوو کە من بۆچی وازوو گەیشتووم. بەڵام تازە کارلەکار ترازابوو و چوومە ژوورێ، هەڵبەتە هێشتا خواردن ئامادە نەببوو و خۆشیان نەگۆڕیبوو! لەنێوان سەعات ٨ تا ٨/٥ ئەوانی تر دەستیان بە هاتن کرد. بۆ ئەوان کە خەڵکی وڵاتەکە بوون شتەکە ئاسایی دیاربوو، خەڵک لەو سەعاتەدا ناچێت بۆ شوێنی وا، بەڵکو درەنگتر دەچێت، ئەم کارە بۆ ئەوان یاسایەکی کولتوری بوو و بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی پەیڕەو دەکرا، یاسایەک لەو یاسایانەی کە پێیاندەگوترێت: یاسا نەنووسراوەکانی کولتور و بە منی بێگانە نەدەکرا ئەو یاسایە بخوێنمەوە. بۆیە بەپێی یاسا نەنووسراوەکانی کولتوری خۆم جوڵامەوە، واتە سەعات ٧ لە وێ بووم کە ئەم کارە لە سوئێددا جێی ڕێزە بەڵام لە کۆنغۆ جێی سەرسوڕمان بوو. ئەمەش ئەوە دەگەیێنێت کە مەبەستی ئێمە لە باسەکەماندا ئەوە نی‌یە کە کولتورێک لە کولتورێکی دی چاترو باشترە، بەڵکو دەمانەوێ بڵێینین : زانیاریی لە بارەی کولتوری ئەو وڵاتەی کە تێیدا دەژین گرینگە بۆ گوزەراندنی ژیانی ڕۆژانەمان. سویدی دەڵێن: بە دابی ئەو شوێنە هەڵسوکەوت بکە کە لێیت. کوردیش دەڵێ کە چویتە شاری کوێران دەست بەچاوتەوە بگرە.

گەر بێینەوە سەر نموونە سەرەکی‌یەکەمان، واتە نموونەی پیاوە چینی‌یەکە و سوئێدی‌یەکە، دەبینین کە پیاوە چینییەکە دیتی سوئێدییەکە کاتی چۆن دروست کرد و خۆی لە کوێی کات دانا پێ‌ی گووت: ئا کاکی! کات ناڕوات کات دێت و هەستا خۆی لەبەردەم تیرەکە دروستکرد و پێی گووتەوە: کات لەتۆ ناڕوات، کات لەکیس ناچێت، بەڵکو کاتت ۆ دێت، هەموو شتێک کە لە ژیاندا ڕوودەدات بۆت دێت و پێت دەگات.


ئەم بۆچوونەی سەبارەت بە کات وای لە مرۆڤی چینی کردووە کە توانای ئەوەی هەبێت بە مانگ و بەساڵ دانیشێت و بیر لە دارێک یان ←

گولێک یان ئەسپێک بکاتەوە، واتە توانای پشوودان و وچانی پێداوە و هەربۆیەشە وەرزشێکیان هەیە بەناو « یۆگا » ! کە وەرزشێیدانیشتن و بیرکردنەوەیە ·

ئەم نموونەیە بەگشتی ئەوەمان بۆ بە دەردەخات کە دوو دیدی جیاواز بۆ کات، دوو کولتوری جیاوازی بەدیهێناوە، لە حاڵێکدا، کات شتێکە هەمووومان بەکار دێنین و هەرگیز بیر لەوە ناکەینەوە کە دیدی من و سوینێدییەک و چینییەک بۆ کات جیاوازە·

## کۆمەڵگای تاکە کەسی و کۆمەڵگای گشتی

کۆمەڵگای سوئێدی لەوجۆرە کۆمەڵگایانەیە کە پێیان دەڵێن: (indvidsamhälle) ، (indvid «کەس» «فەرد») ، واتە بە کوردی دەبێ بڵێین کۆمەڵگای کەسی ، ڕاستیەکەشی ئەوەیە کە زۆربەی زمانە ئاسیایەکان و ئەفریقیەکان ئیدیۆمی وایان تێدا بە دی ناکرێت ، چوونکە ئەو بۆچوونە لەو وڵاتانەدا بوونی نیە و بۆیەش زمانەکە پێویستی بەو جۆرە ئیدیۆمە نیە .لە کۆمەڵگای کەسیدا یا خود تاکەکەسی ، پێوەندی بە هێزی مرۆڤ بە شتێکەوەیە کە پێی دەڵێی دەوڵەت ، دیارە نەک هەموو دەوڵەتێک ، بەڵکوو دەوڵەتی مێهرەبان . سوئێدی گەل باج(زەریبە)بەو دەوڵەتە مێهرەبانە دەدەن ، ئەو دەوڵەتەش باجەکە بە شێوەی یاریدە ویارمەتی (bidrag)بەسەر خەڵکەکەیدا ، دابەش دەکاتەوە.




ئەم نموونانەی سەرەوە و هەروەهاچەندین نموونەی دی، جۆرە کۆمەڵگایەکیان پێکهێناوە کە مرۆڤ تێیدا، ژیانێکی باش و مسۆگەری هەیە. بۆ نموونە مرۆڤ کە بێ کارە .. ئەوەندەی دەدرێتێ کە پێی بژیێت . خانووشی دەدەنێ و کاتێک نەخۆش کەوت دەستەبەری نەخۆشی (تامین صحی) هەیە ، یان ئەگەر پەککەوتەیە(معوق) بەهەموو شێوەیەک ژیانی دابین دەکەن . ئەم پێوەندییە بە هێزەی نێوان تاکەمرۆڤ و دەوڵەت شێوەژیانێکی بەدیهێناوە کە مرۆڤ پێویستی بە مرۆڤێکی تر نیە تا لە برسان نەمرێ یان لە سەرمادا ڕەق هەڵنەیێت و منداڵەکانی بێ جلوبەرگ نەمێننەوە . کەچی مرۆڤ پێویستی بە مانەوەی ئەو دەوڵەتە هەیە بۆ پاراستنی(سەربەخۆیی مرۆیی) خۆی . لەهەمان کاتیشدا سیاسەتی بەخێوکەری (رەفاهیەت) ئەودەوڵەتەیە کە مرۆڤی بەو پلەیە سەربەخۆکردوەو وای لێکردوە کە بۆ هەبوونی ژیانێکی خۆش ومسۆگەر ، حەوجێی بە کەسی دی نەبێت . هەربۆیەشە سوئێدی دەڵێت : « دەوڵەت منە » ، کەوابوو لە مێشکی مرۆڤی سوئێدی دا « دەوڵەت دژە» واتە «دەوڵەت دوژمنە» ناگونجێت . مرۆڤی سوئێدی باوەڕێکی تەواوی بە دەوڵەت هەیە . کاتێ دوو سوئێدی ئوتومبیلەکەیان لەیەک دەدەن ، دانابەزن بیکەن بە شەڕوهەرا، بەڵکوو بەرگەیەک ئیمزادەکەن و دەڕۆن ، چونکوو دەزانن دەوڵەتی مێهرەبان ، بەبێ لایەنگری لایەنێک ، ئەومەسەلەیە چارە سەر دەکات و هەق بە هەقدار دەگات . بۆیەش باجدان بە دەوڵەت بەئەرکێکی پیرۆز ی سەر شانی گشت هاو وڵاتیان دەزاندرێ . ئەم پێوەندیەی نێوان دەوڵەت و مرۆڤ ، دوو شتی زۆر گرینگی بە دیهێنا :

١ـ هەستی سەربەخۆیی و بەرپرسیاری ؛ نموونەی زۆرهەن کە باسیان بکەین وەک : من ئازادم ، من بڕیار دەرم ، ژیانی خۆمە ، پارەی قەرزدەکەم و دەیدەمەوە ... ئەم گوتانە هەموورۆژێ لە گەورەو بچوک دەبیسرێ ؛ واتە کولتورێکی «منی» ، یان «منانە » دێتە دی ، کولتورێک کە تێیدا ئازادی وسەربەخۆیی من ، مسۆگەر بێ بە مەرجێک زیان بە کەسی تر نەگەیێنێت . بۆیە مافت هەیە لە ماڵی خۆت ، گوێت لە مۆسیقا بێت ، بەڵام نابێ دەنگی مۆسیقاکەت ئەوەندە بەرز بێت کە دراوسێکەت ناڕەحەت کات . زۆرجار گوێم لێ بوە کە سوئێدی بەو پەڕی خۆشیەوە دەڵێ: «چەند خۆشە ئێستە منداڵەکان لە ژووری خۆیان دەنوون » واتە ـ لە یەک دوورکەوتنەوە و بە دەست هێنانەوەی سەربەخۆیی لە جێگەی خۆمدا ـ . نموونەیەکی دی چوونە لای دکتۆری سوئێدی یە ، دەبینی دکتۆرەکە بڕیار نادا ، وابکەو وامەکە ؛ بەڵکوو دەڵێ: من وام پێ باشە ، ئەوەش ئەوە دەگەیێنێ کە تۆ ئازادیت لە بڕیارەکانی خۆت دا .

چەندین جار بە چاوی خۆم بینیومە کە پانابەر بە بەرپرسەکەی(مەسئوول) خۆی گوتوە: ئەگەر وام بۆ نەکەیت ، من والەخۆم دەکەم !! یان منداڵەکانم والێ دەکەم .. تۆ بەرپرسی منی دەبێ کارەکەم بۆ جێ بە جێ بکەی ... سوئێدییەکە بەو پەڕی سەرسامیەوە پرسیویەتی ئەرێ ئەنداز من هەقم چیە ئەو لە قاتی حەوتەمەوە خۆی فڕێ دەدا یان نا ؟ من بۆ مەسئوولم ئەو مەسئوولی ژیانی خۆیەتی ...

٢ـ هەستی ویژدانی و کارایی ؛ دیاردەیەکی دی لە نێوان مرۆڤ ودەوڵەتی مێهرەبان ئەوەیە کە مرۆڤ دەبێ بەشداری پاراستنی ئەو سیستێمە بێت وئەرکێک ئەنجام بدات واتە لەئاست دەوڵەتی مێهرەبان دەبێ ئەمەگدارو بە ویژدان بێت . من ئەگەر ئەو ڕستەیە بکەم بە کوردی وای لێ دێت : « هەمووکەس دەبێ نانی خۆی حەڵاڵ بکات ». واتە هەر مرۆڤێک دەبێ بەشداری کار وئەرکێک بێ ، بۆ پاراستن و پێشخستنی ئەو « چاک ڕابوێری»یەی(رفاهیەت) کۆمەڵگاکە هەیەتی .

لە سوئێددا ڕێژەی خۆکوژی لە نێو بێکاران دا زۆر بەرزە ، هەرچەند مرۆڤ کە بێ کار بوو، نە لەبرسان دەمرێ ، نە بێ ماڵ دەبێت ونە سەریشی بە قوڕدا دەچێت . بەڵکوو مانگانە یارمەتی دەدرێتێ و گوزەرانی مسۆگەرە ؛ کە واتە بۆچی خۆی دەکوژێت ؟ هەستی بێ

کەلکی وای لێدەکات کە خۆی بکوژێت . لە سوئێد کارکردن بۆ مرۆڤ گەلێک گرینگە، چونکوو بەو کارە هەست دەکات کە ئەرکێکی کۆمەلایەتی بە جێ دێنێت . بەلام ئێمە کە دەکەوینە ولاتێکی وا ، چ ئیش بکەین و چ ئیش نەکەین ، پارە وەردەگرین و ژیانێکی خۆش رادەبوێری ، تێناگەین خەلک بۆ ئیش دەکات . زۆر هەن هەر ئیش ناکەن و خۆیانی لێ دەبوێرن . زۆر جار رووی داوە کە پەناهەندە لە منی پرسیوە ! باشە کاک ئەنداز ، ئەگەر ئیش بکەم پارەکەم چەند زیاد دەکات . منیش بۆ نموونە گوتوومە : هیچ زیاد ناکات ؛ چونکە ئێوە شەش کەسن ، دەبێ مانگێ ئەوەندەتان هەبێت ، بۆیە تۆش ئیش بکەیت ، دەبێ لە رێی یارمەتی کۆمەلایەتییەوە پارەکەت پڕ کەینەوە . کاکی برا وەلامی داوەتەوە : ئێ ، کە واتە بۆ ئیش بکەم . ئەم ئەفەرە ناتوانێ بیر بکاتەوە کە من بە ئیش کردنم :


١. ئەرکی ئەفەرێکی بێ کەلک لە سەر کۆمەلگا کەم دەکەمەوە

٢. بەشداری پاراستنی چاک رابوێری (رفاهیەت) ئەو کۆمەلگایە دەبم کە تێیدا دەژیم .

ئێمە لە ولاتی خۆمان کار دەکەین بۆئەوەی پارە پەیدا بکەین و پێی بژین . ئیش وەکوو ئەرکێکی کۆمەلایەتی نابینین چونکە زادەی کۆمەلگایەکین کە پێی دەگوترێت : کۆمەلگای گشتی .

## کۆمەلگای گشتی

لە کۆمەلگای گشتی دا مرۆڤ هەمان پێوەندی پێشووی نیە بە دەولەتەوە . بەلکوو پێوەندی بە هێزی مرۆڤ بە شتێکی ترەوەیە کە پێی دەلێن : ـ کەس وکار، خزم ، خێل ـ . لەکۆمەلگای وادا مرۆڤ باج دەدات بە کەس وکار و بەرابەر بەو باجەش لە کەس وکارەکەوە شتی بۆ دێتەوە ، بەلام باج لەم کۆمەلگایە مەرج نیە پارە بێت ، بەلکوو دەتوانێ شتی تریش بێت ، وەک خزمایەتی، پشتگیری ، لەسەر کردنەوە ، پارەو ... کە ئەگەر پارەی نەبێ دەیدەنێ ( یارمەتی کۆمەلایەتی) ، مالی نەبێت لای خزمێک جێگەی دەدرێتێ ، دەچێتە سەر کار ئاگایان لە مندالەکەی دەبێت . لەو کۆمەلگایانەی کە ئەو شێوە پێوەندییەی تێدا بە هێزە، ئەوەی راست بێ گەلێ مەسەلەی وەکوو دوژمنایەتی و تۆلەو شتی لەو چەشنە لەجۆرە پێوەندییەوە هاتوون .




ئەم شێوە کۆمەلگایەیە کە وای لە کوردی هەندەران کردوە پارە کۆکاتەوە و لەکاتی تەنگانە بینێرێتەوە بۆ کەس وکاری لە کوردستان .

لە کۆمەلگای گشتی دا، زۆربەی بیرو بۆچوون بەرواژی بیرو بۆچوونی کۆمەلگای تاکە کەسی یە . بۆ نموونە بودائیسم دەلێ: ئازادی واتە زال بوون بەسەر ئەو «من»ەی کە لە ناو مرۆڤ دا هەیە ، بۆیە زۆر جار لە کۆمەلگای گشتی دا مرۆڤی «من پەرست» بە خۆپەرست و ئەنانی لە قەلەم دەدرێت . بیرکردنەوە تەنیا لە ژیانی خۆت ، بێ خەم خواردنی ژیانی دایکوباب و خوشکوبراو کەس وکار ، کارێکی ناپەسەندە .

لە کۆمەلگای گشتی دا کە مرۆڤێک دەسەلاتی هەبوو و توانی ئیش بدات بە خەلک ، بەر لە هەمووشت کەس وکاری خۆی لەبەر چاو دەگرێت . کە ژنی هێنا ، خزمی خۆی بیێنێت ، کە دوو ئوتومبیل لە یەک دەدەن خاوەنەکانیان دەبێ دابەزن ؛ بیکەن بە شەڕوهەرا تا مافی خۆیان وەردەگرن . چونکە لەم کۆمەلگایە دەولەتێکی مێهرەبانی بێ لایەن ، نیە تا ئەو ئەرکە ئەنجام بدات .

بەکورتی هەرکام لەو دوو کۆمەلگایەی کە باسی لێوە کرا ، دوو جۆرە کولتوری جیاوازو تایبەت بە خۆی دەخولقێنێت . هەربۆیەشە ، ناشارەزایی و کەم زانین سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی ئەو کولتورانە، زۆرجار دەبێتە هۆی رق و یەکتر بەکەم زانین و ئاخرسەر دژایەتی ...

دیارە ئەمن لەم باسەدا نامەوێ بلێم کە تایبەتمەندی ئەم کولتور باشەو ئەو کولتور خراپە ، یان ئەمە دروستە وئەوی دی هەلەیە ، بەلکوو دەمەوێ بلێم کە شارەزایی کولتوری و پەی بردن بە شێوەی بیرکردنەوەی کولتورەجیاوازەکان، شی کردنەوەو لێکدانەوەی شێوەی ژیانی کولتوری ، لەسەر بناغەیەکی زانستی وبابەتی ، وادەکات کە لەیەک تێبگەین و لەیەک نیزیک ببینەوە و پێکەوە بژین .

ئەو بابەتانەی خوارەوە لە باسەکەی داهاتوودا دەخرێنە بەر چاو :١. چالاکی ٢. ئەنجامدانی ئەرک ٣. کارکردن ٤. کات ٥. ژن، پیاو، یەکسانی ٦. سروشت ٧. مندال و مندال پەروەردەکردن ٨ . دین ٩ . زمان و گفتوگۆ ١٠ . دوورەپەرێزی لە گیروگرفت ١١ . بیروباوەڕ دەربڕین ١٢ . سوئێدی و بۆچوونی لە ئاست کولتوری خۆی ١٣ . مرۆڤ و تەنیایی ١٤. کاربەدەستی سوئێدی ١٥ . شێوەورەوشتی هەلس و کەوت ١٦ . وزە و توانایی ١٧. سوئێدی و تەندروستی ١٨. سوئێدی و ناسوئێدی ١٩ . کە کولتورەکان پێک دەگەنەوە ٢٠. سێکس و ئازادی .

* سەرچاوەکان :

1:Svenskar, Gillis Herli
2: Ny i klasser , Seija Wellros
3:Likt och olikt , Seija Wellros . Gunnar Hellström
4:Sexualitet mysterium k civilizatiossymbol ,Kenneth Rit-zen


**بەو پەڕی خۆشحالیەوە ڕادەگەیێندرێ کە دەرگای ئەم گۆڤارە ، بۆ هەر چەشنە پێشنارێکی چاکخوازانە ئاوالەیە و دەستی ڕەزامەندی لەحاند هیچ جۆرە تێبینێکی دلسۆزانە ، ناگێڕێتەوە .**

ئەدەب

گفتوگۆ

# ئۆکتاڤیۆ پاز

# جەستەی زیندووی شێعر



ئۆکتاڤیۆ پاز(Octavio Paz)شاعیر و نووسەری بە نێوبانگ و وەرگری خەڵاتی ئەدەبی نوبێل(١٩٩٠)، لە ساڵی ١٩١٤ لە شاری مەکزیکۆسیتی لەخێزانێکی ناوێتە بە خوێنی ئازتەکی(aztec ) و ئیسپانیایی چاوی بە ژیان هەڵێناوە. پاز هەر لە منداڵییەوە، ڕێگەی خۆنەویستی سیاسی بوونی بۆ دەکرێتەوە ، واتە بنەمای بیری پێشکەوتنخوازانەی ئۆکتاڤیۆی منداڵکارە ، لەو کاتەوە شکڵ دەگرێ کە زاپاتا شۆڕشگێڕی مەزنی ئەمریکایی هاتوچۆی باوکی دەکات . هەڵسوکەوتی شۆڕشگێڕانەی باوکی پاز کە خۆی یەکێک لە پێشمەرگە و لایەنگرەکانی زاپاتا دەبێ لە لایێک و بیر و ئاکاری ئازادیخوازانەی ئاموشۆکەران لە لایێکی دی، بە شێوەییێکی وەها بەرچاو کاردەکەنە سەر دڵ و مێشکی ئەو منداڵە کە تەنانەت لە تەمەنی گەورەساڵیشدا لێیان جیانابێتەوە و لە شێعر و نووسراوەکانی خۆیدا ئاوڕیان وێدەداتەوە . پاشماوەی کارتێکەری ئەو هەڵسوکەوتانە و کەڵەکە بوونی ئەو بیر و ئاکارانەی سەردەمی منالی، وا لە پاز دەکەن کەلە زۆربەی ڕاپەڕین و مانگرتنەکانی خوێندکاران، بەشدار بێ و تەنانەت بە وەش هەستی سەرکێش و دووڕەگەیی بوونی دانەمرکێت و یەکڕاست بە یارمەتی و ڕێنوێنی پابلۆ نێرۆدا، خۆی باوێتە ناو جەرگەی شەڕوشوڕی ناوخۆیی ئیسپانیاوە .

پاز هەرچەند بە هەستێکی داغی گیانبازانە و لە ژێر درۆشمی ئاچغی سوورخوازانە ڕوو دەکاتە ئیسپانیا ، بەڵام بە گوێرەی بۆچوونی خۆی کە هەڵەو پەڵەی خۆپەرستی و فێڵ و تەڵەکەی ئیستالینیستی بەرەی تووەدیی دەبینێ چاوی ڕەشی کاڵ دەبێتەوە و تەنانەت لە پابلۆ نێرۆداش خۆدەکێشێتەوە . لەو سەردەمەدایە کە پاز لە گەڵ شاعیر و نووسەرانی سووڕریالیست ئاشنا دەبێ و لە ئاندرە بێرتۆن نیزیک دەبێتەوە. دوای ئەوە لە تەک زۆربەی شاعیر و نووسەرە بەنێوبانگەکان و لە خۆی بە تەمەنتر وەک: ڕابرێت فراست، لوئیس سێرنوودا، خۆزە ئۆرتێگا، ویلیام کارلۆس ویلیامز و ئوزرا پاوند کە هەرکام بە نۆرەی خۆی کاریان تێکردوە، تێکەڵاو دەبێ.

ئۆکتاڤیۆ پاز نە تەنیا وەک شاعیر و ڕەخنەگر و وتارنووس نێوی دەرکردوە، بەڵکوو بە گەورەترین ڕاوێژکاری سیاسیش دەژمێردرێ . ئەو، ماوەی چەندین ساڵ لە وڵاتەکانی فەڕەنسە و ئیتالیا و ژاپۆن و هیند ، باڵوێزی وڵاتەکەی خۆی واتە مەکزیک بوە کە ئەوە خۆی دەرفەتێکی بە نرخی بۆ دەڕەخسێنێ کە کولتورە جۆراوجۆرەکان بناسێ و بەتایبەت لە کولتور و ئەدەب و شێعری ڕۆژهەڵات ، نێزیک بێتەوە .

پاز لە ساڵی ١٩٣٣وە ڕووی کردوە تە جیهانی شێعرو لەو ساوە بێ برانەوە هەوڵی بەرو پێشچوونی داوە . دیارە لەو بوارەدا دوو هۆ، وەک دوو دەرفەتی سەرەکی لە ژیانی ئەدەبی و شێعری پاز دا دەوریان بینیوە : یەکیان ئەوەیکە پاز بە هەوڵ و یارمەتی شاعیری شەهید پابلۆ نێرۆدا ، ڕەوانەی ئیسپانیا دەکرێ و لەوێ لە گەڵ سوورریالیستەکان دەکەوێ و دواتریش لە کاتی مانەوەی لە فڕەنسە و ئیتالیا، زۆربەی ڕێباز و شێوازە شێعریەکانی سەردەم تاقی دەکاتەوە. دووهەمیان ناسین و تاقی کردنەوە و نیزیک بوونەوە لەکولتور و شێعر و ئەدەبی ڕۆژهەڵاتە، هەر وەک خۆیشی نایشارێتەوە ئەو ماوەی کە لە ژاپۆن و هیند باڵوێزی وڵاتەکەی بوە ، سەردەرای کاری سیاسی ، بە نرخ ترین ئەزموونی لەو بارەوە

پاشکەوت کردوە. دەکرێ بڵێین پاز تێکەڵاوێکە لە خوێنی ئیسپانیایی، شارەگی نازتەکی، مێشکی مەکزیکی و دڵی ڕۆژهەڵاتی کە ئەوانە هەمووی لە سەر یەک جەستەی زیندووی شێعری پازیان پێکهێناوە.

پاز لە سالی ١٩٦٢ تا ١٩٦٨ کە لە هیند باڵوێز دەبێ بە بیستنی هەواڵی ڕاپەڕین و مانگرتنی خوێندکاران لە کاتی بەڕێوەچوونی ئولەمپیک(١٩٦٨) و سەرکوتکردنیان لە لایەن دەولەتەوە ، بۆ هەمیشە لە کارەکەی دەست دەکێشێتەوە . ئەو لەو ساڵەوە دەگەڕێتەوە ولات و دەست دەکا بە لەقاودانی سیاسی و ڕادەگەیێنێ کە ئیتر ناتوانێ نوێنەری سیاسی دەولەتێکی گەندەڵ و خوێنڕێژ بێ . پاز، لە پاش ئەو ڕووداوە بە یەکجاری لە دنیای سیاسەت ماڵئاوایی دەکا و زیاتر بە خۆی و مێژووی مەکزیک ، دادەچێتەوە.

پاز لە ئاکامی گەلێک هەوراز و نشێوی ژیانی سیاسی و ئەدەبی و قەڵەمی ، ئاخر سەر جگە لە یاری لە مێژینەی خۆی کە شێعرە ، هەموو ئایدیۆلۆژیەکان ڕەت دەکاتەوە . ئۆکتاڤیۆ پاز ، وەرگری خەلاتی ئەدەبی نۆبێلی ١٩٩٢ ، ئێستا سەرنووسەری گۆڤاری(Vuelta)یە کە خۆی بەڕێوەی دەبا .

بۆ ئاشنا بوونی زیاتری خوێنەرەوان، دەقی گفتوگۆیێکی پاز کە کاتی خۆی لە گەڵ گۆڤاری (*magazine Litterair*)کراوە ،وێڕای دوو پارچە شێعر، لەو ژمارەیەدا بلاودەکرێتەوە، کە دەقی ئەم گفتوگۆیە لە « *ئادینە؛ ویژەنامەی گفت وگو، شەهریوەر* ١٣٧٢ »وەرگیراوە .

« گزینگ »

● ئێوە هەم شاعیرن ، هەم ووتارنووس ، بەواتایەکی تر ڕۆژنامەگەر. لە مەکزیک گۆڤاری « *Vuelta* » بەڕێوەدەبەن ، لەحاڵەتێکی وادا، کام لایەنی ئەوکارانەت زیاتر بە گرینگ دەزانی؟

ـ خۆیشم نازانم . زۆر سەختە ، لەوشتانەی دەیاننووسم شازێتی دەسنیشان بکەم . من میراتگری داب ونەریتی ئەو شاعیرانەم ، کە بە چاکی توانیویانە هەم لە هونەری وێنەنوێنی و هەمیش لە هونەری مۆسیقی دا، بە بارتەقای یەک ، وردبینییەکی قوڵیان هەبووبێ . وەک بودلێر، ڤالێری ، بێرتۆن . سەبارەت بە خۆم ئەشێ بڵێم ، بەرلەهەمووشت حەزدەکەم شاعیر بم . تەنیا دوای ئەوە ، ڕوودەکەمە پەخشان . بەڵام هەر بە شێوەی هۆنراوە نووسینیش ، دەبێتە هەڵە . لە لایەکی ترەوە ، ڕۆژنامەگەری و ڕەخنە ، شێوەیەکی ئەدەبی لانی کەم وەکویەکن . من زۆرتر خۆم بە ڕۆژنامەگەر دەزانم تا ڕەخنەگر. ووتارەکانم ، خۆیان جۆرێکن لە ڕۆژنامەگەریی بە ئاهەنگێکی هێواش.

**✿ شێعر زەبرئاهەنگێکە کەبە وێناندن دەست پێدەکا ، وێناندن بەهۆی وشە. ئەوە هەر هەمان جێ پێی شاعیرانەیە**

● ئێوە خوایەنی مافی چەندجۆرێتی و دژایەتین . لەگەڵ ئەوەش پێم خۆشە بزانم ، یەکێتی و خولگەی نووسینەکانت لە کوێ دایە ؟

ـ لە ڕاستیدا هەقی دژایەتی ، یەک لەو مافانەیە کە قانوونوەرەکان لە کاتی ڕاوێژکاری سەبارەت بە مافی مرۆڤ ، فەرامۆشیان کردووە . بودلێر وەختێ لە خۆکوژی نێرڤاڵ دەدوا ، هەقی هەڵگەڕانەوەو بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ خۆ ، بە مافێکی بنەڕەتی دادەنا . بە ڕای من وشەی « یەکێتی » وشەیەکی خەتەرناکە . ئەمن ، چەندجۆرەییم . بە دوای یەکێتی گەڕان جگە لە خەیاڵ شتێکی تر نیە .

● بەڵام سەبارەت بە بۆچوونتان لەسەر شێعر. لە کۆنووسراوەیێک کە لەسالی ١٩٨١لە لایەن *Seix Barral* دەرچوو، ئێوە دەقگەلی جۆراوجۆرتان لە « هەڵۆ یا هەتاو » وەرگرتوە کە زیاتر بەستەی کورت و خەیالاوین تا دەقگەلی کلاسیکی ،ج بە شێوەی هۆنراوە یان بە شێوەی پەخشان و هەروەها لە «مەیمونی گرامێری » یشدا ، کە بۆ دابەشبوون ناشێ ، لە ژێر وتەرۆکی « شێعر » دەسچنی دەکەن . بەم جۆرە ، واتای شێعرو شاعیری لای ئێوە چیە ؟

ـ ئەو دەقانەی ناوت بردن ، لە سنووری شێعردا دەگونجێن . لە « هەڵۆ یا هەتاو » دا هێندێ دەق ، بە واتای کلاسیکی وشە ، پەخشانەشێعرن . بەڵام ئەوەکانیتر هیقایەتن . هیقایەت شێوەیەکی ئەدەبی یە کە شاعیرانی نوێ وەکو ماکس ژاکوب ، بنیامین پەرە ، بە سەرکەوتوویی کەڵکیان لێ وەرگرتوە . پەخشانەشێعر دەرفەتی پێداهەڵگوتن لە زۆر ئاستەوە دەڕەخسێنێ کە دەربڕینیان بە شێوەی هۆنراوە نالوێ . ئەم پەخشانە شاعیرانە ، ئەوپەڕی جەزمێتی بە زمانی گفتوگۆ دەبەخشن . ئەوەی کە لە « هەڵۆ یا هەتاو »ـدا بۆ من عەنتیکە بوو دۆزینەوەی ژێرزەمینەکانی ڕەوانی و ئەفسانەیی مەکزیک بوو. وەپەخشانە شێعرلەوبارەوە بە هانامەوە هات . « مەیمونی گرامێری » لەو حاڵەتیشدا، هەم پەخشانەشێعرەو هەم تێفکرینێکە دەربارەی شێعر. مەبەستم قۆناخێکی گەلێک نامەتمانەیە کە هەم لە نور بێزارەو هەم لە تاریکی . ئەو قۆناخە هی بەیانان و ئێوارانەیە ، واتە ئەو دوو کاتەی کە من لە هەموانم زۆرتر خۆش گەرەکە . شێعر زەبرئاهەنگێکە کەبە وێناندن دەست پێدەکا ، وێناندن بەهۆی وشە . ئەوە هەر هەمان جێ پێی شاعیرانە یە . سەبارەت بە ئیلهام دەبێ بگوترێت ؛ ئەوە شتێک نیە کە بە ئێمە دەقنووس کرابێ .

←

وشە نیە ؛ نە وشەی خودا، یان وشەی جیهان یان وشەی دەرونی ناخۆئاگا . نا ، ئیلهام قسە ناکا ، لاڵە . ئوسکوتێکە لەدەرەوەی ئێمە کە عەلامەتمان دەداتێ . بەڵێنی و بڕیاری وشە ، هەرئەو ئوسکوتەیە. ئەرکی شاعیر ئەوەیە کە لە ئاست ئەو ئوسکوتەی کەوابەم چەشنە عەلامەتی دەداتێ ، وشەیەکی ناسک و بەدیار، پێشکەش کات .

● تێکەڵاوی ئێوە لە تەک سورڕیالیستەکان بە تایبەت لە گەڵ ئاندرەبێرتۆن و بنیامین پەرە چۆن بوو؟

– هەرکە گەیشتمە فەڕەنسە ، زو بۆم دەرکەوت کە ئاڵای شێعر ، خەبات لە پێناوی شێعرو شۆڕشی ڕاستین بە باڵای ئاندرەبێرتۆن و سورڕیالیستەکان بە کشتی ، ئاڵاوە . بێ سێ ودو لەگەڵیان گەرمم گرت . لە دواییدا لویی بونۆئێل ، هۆی ئەوکارەی لەمن پرسی . وەڵامی من ئەوە بوو: « بەهۆی جوانی شناسی و بەتایبەت سرشتی ڕەوشتی » . لەلای سورڕیالیستەکان یەک سەلمێندراو و بەڵگەی ڕەوشتی هەبوو کە منیش تێکۆشاوم ئەمم هەبێ و دنیای مۆدێڕنیش حەوجێی پێیەتی . ئەمن هەستم دەکرد کە میراتگری ئەو بیرە خراپکارانە و لە هەمان حاڵیشدا بەخشێنەری سورڕیالیستەکانم کە بریتی بوو لە گۆڕینی مرۆڤگەل و تێکدانی ئەو پێوەندییەی کە لە نێوان ئینسانگەل وەهەروەها لە ئاست وزە و سروشت دا هەیە . بونۆئێل وای وەڵامی من داوە کە ئەویش بەهۆی گەلێک بەڵگەی وەک من ، لە سورڕیالیستەکان نیزیک بۆتەوە. بەڵام ئاساییە کە من تەنیا بەهۆی سیاسی و ڕەوشتی لەگەڵ سورڕیالیستەکان نەکەوتم بەڵکو پێم وابوو کە شێعر لە نێوەندی چالاکییەکانیان دا جێگیربوە . چونکوو شێعر نێوەند و کاکڵی شاراوەی ژیانی ڕاستین پێکدێنێ . بەهەرحاڵ ، ئەو جەختە لەسەر کات ودەم ، کە لە ئەزموونی ئەوین و هەروەها لە هەوەسخوازیErotisme ، یان لە ئەزموونی شاعیرانە و هەمدیسان لە ئەزموونی یاغیبوونا، بەدی دەکرێ ، بنەڕەتی ترین دەرسێکە کە لە سورڕیالیستەکانم وەرگرتووە .

● بەڵام ئێوە جارجارە لە تەک کۆمەڵەکە دمەقاڵەیەکی ڕەخنەگرانەتان هەبوو .

– بەلای من ، سورڕیالیزم‌کات یا چرکەیەک بوو لە مێژووی شێعری ئاماڵ جیهانی ، نە هەوەڵینەکەی نە دوایەمینەکەی . بەڵام بەهەرحاڵ ، جیاوازی بۆچوونەکانی من لە گەڵ ڕاپەڕین تاڕادەیەک قوڵ بوو . من خاوەن نەریتێکی دی و لە بەرەیەکی گەنج تربووم . شێعری نوێگەرانەی زمانەکانی دیم تاقی کردبۆوە و ئاخرسەر ئەوەی کە ڕوانگەی سورڕیالیستەکانم زۆر مەکتەبی(ئورتۆدۆکس) هاتەبەرچاو . سورڕیالیزم ئەوەهای چاوڕوان دەکرد کە دەکرێ لە شێعر چاوبپۆشرێ و ئەوەی لە هەموانی لا گرینگتربوو گۆڕینی ژیان بوو بە هۆی خەیاڵی شاعیرانە . بەڵام لەوحاڵەدا ئەرکی ئێمە چیە سەبارەت بە شێعرو بەتایبەت شێعری درێژ کە سەرەکی ترین دەسکەوتی ڕۆژگاری ئێمەیە ؟ وە ناکۆکیش بێگومان لێرەدا بوو، چونکوو ئێمە لەو دەورانەدا ناچارین ، شێعر بنووسین و شێعر بخوێنینەوە و لە سیلەی هەرئەوشێعرانەوە بڕوانینە جیهانەوە. کەوابوو ، سورڕیالیزم لەهەمان کاتدا ، هەم لە شۆڕش کەمتر بوو هەمیش لە یەک شۆڕش زیاتر . لەبەرئەوە کە جیهانی نەگۆڕی بەڵام شێعری ژێروڕوکرد .

● ئەو بۆچوونە سیاسی وڕەوشتییەی کەوا بوو بە هۆی نیزیکیتان لە گەڵ کۆمەڵەی سورڕیالیستی ئەو زەمانی ، ئێوە ئەمڕۆ چۆنی بەبەرەوە دەدەن ؟

– لە ژیاننامەی کەسێتی من ، کاتی ئاشنایی لەگەڵ ئاندرەبێرتۆن و بنیامین پەرە، کاتی شکستێکی مەزن بوو . شکستی هیواگەلی شۆڕشگێڕانە ، شکستی یەکێتی سۆڤێت و تێزەکانی . ئەودەم سەرنجم دا کە ئەوان بەرلە من و بێگومان بە ئەزموونێکی زۆرتر ، ئەو چاوکاڵبوونەوەیان تاقی کردۆتەوە و لەگەڵ ئەوەشدا بە ڕاخوشینی فرەگر ، باوەڕیان هەبوو . وە ئەوە بەڕای من نموونە بوو . ئێستا لەو دوواییانەی سەدەدا ، مەبەستەکە جیاوازە . بێشک دەبێ لە دێمۆکڕاسی بەرگری بکەین ، بەڵام بەرگری لە دێمۆکڕاسی بەس نیە . دەبێ دێمۆکڕاسییە ڕۆژاواییەکان بە شتێکی زیندووتر، بەنەبزتر، سازێنەرتر وەرچەرخێندرێن .

● ئالفۆنسۆ ڕیس Alfonso Reyes لە وان نووسەرانێکە کە کاریان کردۆتە سەر ئێوە ...

– ئالفۆنسۆ لە مامۆستایانی زمانی ئیسپانیایی بووە . بورخیس ، ئەمی بە چاکترین پەخشاننووسی زمانی مە داناوە . ئەوە ڕەنگە زێدەبێژی بێ ، چونکوو باشترین ،بێگومان هەر خۆی بورخیسە .

● نرخی خووان رولفۆ لای ئێوە چیە ؟

– بەڕای من ئەو یەکێک لە مەزنترین ڕۆمان نووسەکانی ئەمریکای لاتینە ، بەتایبەت هەرئەویشە دەرسی کورتنووسی فێری زۆربەی نووسەرانی ئەمریکای لاتین کردووە ، نووسەرانێک کە ئێستا گەرەکیانە زۆر درێژ، جاری وایە لەڕادەبەدەر درێژ بنووسن .

● ئێوە نیوەئیسپانیایی و نیوەسورڕێستێ ، نموونەی ئاوێتەیەکی

دوڕەگە و هەروەها چەشنە پردێک لە سەرووی جیاوازییەکانی فەرهەنگی . گرینگی مێژوویی ئەم دوڕەگەبوونەتان ، چی بۆ ئێوە تێدایە ؟

ـ مێژوو و شارستانیەت بریتییە لە تێکەڵاوی هەمووشارستانیەتەکان. ئەوە کریمانەێکە وەڕاستگەڕانەکەی لە گشت جێیەک دەتوانرێ جەخت بکرێ . تراژێدی گەلەکانی بەر لە کلۆمب ، لەکاتی گەیشتنی ئیسپانییەکان ، ئەوەبوو کە هیچ چەمک و واتایەکیان لە « بیانی» نەبوو . نە،« ئازتەک»ەکان ، نە ، «یاما» کان نە سورپێستەکانی ئەمریکای باکور ، هەبوونی « غەیرە » یان هەست پێ نەدەکرد . بەپێچەوانە ، ئەزموونی گەورەی ئوڕوپییەکان لەوبارەدا ، هەرئەوتێکەڵاویەی شارستانیەتەکان بوو. شارستانیەتی چینی ، بێ دەستکەوت و بەرکری هیندییەکان ، دەرک ناکرێ . هەرئەوجۆرەی کە دەستکەوت و بەرکری هیندییەکان ، بێ کارتێکەری یۆنانییەکان ، فام ناکرێ . ئەم وتەیەش سەبارەت بە ئوڕوپییەکان ڕاستە . ڕێی تێناچێ شارستانیەتی یۆنانییەکان ، بێ کارتێکەری گەلانی تری مەدیتەڕانە ، بنوێندرێ . ئەو تێکئەڵقانەی شارستانیەتەکان ، نەتەنیا دەستکەوتی مێژوویە بەڵکوو بەروبووی بارهێنانیشە . فەڕەنسییەکانیش بێ ئەوەی ئاگاداربن ، دوو ڕەگەن.

**❁ شکڵ و پێگەی ئورۆتیسم یا هەوەسخوازی ، لە ئەویندا دەگۆڕدرێ . لە عیشقدا ئازادی ، هەڵبژاردن و هەڵنان هەیە. ئەگەر من کەسێکم هەڵنا ، ئەویش بە نۆرەی خۆی ئەمن هەڵدەبژێرێ . ئەوکارە بەڵام لە ئورۆتیسمدا گرینگیەکی ئەوهای نیە**

● بۆئەوەی بگەڕێینەوە سەر بابەتی شێعر... بەرکر و نەخشی خۆشییەکانی هەست و هەوەسخوازی لە کارنامەی ئێوەدا چیە؟

ـ شێعر بەر لە هەمووشت شکڵێکی هەست پێکراوە کە لە دەنگ ، سیما ، کارتێکران و شڵەژان پێکهاتووە . کە وایە ، بە هێزترین کارتێکران وشڵەژان ، هەرئەوجنسێتی ( Sexualite ) و هەستی هەوەسخوازانەیە . مەبەستی زۆربەی شێعر، یەکێتی دژگەلە کە لە خەیاڵی شاعیرانە ، لەژیانی ڕۆژانەو لە ئەویندا ، بەدیان دەکەین .

● بۆچوونی ئێوە سەبارەت بە ئەوین ، بە بارتەقای سوررپالیستەکان لەلایەک و هەروەها بۆچوونەگشتیەکان لە مەرئاکاری جنسی و هەوەسخوازانە ، چیە؟

ـ سوررپالیستەکان ، سەبارەت بە ئەوین بیروڕای تایبەت بە خۆیان هەبوو. بەڵام لەوباریەشدا هەروەکو شێعر ، بیروبۆچوون سەبارەت بە ئەوینیش چ بەرلە وان و چ لەپاش ئەوان ، هەر بووکە .

ڕەنگە عیشق ، هەرئەوجۆرەی کە دەنیس ڕۆژمۆن پێی وابوو ، داهێنانێک بێت . من کە شتێکی وا باوەڕ ناکەم . من ڕام وایە کە بوونی ئەوین لە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتیشدا ، بۆ وێنە لە ئەدەبی چینی دا بەدەردەکەوێ . لە شێعری هیندی دا کریشنا خودایەکی ئاشقە . کەوابوو عیشق لە پاوانی ڕۆژئاوا دا نیە . لە لایەکی دی من هەوڵم داوە کە لە نێوان جنسێتی وهەوەسخوازێتی جیاوازی دابنێم . جنسێتی لە ئەساسدا کارێکی ژینیاری وبیۆلۆژیکی یە . جنسێتی لە کن ژینەوەران ، لە سروشتدا، لە جیهانی گیاوگوڵدا، لە خۆرسکاندا، لە گوڵان و هی تریش دەبیندرێ . لە حاڵێکدا ئورۆتیسم یا هەوەسخوازێتی ڕێبازگەی تایبەتی نەوعی ئینسانە . ڕەنگە هێندێ نیشانەی هەوەسخوازانە لە لایەن بەشێک لە زیندەوەران ببیندرێ . بەڵام ئورۆتیسم بەر لە هەمووشت خوڵقانێکی کۆمەڵایەتیە . ئاکاری جنسی یا جنسێتی لە زیندەوەران دا هەرگیز ناگۆڕدرێ ، لە حاڵێکدا عیشقبازی ئینسان ، ئاوێتەی خەیاڵە . ئینسان داهێنەرە . هەرچەند شتێکی مەزن ناخولقێنێ . چونکە لەو ڕێبازگەیەدا ناتوانرێ شتێکی زیاتر بخولقێ ، بەڵام بەهەر حاڵ دەخولقێنێ . ئورۆتیسم یا هەوەسخوازی ڕێبازگەی خەیاڵە . خەیاڵ وێنە زەمینیەکان یا خولیانەکانی خواز و ئارەزو وەبەرچاودێنێ .

لەسای خەیاڵە کە مەیلی هەوەسخوازانە هەمیشە لە جنسێتی ژینەوەری تێدەپەڕێ. لە هەوەسخوازێتی ئەوەی کە گرینگە خۆشی یە . بەڵام خۆشی هەمیشە لە تەک هیترئازاری و خۆئازاری دا ئاوێتەیە . ماکەیەکیش لە ڕەنج لە گەڵ هەوەسخوازی یا ئورۆتیسم تێکەڵاوە. چاوپۆشین لەئاست ئەو لایەنە ترسێنەرو سەرسوڕهێنەرەی ئورۆتیسم ، یەکسەرە پووچ و بێ مەعنایە .

● ئایا عیشق ڕێبازگەیەکی جیاوازی هەیە ؟

ـ شکڵ و پێگەی ئورۆتیسم یا هەوەسخوازی ، لە ئەویندا دەگۆڕدرێ . لە عیشقدا ئازادی ، هەڵبژاردن و هەڵنان هەیە.

ئەگەر من کەسێکم هەڵنا ، ئەویش بە نۆرەی خۆی ئەمن هەڵدەبژێرێ . ئەوکارە بەڵام لە ئورۆتیسمدا گرینگیەکی ئەوهای نیە. لێرەدا بیرۆچکەیەکی تازە دێتەگۆڕێ و ئەمیش ئاشقی تەنیا یەک کەس بوونە. بیرۆچکەی ڕوحیش هاوکات پەیدادەبێ . ئەوانەیە کە بە چەشنێکی قوڵ ، ئەوین لە هەوەسخوازی جیادەکاتەوە.

● ئێوە بۆچوونی خۆتان لە نێوان بۆچوونی د ـ لاورێنس و ژان دولاکرێڤا بە مام نێونجی دەزانن . دەکرێ ئەو پارادۆکسە ⬅

(دوگەری ) زەقەی باس بکەن ؟

ـ له لای لاورێنس ، نیشانەی پیرۆزله قەڵەمدانی ئەوین بۆی هەیه . ئەو هەوڵی داوە تا بە جنسێتی یا ئاکاری جنسی ، وزەیەکی پیرۆز ببخشێتەوە. سەبارەت بە سێنت ژان دولاکرێڤا مەبەست پێچەوانەیه . ئەو عارفه . بەڵام عارفێکه کە عیشق بە خوای لە چوارچێوەیەکی تەواو جەستەڵەکی دا ، دەدۆزێتەوە . خودای سێنت ژان ، خودایەکی خوازەرانە و جەستەڵەکی یه . پارادۆکسی بەرچاوی شێعری عیرفانی، ئەلەوە دایه . واتە خودایەکی کە خاوەن لەش و جەستەیە. لە حاڵێکدا پارادۆکسی لاورێنس دەوە دایه ، دەیەوێ جنسێتی ، بە شتێکی پیرۆز بزانێت . بۆچوون و جۆری زانیارییەکانی من لە نێوان ئەو دووانەدا جێ دەگرن .

● ئێوە شێعرتان وەک ناسۆکی سێهەم نێودێر کردووە ، لەو پێگەیەرا کەشیاوی شێعرە ؛ بۆ قەیرانی زەمانەی ئێمە دەتوانن چارەیەک بدۆزنەوە ؟ ئایا ئەوتێ ڕادیتنە ، کە زۆربەی ئێوە هەتانە ، شتێکی بە جێیە ؟

ـ من هەمیشە وام بیرکردۆتەوە کە شاعیر کەسێک نیه هەر قسان بکا بەڵکوو کەسێکیشە دەبێ گوێ ڕاگرێ . لەوجێیەی ڕا کە ئێمە هەموومان لە برانبەر بۆشاییەک ، لە بەرانبەر نەبوونی کشتی کەلاڵەیەک داین ، من پێم خۆشە نیشانەیەکی پرسیار دابنێم . بەڵام بەهەرحاڵ داهێنان گەلاڵەی کاری من نیه . شاعیران هەرگیز کاری ئەوتۆیان نەکردووە . شاعیرگەل هەوڵ دەدەن کە ڕاستیەکان بە وشە وەربگێڕنەوە، بەڵام بە هیچ بارێکدا فیدا نین . وە تازە چ باشتر! تا ئەو جێیەی من دەگرێتەوە نامەوێ پێغەمبەری هیچ شتێک بم .

● بەڵام ئێوە هەمیشە لە نەبوونی چەشنە ئاگاییەک و جۆرە فەلسەفەیەکی رەخنەگرانە لە ئەمریکای لاتین ، دوواون . وە دەکرێ بڵێین کە ئێوە بە کردەوە نەخشی بوێژی ئەو ئاگاییەڕەخنەگرانەتان ئێستە لەسەر شانە کە لە نەبوونی ئەودا خۆت دەخۆیەوە ؛ جا چ لە ئاست دیکتاتۆری قارەدا ، کە جێی گومان نیه ، چ لە ئاست ئەو ڕژێمانەی کە لە کوبا و نیکاراگوا دا هەن . ئایا لە هەڵوێست گرتنتاندا ، هەست بە تەنیایی و دورەپەرێزی ناکەن ؟

ـ ئەمن تائەو ڕادەیەش تەنیا نیم . ڕاستە کە لە مەکزیکەوە بگری هەتا دەگاتە سەرجەمی ئەمریکای لاتین ، تەنیا ئێمە چەند کەسێکین کە هەڵوێستی روونتر و سەرڕاستتر و ڕەخنەگرانەترمان کردۆتە پیشەی خۆمان . وە ئەوەیش ڕاستە کە زۆربەی ڕوناکبیرانی ئەمریکای لاتین بە هاندان و پێهەلاگوتن بۆ دامەزرانی مارکسیزمی پوچەڵە و ساویلکانە و دیکتاتۆرێتی دیوانسالار-نیزامی لە باری تێروانیگەریەوە (ئیدیۆلۆژیک ) ڕویان کردە ساویلکە نواڕی . بەڵام هێندێک ڕوناکبیر هەن کە کە لەتەک بەشێک لە بۆچوونەکانی مندا هاو نەزەرن . لە دەوری گۆڤاری ( Vuelta) غەیرەئەندێش و دورخراوەکانی کوبایی وەکوو گیلرمۆ ئیڤانتە ، سوروساردۆی و نووسەرانی گرینگی ئەمریکای لاتین وەک ماریۆ ڤارگاس لیۆزا ، ئادۆلفۆ کازارێس ، خۆرگە ئیدواردۆس، یان ، هارۆڵد دو کامپۆس ، هەروەها ئیسپانیاییەکان وەک خوان گۆڤلۆستۆ ، کۆبوونەتەوە .

● کەوابوو گۆڤاری (*Vuelta*) پێش گەلاڵەیەکی ڕێگەچارەیە لە ئاست بۆشایی تێڕوانیگەری بۆ ئەمریکای لاتین ؟

ـ بەڵێ ، بێ گومان . بەڵام وێڕای بوچوونگەلی جیاواز ، بۆنمونە ئێمە وای بۆدەچین کە لە پێناو تێهەڵچوونی سەرخۆیانەی ئەمریکای لاتین ، گەلێ ڕێگەی چارە هەیە . بەڵام بۆئەو کارە دەبێ لە وێنە هەڵگرتن لەوبوچوونانەی کە لە ئەمریکاو ئوروپادا لەوبارەیەوە هەن ، دەست هەڵبڕین و بگەڕێینەوە سەر ئەو مەزندانەی کە لە ئێمەوە نیزیکترن . گابریل زابێد کە لەتەک گۆڤار هەوکاری دەکاو خۆیشی ئابوورزان و شاعیرە ، لە وتارەئابوورییەکانی خۆیدا بە چاکی دەری خستووە کە خەیاڵی پێشکەڤت ، جگەلەوەی ولاتانی ئەمریکای لاتینی خستبێتە سەر ساجی عەلی ، کارێکی تری نەکردووە . هەروەها ڕوونی کردۆتەوە کەچۆن دەستەلاتی لەڕادەبەدەری سەرۆک کۆماری مەکزیک و ئەو ڕژێمەشازەی بەسەریدا سەپاوە ، نە تەنیا لە باری سیاسی یەوە ، بەڵکوو لەباری ئابوورییشەوە ، شوم و مەرگبار بوون : ئێمە بەش بەحاڵی خۆمان تێدەکۆشین کە ڕەخنەیەکی ڕاستیانە بگرین و لەگەڵ ئەوەشدا هێندێک هۆگەل کە بتوانن ڕێی چارەێی بن ، بخەینەڕوو ، بەڵێ ، بەومانایە ئەمانە گەلاڵەن ، بەڵام گەلاڵەگەلێکی نوتفەیی .

● بۆوێنە ڕێی چارە بۆ چ شتێک ؟

ـ گەلاڵەگەلی گەورەی تازەگەرێتی یا نوێسازی بۆ ئەمریکای لاتین ئەغلەب کارەساتاوی بوون ... گەلاڵەگەلێ بوون فیرعەونی و لەوپەڕی ئەندازەو پێوانە . ئەو خۆشباوەڕییە شازە ، ئەورۆ ئیدی باوی نەماوە . بەشێک لە مەسەلەی قەرزی هەندەری ، نەتەنیا لە فەسادی دەوڵەتەکانی ئێمە و هەروەها لە تامەزرۆیی کۆگەل و پاوانگەلی گەورەی سەرمایەدارانە ، بەڵکوو هەر لەو خۆشباوەڕییە زۆرداگرە ، ئاودەخواتەوە .

● ڕەنگە پێویست بێ بە ئەزموونەکانی ڕۆژهەلاتی ئێوە چاوێک بخشێنین . کارتێکەری بەرچاوی ڕۆژهەلات لە کەسایەتی و ئاکاری ئێوەدا چۆن بووە ؟



هەواڵنامەی کتێب

ـ لەو کتێبانە ی کە لەتافی لاویدا دەمخوێندنەوە ، دانەیەکیان زیاتر لە هەموان کاری تێکردم . ئەویش کۆمەڵەشێعرەعرەبییەکانی ئەندۆلس بوو . ئێستاش وێنە سەرسوڕهێنەرەکانی ئەم کتێبە گچکەیەم لەیاد ماوە . کتێبگەلی هیقایەتیش کاریان کردبوە سەر من . دکرێ بگوترێ کە لە چاخێکی دیاریکراودا ، ئەدەبی عەرەب بۆمن سەرچاەی ئیلهام بووە . دوواتر دەرفەتی سەفەرکردنم بۆڕەخسا و لە هیندستان مامەوە .

● ئێوە ماوەی چەندسالاَن لە هیند باڵوێز بوون و دوای کوشتاری خوێندکاران لە تلاتلۆکۆ ، سالی ١٩٦٨بوو کە لە کارەکەتان دەستتان کێشایەوە . ئە لەو ماوەی کە لە هیند ڕاتان دەبوارد چ شتێکتان بۆماوەتەوە ؟

ـ وەختایەک لە ڕۆژهەلاَت دەدوێین ، کاردەکێشینە سەر کۆبڕیاردانێکی پووچ و بێ مانا . بۆوێنە چاو لە ئەدەبی ئێرانی بکەن . ئەوەڕاستە کە ئەو ئەدەبە تاڕادەیەکی زۆر لە تەک ئەدەبی عەرەب جیاوازی هەیە ، بەلاَم پێوەندییەکی قوڵیان لە نێواندا هەیە . سەبارەت بە هیند مەبەستەکە جیاوازە . هیند ڕۆژهەلاَت نیە ، بەڵکوو هەر هەمان ڕۆژئاوایە ، بەلاَم بە جۆرێکی ئاوەژوو . بێجگە لە مەسیحییەت یا دینی یەهود ، بنەماکانی شارستانیەتی هیندی ، هەمان بنەماکانی شارستانیەتی ڕۆژئاوایە . واتە کەمێک وەک ئەو ڕۆژئاوایە دەچێت کە نە مەسیحیەتی ئاسیبێ و نە ئینجیلی دەوری کۆن . هیند ، نەک لە ڕێگەی شێعر بەڵکوو لە ڕێی بڕواوباوەڕەکانیەوە ، منی ڕاکێشا . تەنانەت هونەرگەلی وێنەنوێنی و مۆسیقییەکەی زیاتر لە شێعر سەرنجمی ڕاکێشا .

ماوەیەکیش لە ژاپۆن ڕامبوارد . ئەو ئەزموونەم بەلاوە زۆر عەنتیکەبوو . لە سایەی شێعری ژاپۆنی بوو کە شێعری چینیم دەست پێکرد ( هەڵبەت بەداخەوە بە زمانی ئینگلیسی، چونکە چینی نازانم ) کە ئەوە بۆمن دۆزینەوەو ئاسۆکێکی هەڵکەوتە بوو . یەکێک لە سەرەکی ترین جیاوازییەکانی جیهانی نوێ لە تەک ڕێنێسانس یان لە گەڵ سەدەی نۆزدەیەمدا لەوەدایە کە کلاسیکەکانی ئێمە تەنیا لاتینی یان یۆنانی نین . کە وابوو ئێمە لە ئاست ئەو شوێنەوارە ؛ ئەدەبی لوتکەی چین ، ژاپۆن ، هیند و عەرەبمان هەیە . کەلاسیک گەرێتی ئێمە ، لە کلاسیک گەرێتی سوننەتی ئەختێک بەولاوەترە . لەمەودوا شێعری چین ، بەشێک لە میراتی فەرهەنگی منە .

● چ شتێکی ئەم ، بە شێوەیەکی تایبەت ، کاری تێکردوون ؟

ـ ئەمن هونەری ئوسکوتم لە ئەساسدا لە چینی و ژاپۆنی وەرگرتوە . هونەری بێدەنگ بوون بۆ شاعیرانی ئەسلەلاتینی ئێمە ، کە زیاتر گەرەکیانە چەنەوەڕ بن ، دەتوانێ دەستکەوتێکی بەنرخ بێت . من مەزندەی گەلێ شتی ناتەواویش هەر لەوان فێر بووم . بە بۆچوونی ئێمە کەماڵ شتێکە تەنیا دەتوانێ لە بەروبووی تەواوکراو، بەناکام گەیشتوو ، وەدەست بێ . بەلای ژاپۆنییەکان کەماڵ ئەوشتەیە کە نیوەکارە دەمێنێتەوە ، ئەو شتەیە کە تەنیا تێدەگەیندرێ .

● ئێوە دوای مانەوە لە ڕۆژهەلاَت بەرەو مەکزیک گەڕانەوە و لەوێ هەم سەبارەت بەشێعر و هەم بەهۆی هەڵوێستی سیاسیتان ، بوون بە یەکێ لە کارامەترین سیمای جەغزۆکەی ڕوناکبیرانی ئەمریکای لاتین . ئێوە گەلێک جار و بەتایبەت دوای بومەلەرزەی سالی ١٩٨٥کە لە ژیانی وڵات و دانیشتوانی وێ مێژوویەکی دیاریکەر دەژمێردرێ ، ئێوە شاری « مەکزیکۆ » تان شارێکی هەیوولایانە ئێوبردووە ، ئەوڕۆ ڕاتان سەبارەت بە شاری خۆتان چیە ؟

ـ دەزانم کە گوتنی ئەمە قسەیەکی وەحشەتناکە . بەلاَم بومەلەرزە پتر ئەزموونێکی خۆشهات بوو کە تروسکەی هیوابە داهاتووی دەمن دا بریسکاندەوە . من پێش بومەلەرزە ڕەشبین تر بووم تا دوای ئەم . چونکە ئەوکاتە بوو کە من شتێکی سەرسوڕهێنەرم دەسگیر بوو: کاردانەوەی خۆکردی خەڵک لە بەرانبەر کارەساتدا . ئەوکارە چاوی منی لە ئاست وزەی لەتواناداەبووی هەوگی ئینسانی دا ، کردەوە . گریمان لێرەش وەک زۆرجێیان دزیگەلێ ڕووی دابێ . بەلاَم ئاخر سەر ئەو دزییانە زۆر نەبوون . ئەمن تاڕادەیەک لاوانم هاودەست بینی .

● بە تایبەت خوێندکاران لە ڕیزی یەکەم بوون ...

ـ نەتەنیا خوێندکاران ، بەشی زۆری خەڵک نیشانیان دا کە شیاوی بەرەنگاربوونەوەن لە ئاست بارودۆخا . بەتایبەت ئینسانی بێ ناو ونیشان . یەکگرتوویی ئێونەتەوەییش زۆر بەربلاَو بوو. لایەنی ئایێتی ئەوعی ئینسان ، بەڕای من ، ئەئەوەیە . « لووی ئیشتراوس » دەیگووت : « ئینسان منی لە خۆی هیوابڕ کردوە . » لە ڕاستیشدا زۆر جار وایە . بەلاَم بومەلەرزە بۆ منی دەرخست کە ئینسان هەمیشەیش هیوابڕ نیە . ■

**ئەمن هونەری ئوسکووتم لە ئەساسدا لە چینی و ژاپۆنی وەرگرتوە . هونەری بێدەنگ بوون بۆ شاعیرانی ئەسلەلاتینی ئێمە ، کە زیاتر گەرەکیانە چەنەوەڕ بن ، دەتوانێ دەستکەوتێکی بەنرخ بێت . من مەزندەی گەلێ شتی ناتەواویش هەر لەوان فێر بووم .**

شێعر

# ئۆکتاڤیۆ پاز

**«بزوون»**

ئەگەر تۆ جانووی کارەبایی بی
من جادەییێکم، شەلاڵی خوێنم
ئەگەر تۆ لە من یەکەم تۆفان بی
ئەمن مەشقەڵی هەڵبووی بەیانم.
ئەگەر تۆ قەڵای ئەستەمی شەو بی
من ئەو گوڵمیخەم لە نێو تەوێڵت
گڕگڕ دائیسێم.
گەر پێڵی دەریای سەر لە بەیان بی
ئەمن هەوەڵین دەنگی باڵندەم.
گەر قەرتاڵەییێک بی پڕ لە پرتەقاڵ
من چەقۆییێکم لە تیشکی هەتاو.
گەر سەکۆییێک بی لە بەرد بۆ وتار
ئەمن ئەو دەستەم کە دەیتەزێنم.
گەر تۆ زەوییێکی وەردکراوە بی
من ئەو ئەمامە شلک و ساوایەم.
ئەگەر تۆ ویزەو گیزەی زریان بی
ئەمن ژیلە مۆی نێو ئاگردانم.
گەر لێوی ئاو بی
من زاری قەوزەم.
گەر تۆ جەنگەڵی ڕەوە هەوران بی
ئەمن ئەو تەوردم دەیخەمە خوارێ.
گەر تۆ شارێک بی نفرەت لێکراو
من ئەو ڕێژنەیەم پاک دەیشۆمەوە.
گەر تۆ ڕەوەزەشاخێکی زەرد بی
من باسکی سوری خەنەبەردیلەم.
ئەگەر تۆ خۆر بی و هەڵبێی لە سەران
من ئەو جادەیەم شەلاڵی خوێنم.

***

**« چەقۆ »**

چەقۆ ، باڵندەییێکە لە سەهۆڵ
جوان دێتە خوار و هەوا دەیبەستێ
وەک هاوارێ کە ڕەق هەڵێ لە بێدەنگی .
لە سەر نووکی تاڵەموویێک قەتیس ماوە
تکێک خوێن و نیو نیگاییێک
ڕاماون لە نێو دوو پیلوی مردوو .
جیهانی خاپور، ئاسمانی سارد
جێیەک کە تێیدا ئەستێرەی کەمڕەنگ
فیتووی لێدەدا و بۆی ئاوادەبێ . *

***

## ئەحمەد شاملو

نەمدەویست نێوی چەنگیز بزانم
نەمدەویست نێوی نادر بزانم
نێوی شایەکان
محەممەد خواجە و تەیموورە شەلە
نەمدەویست نێوی ئازاردەرەکان
هەروەها نێوی ئازارچێشتووان.

دەمهەویست نێوی ئەتۆ بزانم.


وە تەنیا نێوێک کەوا دەمەویست
ئەمن نەمزانی.

***

* : لە کتێبی (*Oktavvio Paz, Vid världens strand*) وەرگیراوە. « هێرش»

هەواڵنامەی کتێب

## فروغ فه‌ڕوخزاد



هه‌واخوازم ده‌شیزانم که‌ هه‌رگیز
به‌ نیازی دڵ له‌ ئامێزت ناگرم
ئه‌تۆ، ئه‌و ئاسمانه‌ ساف و ڕوونه‌ی،
منیش دیل و مه‌لی قه‌فه‌س ڕاگرم.

***

له‌ دیوی له‌مپه‌ره‌ سارد و ڕه‌شه‌کان
دوو چاوی حه‌سره‌تم ڕاماو و داماو!
به‌ فکری وه‌م که‌ ده‌ستێ بێته‌ پێشێ
ده‌سا من، هه‌ڵفڕم بۆلات له‌ ناکاو.

***

به‌ نیازی وه‌م که‌ بۆ تاوێکی خافڵ
ئه‌ له‌و زیندانه‌ خامۆشه‌ ڕه‌ها بام
ده‌ ڕووی زیندانه‌وانا، پێکه‌نیبام
چلۆن ده‌ژیام چه‌لان، ئێستاش وه‌ها بام.

***

ئه‌به‌و نیازه‌م، ده‌شیزانم که‌ هه‌رگیز
له‌ ده‌رچوونی قه‌فه‌س، نیه‌ هێزو تینێ
ئه‌گه‌ر زیندانه‌وانیش مه‌یلی لێ بێ،
نه‌فه‌س چیدی نه‌ماوه‌ بۆ فڕینێ.

***

له‌ پشت ئه‌م له‌مپه‌رانه‌، هه‌ربه‌یانێک
ده‌ ڕووی مندا بزه‌ی دێتێ، منداڵێ
که‌ تا ده‌ست پێده‌که‌م ئاوازی شادی
به‌ لێوی خوونچه‌وه‌، دێ، تێم ده‌هاڵێ

***

ئه‌گه‌ر ئه‌ی ئاسمان! ڕۆژێ بخوازم
ئه‌ له‌و زیندانه‌ خامۆشه‌ ڕه‌هابم
به‌ چاوی کۆرپه‌له‌ی گریاو، چ بێژم؟
که‌ من! باڵداری دیلم، بێباڵه‌ وابم.

***

من ئه‌و مۆمه‌م له‌ سای سۆزی دڵی خۆم
چراخانیی ده‌که‌م وێرانه‌یی من
ئه‌گه‌ر هه‌م بمهه‌وێ خامۆش بمێنم
په‌رێشانی ده‌که‌م کاشانه‌یی من.

****

## تاوان

عەلی ئانەوازادە

نیوە شەوێک حوکم درا:
هەر ئیمشۆکە
بە تاوانی خوڕە و هاژە
ڕۆبار دەبێ لە دار درێ!
بە تاوانی یارمەتی دان
کانی دەبێ ئیعدام کرێ!

مانگ بە پەلە
لەشی ڕوتی لە نێو ڕۆبار
هێنا دەرێ.
چارشێوێکی بە خۆی دادا
لەپشت هەوران خۆی حەشاردا.

پیرەچنار
لقەکانی لەسەر کانی کۆکردەوە
ڕیشەکانی هەڵکێشاوە
بەرەو دواوە خۆی کێشاوە .

ڕۆبار پەنا بۆ کوێ بەرێ
کام شیو و دۆڵ وەخۆی دەگرێ! ؟

هەرئەو شەوە
سەرچاوەکان تەقێندران
لەبەر قەدی کێو ناشتران .

هەرئەو شەوە
پیرەچنار
بوو بە دارو لەت لەت کرا .
هەر ئەو شەوە
ڕۆبار بە چاوی بەستراو
لە دار درا .

***



## من شاعیر نیم !

تۆ ڕاست دەکەی :
من شاعیر نیم

من ساحیر نیم
لە شەوێکدا
هەموو کیژو کوڕی دلدار پێک شاد بکەم ،
لە ساتێکدا
هەموو مەلانی نێو ڕکە ئازاد بکەم .
من هەر ئەوەندەم لەدەست دێ:
خەونی خۆشی هەموو لاوان
بە چەند دێڕێک
بۆ کیژۆڵان بگێرمەوە ؛
بە سەربەستی و بە بەستەی خۆم
خۆشی فڕین و ورینگە
لە نێو زەینی هەر مەلێکدا بژێنمەوە .

***

تۆڕاست دەکەی من شاعیر نیم !
من ساحیر نیم
سفرەی ماڵی هەژارەکان

## ئاشتی

هەر بە فویەک ڕەنگین بکەم .
سیمای زەردی کوڕەی برسی
نەخشین بکەم .
من هەر ئەوەندەم لە دەست دێ
هاواربکەم :
ئەی هەژاران !
زۆر سفرە هەن
کە بە خوێنی ئاڵی ئێوە
ڕەنگین دەبن .
لێوی بەبار ، کوڵمی چرچ و چاوی ڕۆچوو
بە سێ ڕەمزی
کارو خەبات و یەکگرتن
نەخشین دەبن .
من ساحیر نیم
گوڵی ئاوات
لە نێو بەفری بێ بڕوایی دا بڕوێنم .
من هەر ئەوەندەم لە دەست دێ :
تۆوی بڕوا و هیوا و هۆمێد
لە نێو موچەی خەم داچێنم .

***

من نیم
ئەوشاعیرەی تۆ گەرەکتە
هاوڕێ !
من ساحیر نیم :
من ئەو کەسەم :
لە گەڵ گزینگ بزەم دێتێ ،
لە گەڵ هەور گریانم دێ ،
لە ژێر کێوی کەندو کۆسپا
هیوا و ئومێد دێتە ژوانم .
من
ئینسانم .

مەهاباد ـ ١٩٨٧

هەولێرنامەی کتێب

## دنیا هەر وا نابێ

### ئاشق

دڵە ، خەم کەم بخۆ ، دنیا هەتاسەر هەر ئەوا نابێ
گزینگی بەربەیان ، هەروا لە ژێر پەردەی شەوا نابێ

نەخۆشی دڵ پەرۆشی باڵشکاو ، هەرناکەوێ بێ هۆش
دەمی ساغی دەبینێ و، دەردو ئێشی بێ دەوا نابێ

سەهۆڵ دەتوێتەوەو دەڕوا تەزووی ساردی چلەی زستان
هەتاو دیلی تەوژمی چڵکە هەوری نێو حەوا نابێ

دەبینی تیشکی گەرمی خۆر دەبووژێنەتەوە ڕووتان
ئیتر هەر ڕۆژی لەرزین و نەهاتی بێ کەوا نابێ

کوڕی ساکارو زەحمەتکێش دەبێتە خۆشەویستی گەل
بناخەی ڕێزی پیاو ، ئەوددەم لەسەر فیزو هەوا نابێ

دەڕوخێ کۆشکی دیکتاتۆر و دێ باوی دێمۆکراسی
چلۆن؟! خۆ تا ئەبەد هەر ڕۆژی مەندیل و عەوا نابێ

گڕی توندی ڕقی گەل ، تەختی داگیرکەر دەسووتێنێ
« مل ئەستورحاکم و چەوساوەبێ ئەنوا » ڕەوا نابێ

مژۆڵی چاوی خەوتووی خەوتووان ڕۆژێ لەپڕ هەڵدێن
دەمێک ڕەنگە ، بەڵام پیاو هەر لە بێهۆشی و خەوا نابێ

ژیان زۆرە گرێی ، ئەمما بەهێزی دەست و مێشکی ساخ
گرێ پووچکەش ، بەنی دایم لە زیندانی گەوا نابێ

لە ترسی زوڵمی زاڵم ، گەر تەرەی شاخانە خاوەن ماڵ
بە زێدی شاد دەبێ هەروا لە ئاڵۆزی و ڕەوا نابێ

ئەویندار دێتەوە ڕۆژێک بەرەو ئامێزی گەرمی یار
کە لێوی سوری مژت ، خەمبارو مات و بێ نەوا نابێ

خەفەت زۆر ناحەزە بۆ « ئاشق » انی شێتی ئازادی
خەبات بۆ سەر بە خۆیی گەل ، بە خۆڕایی و هەوا نابێ

***

١٣٦٤ هەتاوی

کورتە چیرۆک

# دەروێش داود

**● نووسینی: کوردان ●**

چ خۆش بوو توانیبات ، بەچەشنی نمی باوەشی سەوزەڵانان و تراوی سەرسنگی زرێ و ڕوباران ، لەگەرمای هەتاو بهالابای و بەدەم شنەبا ، هاوسەفەری هەوری بارانبەری ڕۆژاوایی ڕێی ڕۆژهەڵاتت بگرتایە و دەگەڵ نەرمە خوناوکەی سەر دیمەکارانی کوردەواری ، نم نم بەسەر گلمتکی تینووی گلکۆی شەهیداندا بباریبای !

یادێک لەدوو تێکۆشەری شەهید - یۆنس و عەلی - ی مهاجری .

بەهاری ٩٣ ــ کوردان

قاوەخانەکەی قەلاکۆنە ، بەم زووانە ، قەتی ئەوتۆ بەخۆیەوە نەدیتبوو . ڕێ نەبوو هەنگاوێکی تێدا هەڵێنیتەوە کە هیچ ، جێگەشی نەبوو خۆیەکی تێدا وەجووڵێنێ و ئەولا و ئەولایەکی تێدا بکەی . کورسی و چوارپایە و هەرزاڵ و سەرسەکۆی گیرابوونەوە ، پەنا سەماوەر و تەنیشت سۆپە و ژووری کەل و پەلیشی چەندێکی لێ دانیشتبوون و لە بەردەرگاکەی و لە بەربێلاکەیشی پۆلێک بە سەرپێوە ڕاوەستابوون . منیش ، کە پێنج ڕۆژ بوو لە دەر و لە بەر دەرگا مابوومەوە و سەبرم گرتبوو ، ڕۆژی شەشەم سەبرم بڕا ، غیرەت گرتمی و بە مرخێش مرخێش خۆم ڕەپاڵ نا و چوومە ژوور . بەڵام هەرکە چوومەژوور ، بۆم دەرکەوت کە دەبێ لەخێر و بێری دیتن و دیداری دەروێش داود چاو بنووقێنم و لەجیاتی گەیشتن بەئاواتی دیدار و دواندنی ، باشترە ئاگایەکم لەخۆم بێ و نەکەومە ژێر پێ و پەلان و نەفلیقێمەوە . ئەوەندە پڕ بوو ، خەڵک بەچەشنی بەنی هاڵۆز لێک هاڵابوون و ئەگەر سەد دەرزیت هەڵاویشتبایە ، هەزار زەحمەت تاکێکیان بەکەلێنیان دا سەریان بە هەرد گەیشتبایە. هات و چوونی تێدا نەدەکرا ، دانیشتنی تێدا نەدەگونجا و پشووکێشانیشی جار جار تێدا دەکەوتە هات و نەهاتان و پیاو دەکەوتە حاندی قاچ و قول ڕاکێشانان . من هەر خودی خۆم چەند جارێک تووشی سەرەگێژە هاتم و هەموو جارێکیش هەوڵی هەڵاتن و چوونەدەرم بۆ دەدا ، بەڵام چوونەدەر و خۆ ڕزگارکردن لەم بستە جێیە و لەنێو ئەم گشتە خەڵکە دا هەیهاتی گەرەک بوو . پیاو خۆی بۆ ڕزگار نەدەکرا کە هیچ ، بگرە بە پاڵەپەستۆ ، تۆزێکی تریشیان بۆ ڕاست و چەپ و پاش و پێش دەبردی و چەشنی ماشی سەر کەشەفی بێ لەنگەر هەڵیان دەخلاندی . ئەوەی لە دەر بوو یان لەژوور ، هەر هەمووی دەیەویست تۆزێکی تریش بچتەپێش و بە دیبەن ودیداری دەروێش شاد ببێ ؛ هەربۆیە پاڵ دەهات و پاڵی پێوە دەنایەن و شەپۆلی دەخستە ناو خەڵکەوە . قازانجی ئەم کێش و پاڵەش هەر بە پیاوی باریکەڵە دەبڕا و پیاوی ئەستوور هەر زەحمەتی پاڵەپەستۆی پێ دەما . بەهەر پاڵێک ، پیاوی باریک وەک دەرزی بەکەلێنان دا تێپەڕ دەبوو و ئەستوورە پیاو لەجێی خۆی چرتەی نەدەکرد و دەمایەوە .

قاوەخانەکەی قەلاکۆنە ، کە دوورەشار و چەپ هەڵکەوتوو بوو ، بەر لە گەڕانەوەی دەروێش داود ، لە ڕۆژ دا بە یاهوو یاهوو چایخۆرەوەیەکی ڕێ گوم کردووی دەکەوتە داو ، دەنا بەدایم چۆڵ و تاریک و بە درێژایی ڕۆژ پەپووی تێدا دەخوێند . مام ڕەجەبی قاوەچی لە سەماوەرەکەی ساردتر ، ئاگردانی سەماوەرەکەی لە خودی مام ڕەجەب هەناسەساردتر ، شاگردە چلمنەکەی لە پشیلە لاوازەکەی بەلەباریکتر و ڕیوەڵەتر و یەک لەیەکێ بێکارتر و شەکەتتر و خەواڵووتر بوو. دەزگا و بەر و سەماوەرەکەیان ژەنگ لێدراوی غەور پێوە نووساوی چڵک و چەپەر خواردوو بوو . دار و دیوارەکەیان دەتگوت ڕەژی و ڕۆنی تێ هەڵسووتراوە ؛ ئەوەندە ڕەش ، لەبەر ڕەش و برشیانی شەبەقی دەدایەوە و دەکرا لەجیاتی ئاوێنە خۆتی تێدا ببینی و سەر و سمێڵانی لەبەر شانە بکەی . کون و کەلەبەری دیوارەکانی عەینی سەربازگە و پادگانەکانی پشتی خەتی ماژینۆ ، دەیان دەستە مشکی تێدا دەهات و دەچوو . لەشکری مشکان مەشقی جەنگیان تێدا دەکرد و هەموو ئێوارانێک ، بەتالیۆن بەتالیۆن لێی دەهاتنەدەر و بە وڵات وەردەبوون . مشک بەدیوارەکانی هەڵدەچوون ، بەکاریتە و کۆڵەکانیدا ڕمبازێنیان دەکرد و پاش حیندرحۆ و نەرمە سەمایەکی سەربازی ، دەگەڵ مام ڕەجەب ، دەگەڵ شاگردەکەی و دەگەڵ پشیلەکەیان چاوەبڕکێ و باوباوێنێکیان دەکرد ودەڕۆیشتن . چاییەکەی مام ڕەجەب هەمیشە دەمکراوی دووڕۆژ پێشتر بوو ؛ چایخۆرەوەیەکی بۆ هاتبایە ، هەتا لەدەستانی ڕای دەکرد و بۆی دەردەچوو هەر بۆی تێدەکرد و بۆی تێدەکردەوە . چایخۆرەوەیشی بۆ نەهاتبایە ، خۆی و شاگردەکەی نیوەیان فڕ دەکرد و نیوەی دیکەی دەمایەوە بۆ سبەی بەیانی .

قەلا کۆنە و دەور و بەرەکەی هەمیشە ئەوتۆ چۆڵەبەڕ و بێ هامووشۆکەر نەبوون ؛ چەند بەهارێک پێشتر ئاوەدان بوون . دەروێشخانە و تەکیە و مزکەوتی هەبوو . ماڵ و دوکان و بازاڕگە و قاوەخانە و کەبابخانەی ئاوەدانی هەبوو. زۆربەی ڕۆژان لەدوورترین شوێنی قەلاکۆنە ، دەروێش بۆی دەهاتن و تێی دەڕژان . بەکورتی قەلاکۆنە بەهەموو ماڵ و مزگەوت و تەکیە و دەروێشدان و بازارگەیەوە

، ئەو سەردەمە ژاوەی دەهات . بەرەبەری ئێوارانیش دەنگی دەفە و سێ تەپڵەی تێدا دەگەڕا ، هات و هاواری حەی وحوویی دەروێشان و دەنگی خۆش ئەوای خۆشخوانانی لێوە دەهات و هەموو لایەکی ، هەوای ژین و هومێدی ژیانی پێدا دەگەڕا . کەبابخانەکەی باش دەگەڕا و چایخانەکەی خاس هەڵدەسووڕا ؛ هەموو ئەجزاکانی تین و تاوێک بوون و گشت قەڵاکۆنەیان پێ دەهەژا . بەڵام هەروەکی لەقەدیمەوە گوتراوە :« هیچ شتێک هەتا سەر ، لەسەر یەک بار و دۆخ نامێنێتەوە و هەر کایە لەپێستێک دا پیر دەبێ و لە چەرمێک دا خوا عافووی دەکا ! »

قەڵاکۆنەش لەبری گەشە ، کزی کرد و لەپڕ گۆڕا . بە وتەی هەندێک ، قەڵاکۆنە خۆی نەگۆڕا ؛ دەیانگوت گۆڕاندیان . هەندێ پیاوی چەنە شلی دەم هەراشی زۆر بلێیش دەیانگوت دۆڕاندیان . چ گۆڕابێ و چ دۆڕابێ ، قەڵاکۆنە لەبڕەو کەوت و لەنەوکی تەنیایی خۆیدا تلیسایەوە . قەڵاکۆنە وەک توێکڵی بەختی تەقی بێ ، وشتری بەختی ڕەوی وڕۆیی . نیتر لەو ڕۆژەوە کە وشتری بەختی هەستا و ڕۆیی ، هەتا گەڕانەوەی دەروێش داود ، پەپوو هات و نیشتە سەری و تێیدا خوێند . دووکان و بازاڕی چوو ، دەروێشدان و تەکیە و ماڵ و مزگەوتی چوو . هەرتەنێ قاوەخانەکەی مام ڕەجەبی بە تاکەوە تێدا ما ، کە ئەویش چەشنی تاک ددانێکی قرپۆکی سەر پووکە سوورەی پیرەپاوێک ، بەسەر شەویلاکەی گردی قەڵاکۆنە مایەوە و مشکی مەڵبەند ڕوویان تێ کرد .



کە دەروێش داود لە دەرەوەی وڵات گەڕاویەوە و پەتی پێتاوی لەم قاوەخانەیەدا کردەوە ، دیسان یادی قەڵاکۆنە هەڵەسوونەی هێنایەوە و خەڵک بۆی گەڕانەو . هەر لەو ڕۆژەشەوە ، ڕۆژ نەبوو سەماوەرەکەی مام ڕەجەب وەک تار و تەمووره لەمایەی دەشتی و ماهوور دا ئاوازی خەمین نەخوێنێ . لەدەنگی پیاڵە و ژێرپیاڵەکانیشی کەس نەپرسێ چاکە ، چونکە وەک بلێی کۆشکەکەی شای ئەسکەندەر لە قاوەخانەکەی مام ڕەجەب خزابێ و دەیان مەیگێڕی کەمەرە شلی چاو بەکلی شۆخ و شەنگی بۆ بەمەیگێڕ گیرابێ و سەدان مەیخۆرەوەی دڵ و دین دۆڕاوی بۆ هاتبێ ، پیاڵە لەپیاڵە دەدرا ؛ پیاڵە سیرۆیان دەهات ، جرینگەیان دەهات و خرینگەیان دەهات . هەر لەو ڕۆژەشەوە کنە دەروێش لەدەرەوەی وڵات گەڕابۆوە ، ڕۆژ نەبوو شاگردە لینک چیلکەکەی مام ڕەجەب ؛ بە تاکەشەقامە ئاوەدانەکەی هەموو قەڵاکۆنە دا نەگەڕێ و ورگە چەرمنە چرچەکەی و سمتە لوولێنەکەی پێکەوە با نەدا و بەدەنگە ئاسکەکەی لە بانگ نەدا و هاوار نەکا و نەڵێ :« ... دەوەرن وەرن ، براینە وەرن ! ... زووکەن وەرن ، باوکم وەرن !... ڕاکەن وەرن ! ئەستۆی خۆتان ، ملی خۆتان ... پشت و شان و قاچی خۆتان ... چی هەتانە... لەم ڕێیەدا وردی بکەن ، بی شکێنن ... سوور بزانن ، زیان ناکەن ... دە وەرن وەرن ، باوکم وەرن ! ... مزگێنی بێ ... دەروێش داود لەدوور وڵات ، لەهەندەران هاتۆتەوە ... مزگێنی بێ خەبەر خۆشە ... خەبەر بەدەنگی خۆش ، خۆشە ... دەنگی دەروێش خوناوکەیە و بۆ پەرێزی وشکی دڵان نم پژێنە ... دە وەرن وەرن ! ... باوکم وەرن ! ... کەسم وەرن ! ... ، ... »

خەڵکیش وەک مار و مێرو بەدەنگییەوە دەهاتن ، بەقاوەخانە وەر دەبوون ، چاییەکی سەرپێیی یان دەخواردەوە و دەورێش دیدە ، یان نەدیدە دەگەڕانەوە . ئەم بەزمە چەند ڕۆژێکی کێشا و لەبەر پڕبوونی قاوەخانە ، نە خەڵک دەروێشیان بەتەسەلی بۆ بینرا و نە دەروێش داودیش توانی دەمێک بکاتەوە و خەڵکێک بدوێنێ . بەڵام ئەم ئالۆزەبازاڕە هەر ئەمەی باش بوو کە گیرفان و باخەڵی لەمێژ بەتاڵی مام ڕەجەب ئەختێک بووژانەوە و ئاهێکی خۆشیان تێ گەڕایەوە . هەروەسا ، شاگردەچڵمنەکەی و پشیلە دارینەکەیشی جووڵەیەکیان تێ کەوت و لەشکری مشکان بۆرە ترسێکیان لێ نیشت .

ئەم بەزمە دە ڕۆژێکی خایاند و ڕۆژی یازدەهەم جەبە جووجەڵەی شاگردی مام ڕەجەب هاتەدەر و بەشەقامان دا گەڕا و ڕایگەیاند کە پازدەهەمین ڕۆژی هاتنەوەی دەروێش داود ، ڕۆژی وتو وێژانە و گۆڕەپانەکەی بەرقاوەخانەی سەرقەڵاکۆنە چاوەڕوانیانە .

ڕۆژی پازدە گەیشتێ و قاوەخانەی مام ڕەجەب ، بوو بەگوڵ و گوڵستانەکەی باغی بەهەشتێ .

گۆڕەپانەکەی بەر قاوەخانە وەک مەیدانی ئامفی تێئاتری سەردەمی سپارتاکووس ، ڕیزاو ڕیز دیوارە و ددانەی بەردی تێ گیرا بوو . لەبەری ژووڕووی ئەم ئامفی تێئاترەش دا ، قاوەخانەکەی مام ڕەجەب وەک شانشین زەق دەچوو و لەهەموولایەکەوە دەبیندرا . لەسەر پشتی سەربانە ڕووخەکەی قاوەخانە سێ کورسی داندرا بوون . لەکورسی بەری ڕاستەوە مام ڕەجەبی قاوەچی قاچی چەپی لەسەر ڕانی ڕاستی دانابوو ؛ قلیانە گوڵینگەدارەکەشی لەبەر دەمی بوو. جەبە جووجەڵەی شاگردیش قیلە و قاچ و چەپو ڕاست لەسەر کورسی بەری چەپەوە دانیشتبوو ؛ پشیلە چرچ و خەواڵووەکەشی وەک شێری بەر دەمی شا ، لەبەر دەمیان خەو بردبوویەوە . لە نێوەڕاستی وەستا و شاگرددا ، پیاوێکی ڕیوەڵەی بەلەباریکی لنک داوەدەزوو ، شانەوشان دانیشتبوو .

لەنێو ئاپۆڕای دانیشتووی گۆڕەپانەکەدا تەژەیەکی حووجەڵەی ڕووتەڵە هاواری کرد و گوتی :

ـ « ئەوەتا دەروێش داود ! ئەوەی کە نای ناسێ و ئەی ینیوە ، بیبینێ و بیناسێ ... ئەوەی کەوا لە نێوانی وەستا و شاگرددا دانیشتووە ، دەروێشە ... دەروێش داود ئەمەیە ! »

هەتا تەژەی ڕووتەڵە ئەمەی نەگوتبوو ، کەم کەس دەی زانی دەروێش داود کێیە ولەکوێیە ، بەڵام هەرکە دەرگای زانست و زانیاری کرایەوە ، لە ڕاست و چەپەوە دەنگ هات و دەنگ بۆ دەنگی گێڕایەوە و دەنگ کۆ بە کۆ ڕۆیی . ئەو گوتی و ئەمەی تریان بۆی گێڕایەوە . گوتیان و گوتیانەوە :

[ ـ « بەڵێ ، بەڵێ !... ئەوە دەروێشە ... هەر ئەو دەروێش داودەکەی خۆمانە ! بەڵام داخەکەم ڕۆژگار شکاندوویەتەوە ... ئای زەمانە چەندە بێ ڕەحمی ! سەیری من و ئەو کەن ... من و ئەو هەردوومان هاوتەمەنین ؛ من بە لامەمکەی دایکی ئەو لەخەم ڕەخسیوم ، بەڵام دەروێش بەحەفتاش لەمن پیرتر دەنوێنێ ... دیارە هەر ئەقڵ و ڕامانی لەڕادە بەدەرە پیاو ئاوا پیر دەکا ، ئەگینا من و ئەو بەدەمێک خواردوومانە و بە دوو ژێران فیراندوومانە ... خۆم زۆر باشی دەناسم و دەزانم کە چەندە ژیرە ، چەندە وردە و چیها بە ئەزموونە ... »

ـ « کوڕە ئەدی ئەمن بۆ ناڵێی ؟! ... ئای کە من و دەروێش چەندەمان یەکتر خۆش دەویست و چیهامان جامینی یەک دەویست ! ... قەت دەمێک باری دووریی یەکترمان بۆ هەڵنەدەگیرا .ماڵەکانیشمان هەر دیوارێکیان نێوان بوو ... »

ـ «کاکە ئێمە پێکەوە خزمین ، خزم ! ... باوکی ئەنکی ، خاڵۆزای دایکی ئەنەمە ... ئەمەش هیچ ! من و دەروێش داود ، هەردووکمان لەڕۆژێکدا ئاڵقەی دەروێشایەتیی شێخێکمان لەشلکەی گوێ کرا ، بەڵام دەروێش داود هێندە توندە دەروێش بوو ، هاوکات و هاودەمی کۆچی شێخی ئازادرمان ، ڕێی هەندەرانی گرتەبەر و کۆچی دەرەوەی کرد و ڕۆیی ... »

ـ « کوڕە کاکە ئێمە هەر دەرزیمان دەنێوەوە نەدەچوو . لەمنداڵییەوە هەتا ژنمان خواست هەر پێکەوە بووین . بەڵام لەو دەمەوە کە ئەو بوو بە دەروێشی چۆخ زلخانان و من بووم بەعەبدی چۆخ گیرفانان ، ئیتر پەت و خەتمان لێک هەڵبڕا ... و ... »

ـ « درۆ دەکەی ! دەروێش قەتی ژن نەخواستووە و هێستاش هەر بوخچەی نەکراوەیە ... »

ـ « باوکم بەچی دەزانی من درۆم کردووە ؟! ئەگەر پێت وایە قسەی ئەم گشتە خەڵکە ڕاستە و هەر بەس هی من درۆیە ، دە با بچین و لێی بپرسین و بزانین کە کێ ڕاستە و کێ ناڕاستە ! ... » ]

ئێوارە داهات و تاو کزی کرد و دەرویش داود جووڵەیەکی تێ کەوت . پێشەکی خۆی بەخەڵک ناساند و گوتی کە خەڵکی هەندەرێکی دووردەستی قەڵاکۆنەیە و لە بانگەوازەکەی چەند بەهارێک پێشتر دا نەبێ ، قەتی ئەم مەڵبەندە نەبینیوە . گوتیشی کە هەموو خزم و کەسەکانی لە شەڕی سامناکی دوو بەرە شێخاندا بوونەتە قوربانی و، ئەو خۆی نەبێ ،کەسی بۆ نەماوەتەوە . چەوریلەکانی خزم و برادەری دەروێش داود ، بەچەشنی گولەبەڕۆژەی تاو لێ ئاوا بوو، کەللەی پانیان داتەپی و چەنەیان لەچاڵی ژێر چەنە چەقی . ئەوسا دەروێش داود دەنگی هەڵبڕی و گوتی :

ـ « فام و تێگەیشتن شتێکی باشە ئەگەر یارت بێ و ئاو و گڵەکەتی دەگەڵ هەڵ شێلدرابێ . لێ خورد بوونەوە و هەڵسەنگاندنی چەم و خەمانیش بۆ دەست ماچ کردن دەبێ و جێی پێڵاوەکانیان لە بانی هەر دوو دیدەکانمن . بەڵام ئەوە ی کە لەم گرنگانە بێگانەیە و فڕی بەسەر هیچیانەوە نەبووە و پێم وایە هێستاش هەر نییەتی ، منم ؛ بەڵێ هەر خودی منم وکەسی تر نییە ! هەر لەوەتی خۆمم ناسیوە و دەستی ڕاست و چەپی خۆمم بۆ لێک کراوەتەوە ، قەتم فوو لە هیچ دۆیەک نەکردووە و هەر گۆم و چۆمێکی کە هاتۆتە بەرم ، هەزار میترەیەکی بۆ کشاومەتەوە و بە غار خۆمم بۆ حەوا داوە و خۆمم تێ هاویشتووە . جاری وابووە لێم تێک چووە و لەجیاتی چەم ، خۆم لەچاڵ هاویشتووە و سەرم لە ماڵی خاک و خیز و لم و چەو هێناوەتە دەر . جاری واش بووە لە بەختم ، گێژاوە گۆم و بەحری بێ بن بووە و هیمەتی ماڵی چاک و پیران نا ، بەڵکوو بەستە زوبانی و گێژی و ساویلکەیی خۆمم لەفریا هاتووە و دایکم گوتەنی : « خودا بە کەریەتیی خۆمی بەخشیوم و لە دەس گێژاوی گۆم و چۆمی هەستاندوومەتەوە . » قسەی دایکم ڕاست بووبێ لە سەرم ، یان بۆچوونی هەمزە خەپەی ئامۆزام ، من ئێشم بە بیر و بۆچوونی هیچکامێکیان نەداوە و ئەوەی کە وەک ڕۆژی ڕوون بەئاشکرا دیارە ، هەر فام و هۆش و لێکدانەوەکانی خۆمن کە پلە و پایەیان سەت و بیست پلە خوارتر لە سفری ئێرەکەر و پانێر و گوێرەکەیە و بۆ لێدوان و لێکۆڵینەوە نابن . من خۆم ، خۆم باش دەناسم و دەزانم کێم ؛ حەپە مێش خۆرێکی گێژ و وێژی هەژدە عەیارم و لە گەمژەلی و ساویلکەیی دا زێڕی بێ غەل و غەش و یاقووتی بێ خڵتەم . ڕەنگە یاران و برادەرانی ناو ئەم گۆڕەپانە ، لەبەر جلک و بەری ڕێ ڕێی ڕەنگینم و لەبەر قەدر و قوتبی دوورە وڵاتێکی دەرەوەی کە لێی هاتوومەوە ، باوەڕیان بە قسەم نەبێ و بڕوام پێ نەکەن کە گێژم ، دەسا ئێوە ئەی ئەدیو ئەناسەکان وچاونێک بگرن و ڕاوەستن وگوێیەک بگرن و بزانن وام یان وانیم! ئەوە خۆتان و کڵاوە شڕەکەی خۆتان !!

ڕۆژێک ، واتە ئەودەم کە هێشتا دەربەدەر نەببووم ، هاتمە هەر ئەم مەڵبەندە و بەگوێم دا خوێندرا و گوترا کە :« هەرایە » ! منیش هەرچەند کە پێشتریش چەند کراسی هەرام دڕیبوو و چەند کەڕەتی دیکەشم سەر لە ساردەبەردان کوتابوو، ئەمجارەیش وەکوو جارانی تر، دەروازەی مێشکی خۆمم بەسەر هەر چەشنە پەند و ئەزموون و ئامۆژگارییەک دا ، قەپات کرد وگوتم تێدام ! گوتنەکەم هەمان و خۆ پێدادانەکەشم هەمان . هەزار میترەیەکی بۆکشامەوە و خۆم پێدا دا. کە خۆم حەوا دا وخۆم پێدادا ، ماوەیەک تاسام . ئەوەندەی کە گێژخودایی بووم و کاس و هوڕ و حەوایی ، بەم خۆ پێدادانە بە تەواوی شڵەقام وکەمووسکە ئەقڵێکی کە لە بنەبانی کەللەدا هەم بوو ، ئەویشم لی دا کەوت و هەر هیچم پێ نەما . هەرکە کەوتمە ژێرتەرکی هەراکە ، هەتا ماوەیەک پێم وابوو گۆمی خۆمە و مەلەی تێدا خۆشە . هەستامە سەرپێ و بەبێ ئەوە بزانم شێخ و پیرم کێیە و کامە شێخ ، مرادمە و موریدی کێم ، سەر و ملێکم بادا و یەک بە چەم و چۆڵ و چیا گرماندم . بەگرمەی سامناکی هەراکەم ، کۆتری ئاواییەکان سڵەیان کرد و دایان

لەشەقەی شاباڵان و فڕین ، کەوی کوێستانان فجووقیان کرد و دەرپەڕین . گورگی کێوی و ڕێوی چۆلگە و کەروێشکی مەزرا پێکەوە حەپەسان و بەتێکڕا و پێکەوە ڕێی چۆلگەیان گرتەبەر و لە ماڵ و منداڵ تۆران و تاران . هاواری دەروێشانەم بەرزتر کردەوە و دەستم بە ئاتەگی شێخی کەس نەدیدەم گرت و هەڵسووڕام . بە دەم مل بادان و سەر و پرچ ڕاوەشاندنی دەروێشانەمەوە ، ملم لەنێسکە کردن و وێرغە و جرت و فرت و جیفرکان نا . بەلای چەپمەوە هەوای مەریوانی ڕۆیشتم و بەرەو ڕاست کە هەڵم ختەوە ، نەرمە ڕۆینەی چەمی مەجیدخانی ڕەخسیم . سەرم لە دار و بەرد کوتا و حیندرحۆیەکم کرد کەس نەبینێ . بەمەش نەهەندرام ، ڕۆ بوومە هەرد و بەردی دەور و بەرم کۆ کردەوە و هەرچی هاتە دەستم ، لە خەڵووز و سەلکە بزووت و بەرد و کۆچک و وردە خشتەوە بگرە هەتا دەگاتە پڕ و پووش و چیلکە و چاڵی دەور و بەرم ، هەر هەمووم هەڵ لووشین . دەتگوت حەزیام و تێر خواردنم نەبوو. بە پای پەتی و بە بێ پاتە و پێلاو ، لەنجەم ختە سەرپەنجە و بە پەنجە کەوتمە سەر هەوا وخۆم بە ورتکە شووشە دادا . دڕک و داڵم پێشێل کردن. چاڵووک و گوێنی و وشترخۆرکەم ختە ژێرباڵ و بەسەریان دا گەوزیم . تەل و سیم و بڕشتی تیژی ئاسنەواڵەم ختە ناودەم و چەشنی حوشتری لۆک ، لرفەم هات وگرفەم هات . ئەوەی کە کردم ، هەر هەموویم لە یەکەم ڕۆژەکاندا کرد و بە وشکیم کردن . بەڵام هەرکە بۆ ڕۆژەکانی دوایی دەنگی خرینگەی دەفە و جرینگەی زریزەکانیان ، دەنگی تەپە تەپ و بلمە بلمی سی تەپڵە و دەنگ و نەوای خۆش بێژەکان سەریان لێک دا و بە گوێم داچوون ، ساردی سارد کە بووم ، گەرم بوومەوە ؛ تەڕی تلیساوەوە کە بووم ، وشک بوومەوە . لەخۆم چووم و لەخۆمدا تلیسامەوە . لە کۆڕی دەروێشاندا ئەوە هەر من نەبووم کە بەم ئەختە هەوایە هاتبووبمە سەما ... نەخێر ! ... دەیان و سەدان توندە دەروێشی تریشی تێدا بوو کە من لە ئاستی ئەوانەوە ، دەنکە هەرزنێکی ورد بووم و ئەوان شاخەرمانی گەنم . هەمە چەشنەی تێدا بوو، باریکی بێ توانای کزی لاوازی ڕیوەڵە، قەبەی پانکەڵەی ئەستووری کورتەڵە ، بەتوانای کەڵتەی باغەڵ پڕی بوودەڵە ، بێ توانای کەساسی هەژاری نەداری زەردەڵە و زۆر شتی تریش . کەللەپووتی وای تێدابوو کە جاری جاران بۆ هەندە کەسێک ، پیت و فەڕێکی پڕ مەزن بوو کە تاک زمانێکی دەمەکیان لە تەکدا ببزێوێ . بەڵام بە هەموو بەرزی و نزمی و بە هەموو سەرانی و ژێریانیشمانەوە ، بێ کەم و زیاد دەروێش بووین . هەر هەموویشمان بێ ئارام و بێقەراری ناو جەزمگەیەک بووین و چاوەڕوانی چەخماغەی چاوساغێک . چەندێک بەبێ پیر و بەبێ ڕێناس بەرێدا هاتین . چەندێکمان حەی و حووی کرد و سەرمان لەدار و بەرد کوتا ، بەڵام هەر وەک هەمووومان بە نەکامڵی لە دایک بووبین ، یان زوومان دەست بەم حەی وحوویە کردبێ ، لەنێو خۆماندا کەس نەبوو سەرێک هەڵێنێ و تەلاشێک لەدارێک دابتاشێ . لەپڕدا بوو بەهەرا . گوتیان هاتن . کە هاتیشن ، یەک و دوو نەبوون ؛ بە ڕەوە هاتن . دەف و تەپڵ و سێ تەپڵەکانیش دەنگیان لە هەرا هاڵاند و دەنگبێژەکانیش خوێندیان :

« هاتنەدەر ، چ هاتنەدەر ؟

ماهی تابان ، ڕۆژی ڕۆشن ، کۆ و گەلاوێژ هاتنە دەر .

هاتنەدەر ، چ هاتنەدەر ؟

شیخی شەنگی ، نەرم و نۆڵی ، وەک پەڕی گوڵ هاتنەدەر .

هاتنەدەر ، چ هاتنەدەر؟

شەکرە سێوی ، شەکرە لێوی ، دەم بەخەندە هاتنەدەر .

هاتنەدەر ، چ هاتنەدەر ؟

خان و خێوی هەر دوو دنیا ، تاجی سەرمان هاتنە دەر .

هاتنەدەر ، چ هاتنەدەر ؟

کان و سەرچاوەی حەیات ، ئاوی ژیانمان هاتنەدەر .

هاتنەدەر ، چ هاتنەدەر ؟

شێخی شێخ زادەی ، گوڵی سەدخانەدانی پەنجە خوێنین هاتنەدەر .

هاتنە بەر ، چ هاتنە بەر ؟

خۆم بەسەرگەردی قەدیان بم ، داری بەرمان هاتنەبەر ... »

هەموو شێخە نازدارەکان هاتن و، پیری مرادی ئێمەیش گەیشتێ . بەڵام ئەو دەم کە گەیشتێ ، هەر وەتۆ لە خۆ چووبووین و ئەوتۆ ناگامان لەخۆمان بڕابوو ، دەتگوت لە لامەکان داین . ئەودەم کە هات ، بە چاوی سەر بۆمان نە بینرا ، هەر بەس دەریچەی ئەقڵی کزمان بوو کە بۆرە دیتنێکی بۆ مەیسەر بوو . بە ئەقڵی ناتەواومان بینیمان کە شەبەقێکی نووری سوور بوو ، هات و تیژ تێپەڕی . پێم خۆش بوو شێخی نازدار نیستێکی بگرتایە و گەرما و گەرم دەستێکی بە ودمی ، بەسەر و مێشکی ناتەواوم دا بهێنابایە و تۆزکاڵە عەقڵێکی پێ کەرەم بکردمایە . بەڵام وەک ئەنگوستە کەس نەدیدەکەی مانگی عاسمان لەت کردوو، بە نیوانمان دا هات و ڕابورد و ڕۆیشت . کە ڕۆیشتیش ، لەپاش سەر چی جێ نەهێشت کە سەر و مێشکێکی پێ پندر بکەینەوە . شێخ و پیرەکان هاتن . هەرکە هاتن ، لە سای سەریانەوە و بە قووەی هیمەت و کەرامەتەکەیان ، پاک و پیس ، قەڵەو و سیس ، ڕیس وگوریس هەر هەمووی لێکدراین و پۆل پۆل کراین و لەگوێن زیندەوەری نەزان لە کۆز کراین . کە هاتن ، نازانم کێشی شەوقی جەماڵیان بوو ، یا نە شەبەقی کەرامەتیان ، کە دوو سەری ئاسۆی پان و بەرینی بەر نیگای چاومان وەک دوو کلکەی دەسماڵێ لێک نزیک بوونەوە و چی پێ نەچوو ئاسۆ و ئاسمانەکەی بەری ڕوانگەمان بوو بە بازنەیەکی تەنگی تاک خاڵی و لەو خاڵەشدا هەر بەس شکڵ و نیگارێکی تێدا ما . هەرکە هاتن ، نازانم نەزانینی خۆمانی تێدا بەستە بوو یان بلیمەتی و چازانی ئەوان ، کە چاوی بینینمان لەئاست دنیای دەرەوە بەسترا و تووشی گوناە و تاوانی دەر بینین نەهاتین . کە هاتن ، لە قوژبنی خانەقای تەنگ و تاریک و نووتەکی ئایینی پیرەکانماندا بڕژاین و توانەوە . لە چەندی و چوونی جیا کراینەوە و کراینە یەک ؛ لە یەکییش لایان داین و کراینە هیچێکی ڕەبەق .

←

پیـری مـرادەکـانمان هاتن و بۆ ڕووناک کـردنەوەی ڕێگامـان ، لە چەخـمـاغـەیان دا و ڕێیـان بۆ ڕوون کـردینەوە و دێو و دوژمنیـان پێ نواندین . کە ڕێمان ڕوون بۆوە و دێو و دوژمنمان لە تاریکی دا بینی ، لە دێو و دوژمن ڕاساین و لێمان بوو بە شەڕی سەر و ماڵ . دین و دێو پێک وەربووین و تاڵە سێومان لە خەوی یەکتر هێنا . کلکی کەرانی یەکترمان بڕی و دار و پەردووی یەکترمان داپاچی . پلەی جەزمایەتیمان بەرز تێ هەڵچۆوە و گەیشتە چرای سووری خەتەر و چی نەما کاری یەکتر بە ئاخر بگەیەنین ، کە لە پڕ تووشی ڕەشەبای کین و نفرەتی خودا هاتین و قەڵاکۆنەمان پێ چۆل کرا و دەربەدەر بووین . کە دەربەدەر بووین ، لە دەربەدەری دا مەکینەی کەشف و کەراماتی شێخەنازدارەکان بۆیان دەرکەوت کە هەر چەخماغەیەکی کەوا لە قەڵاکۆنە دا لێیان دابوو ، تەرسەیان لێدابوو و بە زیانی یەکتریان لێدابوو . هەربۆیە لە دەربەدەری دا هاتوونەتە سەر ئەم ڕایە کە سەرلەنوێ دەستێک بگێڕن و دەروێشان کۆ کەنەوە و پەتێک باوێژن و سینگێک داکوتنەوە ... منیش هەر بۆیە لەهەندەرانەوە هاتوومەوە ، کـە ئەم ڕاسـپـادەیەتان پێ ڕابگەیەنم ...

بەڵێ لەسەرمە پێتانی ڕابگەیەنم و بڵێم کە...

دەروێش سەرێکی هەڵبڕی و چاوێکی لە گۆڕەپانەکە کرد ، سەری سوڕما . گۆڕەپانەکەی بەرقاوەخانەی سەرقەڵاکۆنە جووڵەوەری تێدا نەمابوو . تەنانەت چەوریلەکانی خزم و برادەری دەروێش داودیشی تێدا نەمابوو کە بە فریای بگەن و گوێیەک لە ئەرک و ئەسپاردەکانی بگرن. مام ڕەجەبی قاوەچی و جەبە جووجەڵەی شاگرد و ، پشیلە چرچەکەشیان ، خەو بردبوونییەوە . مام ڕەجەب لە خەو خەبەری بۆوە و سەیرێکی گۆڕەپانەکەی کرد و گوتی :

ـ دەستت بو لە مل دەدەم دەروێش ، کە هێستاش هەر وەکی جارانی و تاڵە موویەکیشت ناڵ و گۆڕ بەسەر دا نەهاتووە . کەر جارێک لە هەڵدێرێکەوە بکەوێتە خوار ، ئیتر بۆ هەتا هەتایە پێ نانێتە هەڵدێرەکەوە . بەڵام تۆ لەویش هێنتری . »

دەروێش داود گوتی « وایە ! » سەری داخست و هەستا و بۆ هەتا هەتایە ڕۆیشت .

❦❦❦

**☐ لە هەموو نووسەران و شاعیران ، قەڵەم بەدەستان و هونەرمەندان ، لایەنگران و دۆستدارانی کولتور و ئەدەبی کوردەواری دەخوازین کە بە ناردنی نووسراوەی مێژوویی . کۆمەڵایەتی ، فەرهەنگی . زانیاری ، ئەدەبی . هونەری کە پەرەپێدەری فەرهەنگ و زمانی ستاندارد و هونەری خۆماڵی بێ ، ئەو گۆڤارە بە سەرکەنەوە و بە هانایەوە بێن .**

پاشماوەی ل ٥٠

– بەمن نیـەو دەبێ هەر ئێستـا وەپێشـمیـان دەی ! کوردە قسەکەی کوێخای لە دڵ گران هات و بەدڵ گرانی یەوە گوتی :

– کوێخا پێت وایە مەڕو ماڵات وەپێشە خۆت دەدەی؟ .مادام پەنایان بۆ مـاڵی من هێناوە، ئەگـەر سـەریشم تێدا بچێ . ڕێگا نادەم لەوماڵە کەس بەقۆڵ بەستراوی بچێتەدەر . پاشەمینیش کوێخا، ئێمە کوردین، ئاخر لە کوێی ئەم کوردستانەدا دیتراوە، پیاو پەنابەری خۆی قۆڵ بەستە تەحویل بداتەوە؟

کوێخا بەوقسەیە کەمێک لەهەڕ و گیف کەوت و گوتی:

– من کارەیەک نیم، ئەمری ئاغایەو دەبێ بەڕێوە بچێ !

– ڕاسـتـە ئەمری ئاغایە، ئەمری لە سـەر چاوان! برام ئەتۆش دەتوانی دوو قسـەی باشمان بۆ لەلای ئاغا بکەی . ئاغا بەسـەرو ماڵ هەرچی لەمن بەوێ حازرم ، بەم مەرجە مەسلەتمان لەگەڵ بکا.

کوێخا بەنەختێک دەنگ بەرزی وڵامی داوە:

– چ بڵێم! ئاغا نایسەلمێنێ .

– چۆن چ بڵێم ؟ ئەوەندەی پێ بفەرموو: ئێمە رعێتی ئەوین و ئەویش گەورەمانە . گەورە دەبێ ئاگای لەبچووکی خۆی بێ! منیش کوردم و خۆم بەپیاو دەزانم و تازە حەوت پشتم لە ژێر پێی باب و باپیـری ئەودا براوەتەوە . خـوا هەڵناگرێ ئەم کورو کچـە ڕایان کردۆتە ماڵی من و ئێستاش بەخۆم و ماڵ و منداڵەوە خۆیی دەماڵێ داوێم . ئەویش گەورەیەتی بکاو لێکیان مارە کا!

کوێخا بەتوڕەیی وڵامی داوە:

– ئەقڵ و ئەزیرەی پێناوێ! گوتم کە ئاغا فەرموویەتی بەبێ کور و کچ نەگەڕێیەوە .

لەو کـاتەدا کـوردە بەپارانەوە ڕووی هـەڵبـڕێیـە لای من و چەندکەیخودای ئاوەدانی، کەبەدەم مقۆمقۆ یەکە کۆ ببووینەوە، داوای کرد:

– ئەی ڕدێن سپێ یەکان، مامە هەیاس! دەنا ئێوە بۆ تکاکاری بچنە لای ئاغاو بەڵکو بەخاتری ئێوە، لە تاوانمان خۆش بێ و...

هەڕەشەی کوێخا مۆڵەتی نەدا وگوتی :

– خۆ گنخاندن پێناوێ! ڕەش و ڕووتیش لە قاچ و قوولی ئاغا بەرمەدە! ئێستا بەخۆشی هەر دووکیانم دەدەیە دەست ئەوەباشە، دەنا ئەو بێ نامووسانە بەزەبری شەپان لەژووریان دەکێشمەدەر وەبەر سینگە ئەسپانیان دەدەم

کوردە بە هۆی قسەکەی کوێخا، بەر چاوی تاریک داهات و کوڕاندی:

– کـچێ دا ئەو خـەنجـەرەم بۆ بێنەو بزانم، چ گـەوادێکە دەیهەوێ خۆ دەباڵ ژن و منداڵم باوێ !

وەرەقی ژیانی کوردە لێرەڕا بوو وەرگەرا، لە چاوتروکاندنێکدا "زارا"ی دایکت خەنجەری دایە دەست و بەدوای ئەودا ئێستاش کە ئێستایە نەزانرا چ ناپیاوێک بوو، لە کەلاوەی پشت ماڵانەوە چەند گوللەی بەسـەر پیاوەکانی ئاغایدا هەڵتۆقاند . بەدەنگی تەقە، کوێخا و قەلە و قووتە جڵەوی ئەسپەکانیان وەرسوڕاندو بەرەو دوا بەپرتاوی لە ڕکێفانیاندا .

کارەکە لەگرێژنە دەرچوو . کوردە بەرواڵەت تفەنگی لەپیاوی ئاغا کێشابوو. ئەم کردەوەیە وەک ئەوە دەچوو، گوللەی بەجووقەی شاهەنشاییەوە نابێ . کوێخا بەئەمری ئاغا بەرەو پاسگا باڵی گرت . کوردە کەوتە دەست و برد، بەپەلە دەمانچە و پووڵی دا بەمامت و لەگەڵ کوڕو کچەکە بەرەو شار وەڕێی خستن . بۆخۆیشی بە پشت ماڵاندا، دوور لە چاوان، تاکوو لە شوێنی مەترسی دووری خستنەوە،ڕەوانەی کردن . دوایە گەڕاوە و لە چاوە ڕوانی دژ کردەوەی سەعدوندا ماوە .

پاشماوە لە ژمارەی داهاتوو

کورتە چیرۆک

# قەرقەش

● سیامەند شێخ ئاغایی ●

(١)

شەوێکی هاوین ، ئاسمان سامالْ و مانگ لەسەر ئاوایی لەنگەری گرتبوو . «کاوە» لەسەربانی بەتەنیا لەسەر پێخەفەکەی دۆش دامابوو. چاوی لەمانگ، کە لەنێو چۆمە مەندو بەرینەکەی پێش مالاندا کۆلەکەی داکوتابوو، بڕیبوو. لەپڕ سەری هەڵێناو لەبەرەخۆیەوە چەند جار بەدوای یەکدا گوتی :

– نەکوژراون!... نا... نەکوژراون...! باوکم و مامەم ڕۆژێک هەر دەگەڕێنەوە !

ئەوێ شەوێ، بیری باوک و مامەی تەنیا بۆ ساتێک لە مێشک نەدەچۆوەدەر. باوکی دایکی» مام هەیاس» ئەوێ شەوێ وەدرەنگی کەوتبوو، وەک شەوانی رابردوو هێشتا سەری لێ هەڵ نەهێنابۆوە. کاوە دەتگوت کێچی دەکەوڵ کەوتووە، ئۆقرە و ئارامی لێ هەڵگیرابوو. هەستا چووە گوێ سوانەی بانی و ڕوانییە نێو حەوشەکەیان و دیتی : دایک وخوشکە بچکۆلانەکەی لەپێش بەهاربەند، لە باڵ یەکدا وەک لاولاو لێک هالاون و خەو بردوونێیەوە . لەو کاتەدا مام هەیاس سیغار بەدەستەوە، بەکۆخەکۆخ ، بە قوونەبانی تەویلەیدا وەسەر کەوت . دوورا و دوور لەکاوەی پرسی:

– کوڕم ، هێشتا نەنوستوی ؟

– نا ، باپیرە نیوەڕۆیە زۆر نوستووم ، خەوم نایە .

مام هەیاس دانیشت و بەدەم ئاخ و ئۆفەوە گوتی :

– ئای پیری ! پشتم زۆر دێشێ ! وەرە کوڕم راکشێ ، شەو درەنگە !

– نامهەوێ راکشێم باپیرە، ترسم هەیە هەر چاو وێک نێم خەو بمباتەوە.

– ڕاست دەکەی! چونکە کوڕە جحێڵەی وەک تۆ خەویان خۆشە ! دەوەرە لام بزانم ! ڕەنگە دایکت لەمێژ بێ خەوتبێ ؟

– بەڵێ، چ بکا بەڕۆژ زۆر ماندوو دەبێ و، بەیانانیش لە بەر کاری ماڵ و مەزرایە زوو لە خەو هەڵدەستێ .

– زەمانە ڕووی ڕەش بێ، کچەکەم زۆر بێ بەخت دەرچوو! زۆر.

– باپیرە برێکیش تاوانی خۆیەتی ! ئاخر تاکوو ئێستاچەند جاران ویستوومە کاری مەزرایەی لەگەڵ بکەم؛ هەمووجارێ دەستم بەسینگەوە دەنێ و دەڵێ ماندوو دەبی و شەوانە پاسەوانی ماڵێت پێ نادرێ .

– دایکت ڕاست دەکا! بێتوو دزان ئەو دوو مانگا و نەختەشرەو بڕەتان لە چەنگ دەرێنن ، ئەودەم دێنەوە سەر حولە مەرەسە و دەبێ لەماڵێ کپ و قڕ دانیشن . کوڕم ، کورد گوتەنی "نە ، مار کلکی لەبیر دەچێ و نە ، باخەوان کوڕ." پیاوی خاوەن دوژمن دەبێ زۆر ئاگای لەخۆ بێ . بڕوانە، دایکت ئەوە یازدە ساڵی ڕەبەقە بەدەست دوژمنەوە، بۆ ساتێک ئاوی خێرێی بەگەرویدا نەچۆتە خوار . یاخوا سەعدون تون بەتون چێ ! تف لە گۆرەکەی...!

– باپیـرە من دەڵێم، باوک و مـامم نەکـوژراون و ڕۆژێک هەر دەگەڕێنەوە !؟

– خوا لەزارت بڕوانێ، بەلام یازدە ساڵ ماوەیەکی کەم نیە، ئەگەر زیندووبان لەو ماوەیەدا، کەسێک هەر دەیدیتن و یا خەبەرێکیان لێ هەر دەناردینەوە . جاری واشە منیش دێمە سەر قسەکەی تۆ، لەبەر ئەوەی ئەگەر هاتباو بەدەستی ئەمنیەیان کوژرابان، بۆ چاو ترسێنی عالەمیش بایە، کەلاکیان بە نێو شار و بازاراندا هەر دەگێڕان. چووزانم! ڕەنگە پەریوەی گەرمێنێش بووبن . ئەوەندەی من حاڵی بووبم، دوژمنەکەمان ترسی ئەوانی زۆر لەدڵدایە . هاتباو وانەبایە، ئێستا هەمووەمانیان بەشیشەی سوورەوە کردبوو.

کاوە گوتی:

– دایکم ئەو ڕۆژانە لەهەموو کاتێک زیاتر ترسی ڕێ نیشتوە، هیچ دەزانی بەشەو مانگاکان سندم دەکا؟

مام هەیاس دەستێکی بەردێنی داهێناو گوتی:

– پیاو ئەگەر دوژمنی لە خۆی بە هێزتر بوو، دەبێ قورس و قایم خۆی لە قەباغ دا کۆ بکاتەوە . ئەوە پێت دەڵێم لەم دەورو زەمانەدا کەس شەریکی تێشکاوی نیە و دەبێ بابەکەم دەست بەکڵاوی خۆتان بگرن با نەیبا.

کاوە بەدڵێکی پڕ لەخەمەوە گوتی:

– ڕاستە باپیرە! بەلام جاری وایە لەحەسرەت باوکم دڵم دەگیرێ . ئەرێ بڵێ ی کەی ئێمەش ڕۆژمان دێ!؟

– بابەکەم ڕۆژ هەتا سەر لەبن هەوران دا نامێنێ. ئەوەی لەسەر سەبرانە لەسەر خێرانە ! هەنگێ دەست بەماڵەکەتانەوە بگرن و بزانین دوایە چمان دێتە پێش .

کاوە بەدەم سکالاوە گوتی :

– دایکم پێی داگرتووە، دەڵێ بۆ تفاقی زستانێ بەرەی پێڵکی دەفرۆشم . لەدۆینێیەوە هەرچی لەبەریدا شل و کوت بوومە بەقسەم ناکا .

– ئاگادارم . کوتومە جارێ دەست ڕاگرێ و بەرەکەی هەرزان فرۆش نەکا، تاکوو زستانێش خوا کەریمە، هەرچی هەمانە پێکەوە دەیخۆین . ئەوسا باسی هێندێک ڕۆنی بۆ کردم . ئەویشم پێ گوت، لە هیچ شوێنێک باسی نەکا. بێتوو ئاغا پێ بزانێتەوە ڕۆنەکەتان لەدەست دەردێنێ و بۆ زستانێ بەبێ چەورایی چاوتان پێ سپی دەبێ .

– قسەی تۆیە باپیرە! ئێستا هاوینەو دایکم پێی وایە هەر وادەمێنێ .

– ڕاستە !

لەکاتی قساندا بوون "قیتە"ی پیاوی ئاغای چەند جاران بەنێو ئاواییدا خولی خوارد، ئەوسا هات بەکۆخە کۆخ بەنزیک ئەواندا تێپەڕێ . مام هەیاس ڕوو بەکاوە کەمێک دەنگی هەڵێناو گوتی:

– چاوم باش نابینێ، ئەوە کێیە وا بەکۆکەکۆک دێ و دەچێ؟

– پێم وایە قیتەی پیاوی ئاغایە!

– قیتە!؟

– بەڵێ قیتە !

←

قیتە کەدووراو دوور کوێی لەدەنگی مام هەیاس ببوو، هاتەپێش و لەخوارەوە گوتی:

– قیتەم! مام هەیاس .ئەحوالت چۆنە ؟

قیتە هێندێکی دیکە هاتە پێشترو لەسەر بەرزایەک راوەستا . مام هەیاس پاش چاک و خۆشی لێی پرسی:

– قیتە ئیمرۆکە لەنێو دێی دیار نەبووی؟

– مام هەیاس، چوبوومە دێی سەریّ و لەخزمەت ئاغای بووم، کە ئێواریّ لەشار گەراوەتەوە .

– ئاغا، خەبەری شارانی چ دەگێراوە؟

قیتە هێندێک قسەکەی جووت و گوتی :

– جا بلێم چی، زیاتر باسی سەرکوتکردنی چەتەو رێگرانی دەکرد .

– باسی چی چەتان؟ لەکوێ ؟!

–وەک دەیگوت . لەبناری قەندیلی! گوایە ئەورۆژانە تاقمێک دەستیان بەرێگری کردۆتەوە .

– وەڵلا سەیرە!

– پێت سەیر نەبیّ، وەک دەیگێراوە، دەستەیەکیش رەش و رووت لەلای گیلان و مازندەران دەستیان داوەتە چەک و گوتویانە بەهرەی مالیکانە نادەین ؛ ئەویش دەوڵەت بەدەست و بردێک هەموویانی رەبێچەک داوە .

مام هەیاس و کاوە بەقسەکانی قیتە، دەتگوت بەخەنجەران لەشیان کون کون دەبیّ . مام هەیاس زوو بەفیتووی خۆی زانی و هەر بۆیە لەکۆتای قساندا گوتی :

– دەوڵەتە بابم ! کەرۆشک بەعارەبانە دەگریّ ! بیّ قەزابیّ ! رەش و رووتی خۆمان ئاسایی چ رێیان دەکەویّ دەلاق و لەتەری دەوڵەت و ئاغایان رۆبێن . بەدوای ئەم قسەیەدا، مام هەیاس کش و مات بوو... قیتە پاش قەدەرێک کەدیتی کەس نایهەویّ قسان بکا، زوو رێکای خۆی کێشاو لەبەر چاوان ون بوو. بەدوای رۆیشتنی قیتەدا کاوە هەڵیدایە:

– باپیرە، ئەم کابرایە دەبیّ بەو شەوە چی بەدەمەوە بیّ؟ وابزانم گۆی لەقسەکانی ئێمەش راگرتبوو؟

مام هەیاس ئاخێکی هەڵکێشاو گوتی:

– چ بکا بابەکەم ؟ شوفاریّ نەکا ناژیّ .

– باشە، مەبەستی لەچەتە و رێگران چ بوو ؟

– کورم ئەو ماستە بیّ موو نیە . ئەوانە شتێکیان بەدەمەوەیە، دەبیّ وشیار بین !

– پێت وانیە باوک و مام هەر زیندوون ؟

– ئەو خەبەرە وا دەگەیەنیّ. ئێستاش راکشیّ با بزانین خوا چمان لەگەڵ دەکا .

کاوە باری قسانی گۆری و بەتامەزرۆیی و نیوە پارانەوە داوای لە باپیرەی کرد، بۆ جارێکی دیکە بەسەرهاتی باب ومامەی بۆ بگێرتەوە ! مام هەیاس بەهۆگرمیەکی تەواوەوە رووی لەکچەزایەکەی کرد و گوتی :

– حەقتە، وەبیرت نایە . چونکە ساڵی قەرقەشەکە، ئەتۆ سیّ چوارساڵانە دەبووی و نەدەبووی ! عومرت درێژ بیّ کورم! گیا لەسەر پنجی خۆی دەروێ . لەرۆیشتن ، قسەکردن، رەوشت و قەڵافەتدا موویەکت لە باوکی خۆت لا نەداوە... باوکت پیاوێکی لێوەشاوەو جێگا متمانەی خەڵک بوو. لەشایی و شینان دوا نەدەکەوت بەدەنگی لێقەوماوانەوە دەچوو؛ لەمامەرەشەشت هەر مەپرسە کە چ پیاوێکی هەڵکەوتوو بوو...

ئەوکات «سەعدون»، ئاغامان بوو، ئەو بە ملهوری و پشت ئەستووری دەرک و دیوانی دەوڵەت و بەتایبەتی ژاندەرمە، ئاوری لەسەر پشتی فەقیرو هەژاران کردبۆوە . بێگاری، لێدان، جەریمەو دەرکردن، هەر وەک ئەم سەردەمە حەدو سنووری نەبوو؛ لەرق هەڵگرتندا وەک لۆک و لە قسەشدا هەر قسەی خۆی بوو، نەدەبوو بەدوو. هەر وەک ئیمرۆکە هیچ سرت و خورتێکی عالەمێی لێ شاراوە نەدەما . ئەو بەئاشکرا دەیزانی باوکت لەبنەوە خەریکی چیە، هەر بۆیە پربەدڵ رکی لێبوو. لە دەرفەتێک دەگەرا وەک مار پێوە دا، بەڵام کوردە بەدەمار بوو، گویی بە هیچ نەدەبزوت . قسەی خۆمان بیّ ئەویش بەتەنیّ نەبوو، بەڵکو پشت ئەستور بە تاقمێک خوێندەواری شارستانی بوو، کە لە بنەوە بە دژیّ دەوڵەت لە جمو جۆڵ دابوون ... مام هەیاس لەناخی ناخەوە هەناسەیەکی هەڵکێشاو درێژەی بەقسان داوە:

– ئێوارە بوو، گاران تازە داکرابوو، ژنان هێشتا لە پاتاڵ دۆشین نەببوونەوە «بایز»کورە جوتیارێک «فاتیّ»ی قەرەواشی ئاغای هەڵگرت وهێنابیە ماڵەکەی ئێوە .

فاتیّ لە منداڵییەوە لە ماڵی ئاغای گەورە ببوو، هەر وەک کچی ماڵیّ بەحیسیب دەهات . واتە بایزێکی کاڵە دەمیّ لە دەلینگی ئاغای رۆ هاتبوو؛ کچی لیّ هەڵگرتبوو؛ راستەو خۆش برد بوویە ماڵی کەسێک، کە ئاغا لە هەموو رعێتەکانی ناخۆشتر دەویست .

بەهۆی ئەم ژن هەڵگرتنە جەرەسی مەترسی لەبن کوێی کوردە زرینگاوە، بەڵام چارە نەبوو، بایز بەپیاوی زانیبوو، رووی کردبۆوە ماڵیّ . لەنەریتی کوردەواری دا وایە، ئەگەر ژنیان هەڵگرت و هێنایانە ماڵی پیاو، پەنادەر بێتوو سەریشی تێدا بچیّ، دەبیّ شانان وەبەرداو بە سەرو ماڵەوە پەنابەر بپارێزیّ .

کوردە بۆ ئەوەی لە سەری شەوێرا تووشی قەرقەشی ئاغا نەبیّ، زووتر لە شەوان چرای ماڵێی کوژاندەوە و بەرواڵەت خزینە نێو جێگا.

لەگەڵ کازیوەی بەیانی خەبەری رەدوا کەوتنی فاتیّ لەسەرانسەری ملکی سەعدونی گەرا . پێش ئەوەی کوردە پیّ رابگا خۆ لەماڵی ئاغای باویّ و داوای مەسڵەت بکا. کوێخا، پاکار و نۆکر بەدواوە، بەر دەرگایان لێگرت . کوردە دەستبەجیّ بەپیریانەوە چووەدەر و جڵەوی ئەسپی کوێخای گرت ، خولقی کرد دابەزیّ و بەر چایی بخوا، بەڵام کوێخا ئەوەندە پەس و نێوچاوان گرژ بوو، قسەی نەدەبیست و بەدڕدوێنی گوتی:

– کوردە ! خەبەر بەئاغا گەیشتووە ؛ بایز فاتیّی هەڵگرتووەو هێناوێتە ماڵی تۆ . ئێستاش ئەمری ئاغایەو دەبیّ هەر ئێستا هەر دووکیانم باڵ بەستە وەپێش بدەی !

کوردە نەیدەویست کارەکە چەواشە بکەویّ و لەسەرەخۆ گوتی :

– چۆن شتی وا دەبیّ !؟ بایزو فاتیّ منداڵی ئەم دێیەن و لەگەڵ ئێمە فرچکیان گرتووە؛ هیچ تاوان نیە! ئەوانیش وەکوو هەموو کور و کچێک یەکتریان خۆش دەویّ و دەیانەویّ پێکەوە بژین و...

کویخا قسەکەی کوردەی بری و گوتی :

بڕوانە لاپەڕەی ٤٨

ئەدەبی سوێدی

Sven Deablanc
1931-1993

# زێنەب و گوڵنار

وەرگێڕانەوە: قاسم. ر

نێوی زێنەبە ، ژنە جووتیارێکی فارسە ، دنیای ئەو کار و زاوزێ و مەرگە . زێنەب لە بەر هەتاوی بەتینی هاوینی درێژ، لە سەر خەرمانێ کار دەکا و ئازاری ئێش وەدەرد، ئامانی لێ بڕیوە ، بەڵام ددان بە جەرگی خۆیەوە دادەگرێ و بە داسەکەی خەریکی دروێنە دەبێ .

زێنەب دوو گیانە وپێی ناوەتە مانگ و ڕۆژی خۆی . هەمو شەوێک دە چێتە مزگەوت ولە بەر خودا دەپاڕێتەوە ؛ بەڵکوو منداڵێکی کوڕی بێ ، کوڕێک کە ڕێز و حورمەتی بە دیاری بۆبێنێ .

تیشکی خۆرە تاو، وەک بارانە ئاگرێکی سپی بە سەریدا دەبارێ و تووشی سەرەگێژەی دەکا ، ئێستا هەست بەوە دەکا سەراوی گەرم ولیچق بە قاچەکانیدا دێتەخوار . بەرە ژان وەک شەنە پشتی دەرزی ئاژن دەکا . چاوەکانی نووساندوە و داوێنی چارشێوەکەی بە ددان دەئەنجنێ ، چاوەنوارە بەرەژان کۆتایی پێ بێ . پاشان ، هاواری ژنە هاوساییێک دەکا و لەبن گوێی دە چپێنێ ودەڵێ :

– « فاتم ، ئێستە کاتی خۆیەتی ، یارمەتیم بکە بچمەوە ماڵێ ، بەڵام مەهێڵە پیاوەکان پێ بزانن ».

بە یارمەتی ژنە هاوساکە ، دەچێتەوە ماڵ ؛ لە بەر قورسایی لەشی ، پشتی چەماوەتەوە ؛ چاوە نوارە بکەوێتە سەر ژانی خۆی ، بۆیە جاروبار رادەوەستێ ، ژان هەر دێت و پتر دەبێ، لە بەر شالاوی ژان ، دوقەد بۆتەوە.

نێوی زێنەبە ، ژنە جووتیارێکی فارسە ، دنیای ئەو کار و زاوزێ و مەرگە .

منداڵان لە ماڵ دەردەکەن . زێنەب لە سەر کوتە نایلۆنێک درێژ دەکەن ، گیانی لە خوێندا سوور هەڵگەراوە ، بەو حاڵەش لە بەر شەرم و حەیا ڕوبەندی لە روی نەکردۆتەوە .

زێنەب ، کەوتە سەر ژانی خۆی ، بەڵام هەرچی هەوڵی دا و دەخۆیەوەنووسا ؛ منالەکەی نەهات... واوێدەچوو منداڵێکی درشت بێ ، بڵێی دوعاکەی قەبووڵ بێ و خوا کوڕێکی بە نسیب کا .

ژنە هاوسا ، لەبن گوێی سرتەییێک دەکا و دەڵێ:

– " زێنەب، پشووت لە سەرە خۆ بێ ، دەشقەم ئیشاڵلا منداڵەکە کوڕ بێ . "

بۆ ئەوەی زێنەب لە ژان رزگاریی بێ ، نووشتەییێک لە سەر سکی دادەنێ ، ئەو پەڕە قاقەزەی کە ئایەتی قورئانی لە سەر نوسراوە و نەخۆش لە ئێش و ئازاران دەپارێزێ . ژنە هاوسا ، دوایین هەوڵی خۆی دەکار دێنێ و مریشکێک دەکوژێتەوە ، بەری دەستی لە خوێنکەی دەنێ و بە ناوی ئیمامی پێنجەم ، دە سکی زێنەبی هەڵدەسوێ . ئەوسا زێنەب منداڵدانی لێک دەکرێتەوە ومناڵێک دێتە دنیا ، بەڵام مناڵەکە کچە .

کچێک پێی ناوەتە ئەم دنیایە ، کەبچێتە نێو جەرگەی ژیانی کار و زاوزێ و مەرگی ژنە جووتیارێکی فارس .

ئەو مرۆڤانە ، لە چینی هەژارو چەوساوەن ، بەڵام لە نێو ئەم چینەدا، شوێنی ژن لە ڕیزی هەرە خوارەوەیە ، هەر چەند پیاوخۆی ماف خوراوە ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەقی ئەوەی هەیە زوڵم لە ژنی خۆی بکا و مافی پێ شێل بکا.

مێردی زێنەب ، لە دەرێ هەڵتروشکاوە و دوکەڵ بە با دەکا. تەواوی ئەو ماوەیە ، بێ ئەوەی بە ناڵە و هاواری ژنەکەی، خۆی شلوێ کا ، بێ خەیاڵ دانیشتبوو .

وڵات بێدەنگە ، ژنە جیران ، دێتە دەر و لای پیاوەکە هەڵدەتروشکێ و چاوەڕوانە پرسیاری لێ بکا.

پیاوەکە ، بۆ ئەوەی هەستی پیاوانەی خۆی نواندبێ ، بە هێوری مژێک لە سیغارە کەی دەدا و لێی دە پرسێ :

ـ باشە ، منداڵەکە بوو بە چی ؟

ژنە هاوسا وڵام دەداتەوە :

ـ مخابن ، بوو بە کچ !

پیاوەکە ، سەرێک بادەدا و هەڵدەستێ و دەچێتە چایخانە . ئەو، بە هیچ لەونێک نابێ ڕێ بدا باسی منداڵ بوونەکە بێتە نێو قسەو باسان . چونکوو لە نێو پیاوان دا قسەوگفتوگۆ، ئەشێ لە بابەت شتێکی گرینگ و بە نرخ بێ ، نەک لە سەر بوونی کچێک .

ناوی کچە دەنێن "گوڵنار" ، زوو و هەر زۆریش زوو، لە نێو کارو ژیانی ژنانە دا پێ دەگرێ ، ئەو دەبێ فێری دروومان و قالی چنین ، و چێشت لێنان و سەماوەر تێهاویشتن بێ و کاتی نانخواردن سفرە بۆ باوک و براکانی ڕابخا.

ئەوان، پتر برینج یان دۆی ترش و خەیارو شووتی دەخۆن، هێندێک جاریش دەبێتە گۆشت ، چڵەوکەباب یان گۆشتی برژاوی مەڕ لەگەڵ

⬅

برینج ، یان له هه‌موان خۆشتر سه‌رو پێ یه ،كه له سه‌رو پێ و زمان و ورگ و جگه‌ری مه‌ڕ ساز ده‌كرێ و به نانێكی ناسكی گه‌لاگه‌لا ، ده‌یخۆن . كاتێک باب و برا له خواردن ده‌بنه‌وه ، نه‌ختە به‌رماوێ له خوارده‌مه‌نییه‌كه ، بۆ زێنه‌ب و كچه‌كه‌ی ده‌هێڵنه‌وه.

ئێستە ، گوڵنار كاتی خۆناسینێتی وده‌بێ چارشێوی ره‌ش كه جلێكی تایبه‌تی ژنانه به سه‌ر خۆی دادا . به زوویی كاتی شوو كردنی ده‌گا ، گه‌لێک جاران به زه‌ێنیدا دێ و له خۆ پرسیار ده‌كا : ئاخۆ ، كێ ده‌بێته مێردم ؟

زێنه‌ب ، هیچ ده‌سه‌لاتێكی نیه . ئه‌وه بنه‌ماڵه‌یه كه پیاوه‌كه‌ی بۆ هه‌ڵده‌بژێرن . به‌ڵێ ، له ئاكام دا ، "حه‌سه‌ن" كوڕی هاوسایه‌كیان بۆ هه‌ڵبژارد . گوڵنار ، به وه شوكرانه بژێره ، چونكه نیزیک بوو یه‌كی له‌وه بووده‌ڵه تری تووش كه‌ن . "ڕۆسته‌م كوڕی كوێخای گوند كه به ده‌ست سفلیسه‌وه . نه‌خۆشی باوی ناوچه‌كه . گرفتار ببوو ، داوای ده‌كرد .

به‌ڵام ، ئێستا سێبه‌ری نیگه‌رانییه‌كی تر دڵ وده‌روونی داگرتووه .

به‌ڵێ ، هه‌تا ئێستا ده‌ستی هیچ پیاوێک وه له‌شی نه‌كه‌وتووه ، به‌ڵام ، كێ له‌وه دڵنیایه كه گوڵنار كچێنی خۆی پاراستبێ ؟

له سه‌ر ته‌ختی بووک وزاوا قوماشێكی سپی ڕاخراوه ، ئه‌وه ئه‌ركی سه‌ر شانی بووكه ، كه ئه‌م قوماشه‌ی به خوێنی كچێنی سوور بكا و بیكاته به‌ڵگه‌ی نامووسی خۆی .

كاتێ حه‌سه‌ن په‌رده‌ی كچێنی گوڵنار لاده‌با ، هه‌ر چه‌ند ئازارێكی زۆری پێده‌گا به‌ڵام گوڵنار به‌وه زۆر ڕازیه ، چونكوو ئه‌م ئازاره پاک داوێنی و ڕووسووری ئه‌و ده‌رده‌خا .

به‌یانی ڕۆژی دوایه ، خه‌سوو و ژنه پیره‌كانی ماڵی حه‌سه‌ن دێن و له قوماشه‌كه‌ی ورد ده‌بنه‌وه ، ئه‌وان ، په‌ڕۆی ڕووسپێتی ده‌ست به ده‌ست ده‌گێرن و ته‌ماشای ده‌كه‌ن و به نیشانه‌ی ڕاست بوونی به‌ڵگه‌كه سه‌ریان ڕاده‌وه‌شێنن و پیرۆزبایی ده‌ڵێن و ئیدی له‌م كاته‌وه پێوه‌ندی ژن و مێردایه‌تی جێ ده‌گرێ .

گوڵنار ، ده‌چێته نێو ناخی ژیانی ژنه جووتیارێكی فارس ، ژیانێک كه بریتی یه ، له كار ، زاوزێ وكارو كوێره‌وه‌ری ...

كات خێرا تێده‌په‌ڕێ و وه‌رزه‌كان له چاوتروكانێک دا تێوه‌رده‌سوڕێنه‌وه ، لێره‌دا ته‌نیا ساڵ ژمێری گوڵنار ، منداڵه‌كانێتی . فلانه ساڵ بوو.. ئه‌فراسیابم بوو . ساڵێک به‌ر له (...) په‌روینم بوو . فیساره‌ساڵ بوو ... فلانه ساڵ بوو ...

ساڵه‌كان ، وه‌ک پوش و كای به با داكراوی به‌ر تیشكی خۆره تاو ، سپی هه‌ڵگه‌ڕاو؛ دێن و تێده‌په‌ڕن .

گوڵنار مردنی دایكی زۆر به‌زه‌حمه‌ت له یاده ـ له كازێوه‌ی به‌یانێک دا ، چوونه گۆڕستان و خوێندنی هێندێ دوعا و چه‌ند ئایه‌تێكی قورئان .

ساڵ دێته سه‌ر ساڵ ، گوڵنار له نێو حه‌مام دا سه‌یری له‌شی ڕووتی خۆی ده كا ، مه‌مكێكی چرچ و داچۆڕاو و ورده ده‌ماری شین تێ گه‌ڕاو؛ ده‌ستی ویشک هه‌ڵاتووی بادار كه ئه‌وانه گشتیان شوێنه‌واری سته‌می ڕۆژگارن . پێت وایه چه‌ند ساڵی ته‌مه‌نه ؟ خۆی ئه‌وه نازانێ؛ پێی وایه به زوویی ده‌بێته چل ساڵ ، به‌ڵام پیره‌ژنێكی ته‌واوه .

بیركه‌وه ، ئه‌گه‌ر بێتوو منداڵێكی تریشی بێ ! ئه‌سته‌غفیروڵڵا ، خوا ئه‌وه‌ی به ناڕه‌وا ده‌زانێ...

به‌ڵام خودای چاره نووس ، ویستی خۆی برده سه‌ر و گوڵنار جارێكی دیش سكی پرده‌بێ . له مانگ و ڕۆژی خۆی دا ،له سه‌ر خه‌رمان كار ده‌كا و تووشی به‌ره ژان دێ ، ژنه هاوسێ یه‌ک به هانایه‌وه ده‌چێ ، به‌ڵام ئه‌م جاره ئه‌سته‌مه خۆ بگه‌یێنێته‌وه ماڵ ، به‌ره‌ژان دێت و توندتر ده‌بێ و ده‌گاته ئه‌و په‌ڕی خۆی ، وه‌ک چۆن گاسنێک زه‌وی نه‌رم، دابڕ دابڕ ده‌كا؛ ئاواش ژان، كه‌مه‌ر ومنداڵدانی بڕگه‌بڕگه كردبوو .

هه‌ر چۆنێک بێ ، گوڵنار دێته‌وه ماڵێ و له سه‌ر كوته نایلۆنێكی ڕاخراو درێژ ده‌بێ ، گه‌لێک ناڕه‌حه‌ت و په‌رێشانه ، ژنه هاوسێ له‌م باوه‌ڕه دایه كه ده‌بێ به دوای ماماندا بنێردرێ ، به‌ڵام مامان ، له شوێنكی لێره‌وه دوورتر ده‌ژی و هه‌تا ئێستاش قه‌ت وا ڕووی نه‌داوه كه له كاتی پێویست دا بگاته جێ .

ئه‌مڕۆكه، كات زۆر به‌هێمنی ده‌روا ، ئه‌و كاته‌ی كه له ژیانی ژنایه‌تی گوڵناردا بریتی بوه ، له كار كردن و منداڵه‌به‌ری؛ هه‌میشه هه‌ر به‌په‌له تێپه‌ڕیوه ، به‌ڵام ئه‌مرۆكه هه‌تاو بێ جووڵه له ئاسماندا وه‌ستاوه . هاوكات له‌گه‌ڵ په‌ڕینی به كاوه‌خۆی زه‌رده‌په‌ڕ و ده‌نگدانه‌وه‌ی دوعای مه‌لا له سه‌رمینبه‌ر ، گوڵنار له سه‌ر ڕاخه‌ره نایلۆنه‌كه‌ی كه‌وتوه و خوێنی له به‌ر ده‌ڕوا .

مه‌یت نابێ زۆر بمێنێته‌وه؛ گه‌رمای نه‌حسی هاوین و شه‌یاتین ، ڕێی ئه‌وه ناده‌ن . كاتی بوومه‌لێڵی به‌یانی پێش ئه‌وه‌ی كار ده‌ستی پێ كردبێ ، له‌شی بێ گیانی گوڵنار ده‌شۆردرێ و له‌سه‌ر تابوتێكی ساده كه له سپیدار ساز كراوه ڕاده‌كێشرێ وبه كه‌ونه لێفه‌یێک ، داده‌پۆشرێ ، پاشان به شان ده‌یبه‌نه گۆڕستان ، مه‌لا ته‌ڵقینی داده‌دا ، جه‌ماعه‌تێک به ڕێزو حورمه‌ته‌وه ، بێده‌نگ ڕاوه‌ستاون و گوێیان داوه‌ته ئه‌م وشه قورس و دژوارانه‌ی زمانی عه‌ره‌بی .

بەم جوره ، مه‌یتی گوڵنار ده‌چێته ژێر خاک ، ئه‌م خاكه‌ی كه به ئاره‌قه و خوێن ، به كارو زاوزێ و مه‌رگی خۆی ، خزمه‌تی كردوه .

ته‌پۆڵكێكی كووڕ و ساكار له گڵ ساز ده‌كه‌ن و وه‌ک گومبه‌زێک به‌ردی له‌سه‌ر هه‌ڵده‌چنن . پاش به‌فر و بارانی زستان ، ته‌پۆڵكه‌كه ده‌شۆردرێته‌وه و ئیتر كه‌س نێوی گوڵناری به سه‌ر زماندا نایه و كه‌سیش ڕووداو و ژیانی ئه‌و ناگێرێته‌وه .

نێوی زێنه‌ب یان گوڵنار بوو ، ژنه جووتیارێكی فارس بوو، دنیاكه‌ی كار و زاوزێ و مه‌رگ بوو . ■

* سه‌ر چاوه : "Zahak" لاپه‌ره‌ی (٥٨-٥٣) به‌شی .III چاپی ساڵی ١٩٧٢

ئەدەبی گاڵتە

# چیرۆکی خۆماڵی

## «حەمەد»

مامەند

● ڕەنگە زۆر شار و باژێری کوردستان ، پڕ بن لە پیاوی قسەخۆش و نوکتە بێژ یان هەر لەو شارەی منی لێ دەژیم گەلێک حەمەدی هەڵکەوتە هەبن ، بەڵام پێم وانیە هیچ حەمەدێک بگاتەوە ئەو حەمەدەی کە من دەیناسم ئەو حەمەدەی کە لە گەڕەک و گوزەر وبازاڕدا ، پارسەنگی تەرازووی خەم و کەسەری کۆمەڵی کوردەواری یە. حەمەدی من بە ڕاستی دەبێ دەیان کتێبە چیرۆکی لەسەر بنووسرێ . یا خوا هەر بژی حەمەد ، بۆ قەد وکیپاڵت !

وەنەبێ قەد و کیپاڵی خێچ و خوار یان سەر وسەکوتی نا لە بار بێ؛ هیچ یەک لە ئازای بەدەنی ئەقوستان نیە ، بەڵام کە لە بازاڕی دەیبینی سەرت سوڕ دەمێنێ . کە دڕوا بە لای چەپدا دەشەلێ ، شانی ڕاستی لە شانی چەپی بەرزترە ، نە قەبەزەی سینگی دە گەڵ خوارەوەی دێتەوە ، نە پاشەڵی دەگەڵ تیغەرەی پشتی . ئەگەر نمای پێش و پاشەوەی لە گەڵ یەک تەراز کەی پێت سەیر دەبێ ، چۆن ئازای ئەو قەد و کیپاڵە لەسەر یەک جێ گیر بوون . لە چاوەکانیشی مەپرسە! چاوی چەپی مەیلەو خوارێ دەڕوانێ و چاوی ڕاستی بەرەو حەوای ، ئەوەش هیچ کە زمانی پسکە و جار جار دەگێرێ . ـ وەڵڵا بابە تەڕ ئەقوستان نیە ؛ جا ئەگەر ئەقوستان با چۆن دەبوو ... ئەگەر باوەڕم پێ دەکەی ئەوانە هەمووی پێوەندی بە کارەکەیەوە هەیە .

پێت وایە حەمەد چ کارە یە ؟ ـ هیچ . چۆن شتی وا دەبێ ؟ ـ ئەدی بە چی بەڕێ دەچێ . ئەکا بڵێی کابرایێکی سەهەندە و سەرسەری یە . نا ، شتی وا لە حەمەدی مە ناوەشێتەوە ، عیشایە خودای شک ئەبا ، لە پێکەنین و نوکتە بێژی ناکەوێ . مەلا مەزبوورەی گوزەر و بازاڕی شارەکەمانە . نە کابرایێکی خوێڕیلکە و قون بە گێچەڵ و بە شڵتاغە ؛ نەشەڕانی و گێرەشێوێن وقەرەچەناغ ؛ کە چی هەم پیاوی ڕووتەڵەی بازاڕی حیسابی لێ دەبەن و هەم تاجری کەڵەکەڵەی شاری .

ئەوەیکە حەمەد بە هیچ کارێکەوە خەریک نەبێ،ئەوەش ڕاست نیە. ئەو لە بەیانی هەتا ئێوارێ لە نێو بازاڕیدا دەخولێتەوە .ئیش و کاری حەمەدی کۆنە فرۆشیە ، هەڵبەت کۆنە فرۆشی دەستگێڕ ، باشترە بڵێین شانگێڕ چونکە کەلوپەلەکان، لەسەر شانی دەگێڕێ و دەیان فرۆشێ ، عادەتیشی نیە بە شتەکانی هەڵبڵێ ، ئەگەر بیهەوێ موشتەری ڕاکێشێ، دیبەکەی شانێکی بۆ هەڵدەتەکێنێ، ئەوە یانی شتی چاکە ...

ئەورۆ لە بازاڕی حەمە خرچەی ڕا کە دەچوومە مەیدانی مەنگوڕان ، حەمەدم دیت. کۆنە مافوورەیێکی کری هەوشاری بە سەر شانی داداوە و دەیەوێ بڕوا بۆ گوزەرێ . هەمووجارێ دیبام لێی دەخەفتام بزانم چ دەڵێ و چ دەکا . ئەو جارەش لە گۆشەپێک ڕاوەستام و لێی خەفتام. لەو دەمەدا کابرایێکی ئاماڵ گەڕاوەی وابزانم لای شارویرانی لە حەمەدی نیزیک دەبێتەوە ، واوێدەچێ موشتەری یە ، حەمەد سووکە شانێکی بۆ هەڵدەتەکێنێ... کابرا حەمەدی ناناسێ .

ـ ئەرێ براله ئەو مافورەیەی دەفرۆشی ؟

ـ ئەم

ـ بە چەندی بابم

ـ بۆ تۆ بە پێنسەتی

ـ حەللەلا ، ناوەڵڵا ، بە سێسەتی

ـ حەه، وشیار بە پوولەکەت با نەیبا...

ـ ئەدی چما پوولم دیوەتەوە

ـ کەیفی خۆتە خاڵە، ئەمن ڕۆیشتم .

حەمەد دوو سێ هەنگاو دوور بۆتەوە ، کابراهەرا دەکا: ـ « دە وەرەوەر، ئەوە بۆ دەڵێی فەرشی کاشانم پێ دەفرۆشی... ها ئەوە کردمە سێ و پەنجا.

ـ هەر ئەوەیە پێم کوتی

کابرای شارویرانی دیار بوو دڵی مافورەکەی گرتوە و حەمەدی بەرنادا؛ بۆیە ئاخر سەر بە پێنسەتەکە ڕازی دەبێ.

خەڵکێکی زۆر کۆ بۆتەوە ، حەمەد بزەی دێتێ ، کابرا پوولەکانی دەژمێرێ ، یەک ، دوو، دودوووو سێ ی ی ی... ها بابم دەبێتە دەی .

ـ بابم نایفرۆشم

ـ توخوڵا جا ئەوە قسەیە، ئەدی سەعاتێکە قومارم پێ دەکەی

ـ کورە خۆ خاڵە ئەو مافورەیە دووش ناهێنێ... بەڵام فکرم لێ کردەوە ئەگەر ئەوەی بفرۆشم ئەدی دوایە چ بکەم .

جا هەر بەڕاستی چ بکا ، شانی حەمەدی ئەوەی هەڵدەگرێ، شان بێ شت لە بازاڕی بخولێتەوە... ■

## سێڵاو هەستاوە*

ر . ئازاد

● لە سەر دەمی دەسەڵاتداری حەمەڕەزاشادا، ئوستاندار ی شاری ورمێ بۆ سەردان و لێپرسینەوەی سکاڵای خەڵکی ناوچەکە ، دێتە شاری مەهاباد. لە بەر دەرگای شارەداری خەڵکێکی زۆر کۆ دەبێتەوە، هەر کەس بە پێی توانا حەول دەدا بە شێوەیێک دەنگی خۆی بە ئوستانداری ڕاگەیێنێ، جا یان بە نووسراوە یان بە ئاودەنگی.

لە نێو نامەکاندا، ئوستاندار چاوی بە نووسراوەیێک دەکەوێ کە بە خەتێکی گەلێک خۆش نووسراوە. دەیخوێنێتەوە. بە کورتی ئاوا نووسرابوو : « لە ماڵی ئێمە سێڵاو هەستاوە ؛ دەستم بە لایێکی ناتەگتان بگەنێ » .

ئوستاندار کە دەیخوێنێتەوە زۆری پێی سەیر دەبێ ، لە گەڵ ئەوەی کە خەتەکەی بە کەیف دەبێ و شێوەی نووسینەکەشی پێ تازە دەبێ ، لە شارەداری مەهاباد دەپرسێ : ئەرێ خاوەنی ئەم نووسراوەیە کێیە ؟

شارەدار کە نامەکەی دەخوێنێتەوە و چاوی بە نێوی نووسەرەکەی ←

دەکەوێ ، دەڵێ: بەڵێ قوربان دەیناسم ، ئەوە قسەکانیشی وەک خەتەکەی خۆشە. ئوستاندار فەرمان دەدا بانگی کەن. کە کابرای لە نێو حەشیمەتەکە دەبیننەوە ، بە نیگەرانی یەوە لە حەوت خانی ڕۆستەم تێپەڕ دەبێ و دەچێتە ژوورەوە.

ئوستاندار : وەک بزانم بەو زوانە لەو مەڵبەندە سێلاو نەهاتووە ، بۆ نووسیوتە لە ماڵی ئێمە سێلاو هەستاوە.

ـ قوربان ، کوڕێکم هەیە دایکی پێی دەڵێ سێلاو! زۆرپیشمان خۆش دەوێ ، جا هەموو بەیانان کە دەست دەکا بە گریان ، تێکڕا دەڵێن : هەڵێن سێلاو هەستاوە! ئەوە یەک ، دوامینیش ئەمن دوو ژنم هەیە هەر بە نۆ مانگان منداڵێکیان دەبێ ! وەزعی دەغڵ و دانیشمان ئەو ساڵ هەر لاب خراپە ، ئەی سێلاو هەستان چۆنە؟ ئوستاندار و دەور و بەری لە قاقای پێکەنین دەدەن.

ئوستاندار : چەند منداڵت هەیە؟

ـ یازدە

ـ یازدە مناڵ! بۆ خۆت و ژنەکەت و یازدە مناڵ دەبنە چاردە کەس .

ـ نەخێر قوربان ، پازدە چونکە دوو ژنم هەیە .

ـ جا منی ئوستاندار ژنێکم هەیە بۆم ناحاوێتەوە ، ئەی تۆ چۆن دوو ژنت پێ بە خێو دەکرێ؟

ـ قوربان ، خوا کەریمە ئەویش بنێرە بۆ من ! ئەگەر سێلاویش هەستابێ، سێیم پێ هەر دەحاوێتەوە !

ئوستاندار بە تێکەڵاوێک لە پێکەنین و توڕەیی دەستوور دەدا : پێنج تۆنی گەنم بۆ بنووسن و بیدەنێ .

*« لە دەفتەری قسە خۆشێکی مەڵبەندی موکریان » .

❀❀❀❀

✉ یۆتەبۆری: کاک ئەحمەد ساڵح ، نامەکەت وێڕای پارچە شێعری « شار » هی شاعیری ئەمر کاک سوارەی ئیلخانی زادە گەیشت و بوو بە هۆی خۆشحالیمان. هەرچەند بەرهەمەکانی کاک سوارە لە زۆربەی گۆڤارە کوردیەکان بلاوبوونەتەوە ، لە گەڵ ئەوەشدا ئێمەش لە دەرفەتی پێویست بلاویان دەکەینەوە .

## ❒ کتێبفرۆشی هەرزان Kitab Arzan

تائێستا ئەو بەرهەمانەی بە چاپ گەیاندوە و بلاوی کردۆتەوە:

١ـ هێمن و من (چاپ) ٢ـ بزەی خوێن ، نووسەر : هێرش

٣ ـ بادانەوە یا پێ چەقاندن(چاپ) نووسەر: ح ـ گەوهەری

٤ ـ کۆمەڵە شاخێ بەرزو ... (چاپ) نووسەر: کوردان

٥ ـ گزینگ ژمارە ١ پاییزی ١٩٩٣

٦ ـ ڕەوشی ئایینی و نەتەوەیی لە کوردستاندا (٢٦٤ ل) ، ( مافی فرۆش) ، نووسەر: ڕەشاد میران

٧ ـ جنبشهای کرد از دیرباز تا کنون(٩٤ل) ، م. کاردخ ( محل توزیع ، مرکز پخش کتاب ارزان )




## ○ کتێب بەسەر کردنەوە

کتێبی : « کۆمەڵە شاخێ بەرز و... » نووسینی « کوردان » لە لایەن «کتێبفرۆشی هەرزان »(Kitab Arzan) ، بە چاپ گەیوە و ئامادەی فرۆشە. (قەوارەی مام ناوەندی ، ١٨٦ لاپەڕە.)

من بۆخۆم ئەو ڕۆژانە کتێبەکەم پێ گەیشت. درۆنەبێ یەکەم جار نا ، بەڵام یەک دوو ڕۆژ دواتر ، کتێبە شینم هەڵگرت. وردەوردە پێیدا هاتم و لێی ڕاهاتم و لە گەڵ «فەخرە » هاتم... جارناجاریش سیغارێک و چایەک ... زۆر زوو « فەخرە »م کەوتە بەر دڵی. ئەویکە ئاوا پیاوانە لە چنگ ژاندەرمان دەرباز دەبێ ، سەرەڕای ئەو کارەساتەی کە بە سەری دێ، زۆری خۆشحاڵ کردم ، لەویش خۆشتر ئەوەبوو کە فەخرە توانی لە هەزاران خانی ڕۆستەم تێپەڕێ و خۆی بگەیێنێتە ئوروپایە ...

لێرە بەو لاوە دەتگووت دەمێکە فەخرەی دەناسم ، ئاگام لە تەواوی حەرەکات و سەکەناتی بوو ، گوێ قلاغ بووم بزانم چ دەکا . شێوەی کارکردن و ئاکاری ، هەڵسوکەوت وڕەفتاری، وەک هەموو پەنابەرێک ئاسایی دەهاتە بەر چاو ... ئەوەیکە جار جار قسەیێکی دەپراند، وەسەر خۆم نەدەهێنا و تێدەپەڕیم... تا وەکوو لە گەڵ «برینۆ »دەبێتە ڕەفیق و چاوی بە کەچە تفەنگەکەی دەکەوێ ، ئیتر لێرە بەو لاوە زانیم فەخرە شتێکی بە دمەوەیە . « تۆ بڵێی خوایە موعجیزەیێک ڕوو بدا و فەخرە لە کەری شەیتانی بێتەوە خوارێ» ...هەر بریا ئەو «برینۆ»یەت نەدیبایە، تۆ چۆن پیاوێکی؟! کوڕە ئەڵکۆڵێکی بێ سەر و شوێن نەجات دەدەی و ... کە چی دڵت بێ «هەنار»ی شۆخ و شەنگ ، تەنیا یادگاری «سۆیبە»ی خۆشەویستت ...زۆر جار دەتگووت لە پەنامە و دەمەوێ دەستی بگرم ، بڵێم کوڕە فەخرە ئەمن کردم ئەتۆ نەیکەی ... ئای فەخرە ، ئێستاش هەر وڕوکاسم تۆ بۆ وات کرد ...

دیارە لێرەدا نەمویستوە وەک ڕەخنەگرێک ـ کە نە ئەو شارەزایی یە دەخۆمدا شک دەبەم و نە ئەو وردبینی یە ـ کتێبی « کۆمەڵە شاخێ بەرز و ... » هەڵسەنگێنم . بەڵکوو تەنیا ویستوومە ، گرینگی بابەت وچۆنیەتی کارتێکەری و هەروەها هێز و توانای قەڵەمی نووسەر کاک کوردان دەست نیشان کەم و بڵێم ئەگەر نەتان خوێندۆتەوە بیخوێننەوە. مالم هەقە وا ت لێ دەکا حالی بە حالی بی... بۆیە ئەگەر دەستم وێراگەیشتبایە ، چەپکە گوڵێکی کوێستانی چل چەمەم بە دیاری دەدایە بەڵام چ بکەم جگە لە پیرۆزبایی لێیان و ئاواتی سەرکەوتن بۆیان ، هیچم لە دەست نایە . « هێرش » ■

Kitab Arzan

## کتێبفرۆشی هەرزان




ئەو کتێبانە بە زوویی لە لایەن کتێبفرۆشی هەرزان دەکەونە ژێر چاپەوە:

* ئاسکە کێوی و باڵندەکان : نیما یوشیج. و:ب لاوێن
* ئامانجی ئەدەبیات:ماکسیم گورکی. و: ڕەحمان سۆفی
* کوردەکان،تورکەکان، عەرەبەکان : ئەدمۆنز. و:ح گەوهەری
* نیاکان باستانی کردها (فارسی): ج مفرد
* دیوانی شێخ ڕەزای تاڵەبانی : ئامادەکردنەوەی ، ناسر ئیبراهیمی
* (سوئێدی)ڕەحمان سوفی Den Kurdiska Repabliken

ژیان بە دەم زریانەوە (٢١٥ل ): ڕۆمانێکی تازەیە لە سەر ژیان و خەباتی ئافرەتی کورد


## ئەو کتێبانە لە کتێبفرۆشی هەرزان داوا بکەن:


















# GZING

The Cultural - Literary Kurdish Magazine
No,1. November, 1993.

